گفتوگۆ

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی

# گفتوگۆ

کۆمەڵە گفتوگۆیەکی ئەدەبیی و هونەرییە

لە عەرەبییەوە: شۆڕش محەمەد حسێن

**سلێمانی**

**٢٠١١**

زنجیرەی کتێبی گۆڤاری هەنار

ژمارە (٣١)


**گفتوگۆ**

- وەرگێڕانی: شۆڕش محەمەد حسێن
- بابەت: کۆمەڵە گفتوگۆیەکی ئەدەبیی و هونەرییە
- پیتچنی: نووسەر
- هەڵەچنی: کارزان عەبدوڵلا
- نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: پەیام ئەحمەد
- سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵلا
- قەبارەی کتێب: ½ A4
- ژمارەی لاپەڕە: ١٢٢
- زنجیرەی گشتیی کتێب: (٧٩٠)
- تیراژ : (٥٠٠) دانە
- چاپ: چاپخانەی کەمال
- نرخ: (١٥٠٠) دینار
- ژمارەی سپاردنی (١٨٨٧)ی ساڵی ٢٠١١ی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

**بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**
**گردی ئەندازیاران- بەرامبەر کوردستانی نوێ**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩**



## محەمەد ماغوت:

### بەندیخانە کردمی بەشاعیر...
### وای لێکردم مانای ژیان و ژن و ئازادیی و ئاسمان کەشف بکەم.

سازدانی: عەبدە وازن

لە ٩ی ئازاری ئەمساڵ و لە دوبەی لەسەروەختی رۆژانی ئەو ئاهەنگەی کە دەزگای سوڵتان عەویس بۆ بەخشینی خەڵاتەکانی بەسەرکەوتووەکان سازی کردبوو، کە ماغوت یەکێك بوو لەوانە، محەمەد ماغوتم بینی. ئەوکاتەی هەواڵی مردنەکەشی بڵاوبووەوە، خەریکی دوا پاکنووسی ئەو گفتوگۆیە بووم کە لە ژوورەکەیدا لە ئوتێلەکە لەگەڵیدا سازم کرد. پێدەچێت رێکەوتێکی قەدەرییانە بێت کە ئەم گفتوگۆیە



دەکاتە دوایەمین گفتوگۆیەك کە شاعیری گەورە سێ هەفتە لە پێش کۆچکردنی سازی بکات... ئەمەش گفتوگۆکەیە کە هاوپێچە لەگەڵ پێشەکییەکی پێویست:

محەمەد ماغوت جیهانە تایبەتەکەی بەرەو ژوورەکەی لەو ئوتێلە هەڵگرت کەسێ رۆژ تێیدا مایەوە... کە لەلایەن دەزگای عویسەوە بانگێشتکرابوو بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتەی کە سەرکەوتنی پێ بەدەستهێنابوو. ئەو جیهانەی کە لەماڵە دیمەشقییەکەی خۆی خوڵقاندبووی گواسترابووەوە بۆ ژوورێك کە پێویستی بەوە نەدەکرد زیاد لە چەند هەنگاوێك بڕوات. بەتایبەت کە رۆشتنی لە دەرەوەی ژوورەکەی یاخود ماڵەکەی ئاڵۆز ببوو. لە رێڕەوی ئوتێلەکە ماغوت بە کورسییەکی جوولاو دەگوێزرایەوە کە پزیشکە گەنجەکەی کە ناوی (محەمەد بدور) بوو (کە خوشکەزاشی بوو) سەروکاری دەکرد، ئەوە ئەو چەند ساتە کەمانە بوو کە لە دەرەوەی ژوورەکە تێیدا دەرکەوت، جگە لە ئاهەنگی رێزلێنانەکە، محەمەد ماغوت بەڕاستی پیاوێکی بەتوانابوو، رۆحی تا ئێستاش لەوپەڕی وریاییدا بوو، شاعیرێکی پڕاوپڕ تووڕەو ناڕازیی و یاخیی بوو، لە تەمەنی ٧٢-یشدا هێشتاکە لە رووخساریدا وێنەی منداڵێك دەبینرا، شاعیری (خەمێك لە رووناکی مانگدا) سوورە لەسەر نووسین هەرچۆنێك بێت، بە دەستە لەرزۆکەکانی وتارو دەق و قەسیدەکانی دەنووسێت بێ ئەوەی جیاوازیی بکات لەنێوانیاندا. وەك خۆشی دەڵێت: "تا دوایەمین هەناسە بەردەوام دەبێت لەسەر نووسین، تەنانەت ئەگەر خۆشی دووبارە بکاتەوە". نووسین لای ماغوت تاکە شوێنێکە لێوەی بڕوانێتە ژیان و بزوێنەری هەمیشەییەتی بۆ ئازادیی و رەتکردنەوەو ناڕەزایەتی و سەرجەمی ئەو شتانەی کە باوەڕی پێیەتی. بەهیچ شێوەیەك لە مەرگ

ناترسێت و له نزیکەوه ئاشنایه پێی. مردن بەلایەوه بریتییه له دابڕان له نووسین.

له ژوورەکەی و له ئوتێلەکەدا محەمەد ماغوتم بینی. یەکەمین پێودانگ که لەلای میوانەکانی دروست دەبێت، ئەوەیە کە شاعیر گۆڕابێت، بەڵام بەبێ ئەوەی مەزاجی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبێت کە هەمیشه پێی ناسراوه، لەگەڵ حەماسەت و هەست و سۆزە بێهودەکانی بۆ رۆژگارو مێژوو، کە ئەمانە هیچیان قابیلی گۆڕان نین لەلای... پێکەکان هەمیشه لە دەستەکانی نزیك بوون و جگەرەش هەرگیز پەنجەکانی جێناهێڵێت، لەسەر مێزە گچکەکەی تەنیشتیشی کۆمەڵێك قاپ هەبوون کە خواردنی سووکەڵەی تێدا بوو. ئەمە ئەو (سرووتە)یە کە ماغوت لە دەرەوەی ماڵەکەشیدا ناتوانێت دەستبەرداری بێت.

دەنگی هەر هەمان دەنگی جاران بوو، کەم قسەکردنیش هێشتاکە تاکە رێگایەکی بوو بۆ گوزارشتکردن. بەکەمیی بێزار دەبێت و لە پاشان حەماسەتی بەدەست دێنێتەوەو پشت بەیادەوەرییە پرشنگدارەکانی دەبەستێت. ئەم شاعیرە کە جوانترین پەخشانە شیعرییەکانی بەرێکەوت نووسی و قوتابخانەیەکی شیعریی دروستکرد بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، شاعیری ئایندەیە بەهێندەی ئەوەی کە شاعیری واقیع و هەنووکە بێت. شیعر لە ژیانی خۆی و لە ئازارەکانی و گۆشەگیریی و لەو ترسەی کە هەر زوو لە بەندیخانەدا دۆزییەوە لەگەڵ ئەو شەقامەی کە زۆر شتی لێوە فێربوو، لەلای بەدەرکەوت.

داناییە زۆرەکانی بنەمایەك بوون بۆئەوەی شیعری تێدا دەربکەوێت. ئەمە سەرەڕای رۆشنبیرییە خاکییەکەی وەك خۆی دانی پێدا دەنێت، ماغوت شاعیرێکە کە دەنگی لەو دەنگە کەمانەیە کە لە شیعری



تەقلیدیی دەرچوو لە رووی فۆڕم و بابەتەکانییەوە. شاعیرێك کە خەمی سەرەکی ئەوە بوو ناڕازیی و دژ بێت، بەڵام شیعرەکانی تا ساتێکیش بەدەر نەبوو لە هاوسۆزیی تەمومژو رەهەندی تراژیدییانە و بەشێك لە ئیستاتیکای زمانەوانیی. ماغوت توانی زۆرێك لەو شاعیرانە بەلای خۆیدا کێش بکات کە بەدوای ئەودا هاتن، چ بەکاریگەربوون پێی، یاخود بەلاساییکردنەوەی. دیوانەکانیشی بەتایبەت سێ دیوانە سەرەتاکەی، گرنگی خۆی هەبوو، بە واتای سامناکیی ئەو شیعرەی کە لە قووڵایی ئەزموونە زیندووەکانەوە دەرەوشانەوە، زۆر ئاستەمە گفتوگۆ لەگەڵ ماغوت بکەیت. بەخێرایی دان بەوەدا دەنێت کە بێزار بووە لە گفتوگۆ رۆژنامەوانییەکان و وا دەبینێت ئەو شتانەی کە وتوونی بەس بێت و هیچی تازەی لا نەماوە بیڵێت، بەڵام ئەوکاتەی دەست دەکات بە وەڵامدانەوە، ئەو قسانە بەدی دەکەیت کە پڕاوپڕن لە شتی نوێ و پێکەنیناویی و تراژیدییانە، وەڵامەکانی وەك نەریتی خۆی کورتن، چونکە ئەو حەزی بە درێژدادڕیی نییە، قسەکانی بەخێرایی دەکات و ئەو کەسەشی کە گفتوگۆی لەگەڵ دەکات پێویستە لەسەری بەخێرایی بیقۆزێتەوە تاوەکو نەکەونە خانەی فەوتاندن.

*** تائێستاش رقت لە گفتوگۆی رۆژنامەوانیی و پرسیارو وەڵامە! بەبۆچوونی تۆ چۆن دەتوانین ماغوت بێنینە دواندن؟**

- بەسۆزدارییی... پرسیارو وەڵام تا ئێستاش ئاسایش و پیاوەکانیم بیر دەهێننەوە... هەروەك چۆن قوتابخانەو مامۆستام یاد دەهێنێتەوە... منیش هەر لەکاتی مێردمنداڵیمەوە رقم لە قوتابخانەیە و هەر زووش دەستبەرداری بووم.

*** وەرگرتنی خەڵاتی عویس بەلای تۆوە چی دەگەیەنێت، پێت وانییە درەنگ درایە تۆ؟**

- خۆشحاڵی کردم... ئەوەم بەلاوە گرنگ نییە کە درەنگ درایە من... هاوشێوەی خۆشحاڵی منداڵێك بە تۆپ خۆشحاڵی کردم.

*** ئەی بەو سەدو بیست هەزار دۆلارە چی دەکەیت؟**

- بەشێکی زۆری لە کڕینی دەرماندا خەرج دەکەم.

*** ئەی کاروبارە بچووکەکانت، یاخود چێژە بچووکەکانت؟**

- هیچ چێژێکم نەماوە... تەنها پێك و جگەرە نەبێت، لەگەڵ چاوەڕوانیی... هەروەها چەند هاوڕێیەکی کەمیش کە خۆشم دەوێن و ئەوانیش منیان خۆشدەوێت... دان بەوەدا دەنێم کە من بەم شێوەیە خۆشحاڵم و ئارەزووشم بۆ هیچ شتێکی تر نەماوە... تەنانەت ئارەزووم لە خەڵاتی نۆبڵیش نییە، پێم وایە خەڵاتی عویس لە ئامانج و بنەماکانی، راستگۆترە لە نۆبڵ.

***چیرۆکی شانۆگەریی (هەستن و دانیشن) چییە کە لە دیمەشق نمایشکرا، دەڵێن تێیدا هێرش دەکەیتە سەر بەیروت؟**

- ئەوان زیادەکارییان تێدا کردبوو... من سەرجەمی دەقەکەم نەنووسیبوو... تەنانەت نمایشەکەشم نەبینی. من بەیروت دەپەرستم ئەی کەواتە چۆن هێرشی دەکەمە سەر... من لەوکاتەی کە زیادەکارییان کردبووە سەر دەقەکە، لە نەخۆشخانە بووم، من هەرشتێك رووبدات هێرش ناکەمە سەر بەیروت.

*** هەمیشە باس لە شاعیرێك دەکەیت بەناوی (سلێمان عەواد) و بە یەکێك لەوانەی دادەنێیت کە کاریگەر بوویت پێی! چیرۆکی ئەم شاعیرە نەناسراوە چییە؟**



- سلێمان عەواد شاعیرێکی سورییە کە زمانی فەڕەنسی خوێندووە، من وەك کەسێتی زۆرم خۆشدەوێت و هەندێك لە شیعرەکانیشیم خۆشدەوێت، هاوڕێم بووە... بەڵام گەشەی بە خۆی نەدا... بەهەژاریی مردو تاکو ئێستا خۆشمدەوێت و بەسەرسامییەوە باسی دەکەم.

*** ئەوکاتەی لە گۆڤاری (شیعر) بۆ یەکەمجار بەشداریت کرد، هەندێك دوای ئەوەی گوێیان لە قەسیدەکانت بوو بە دەنگی ئەدۆنیس و بە شاعیری فەڕەنسی "رامبۆ" شوبهاندیانی! رات چییە بەرامبەر بەم شوبهاندنە؟**

- لەو کاتەدا ئەم شوبهاندنەم بەلاوە گرنگ نەبوو... "رامبۆ"م نەدەناسی و هیچ قەسیدەیەکیشم نەخوێندبووەوە... بەبیرم دێت شاعیرو رەخنەگرێکی ئوسترالی وتی: "ئەگەر چوار یاخود پێنج شاعیری گەورە لە جیهاندا هەڵبژێرین ئەوا ماغوت یەکێك دەبێت لەوانە". ئەم ئوسترالییە بێگومان بەرهەمەکانی منی بە زمانی ئینگلیزی خوێندبووەوە... شاعیرێکی دیکەش هەیە بەناوی "جان عصفور"، کە بە رەگەز عەرەبە. وادەبینێت شوناسنامەی شیعری من جوانترینیانە، مەبەستیشی ئەو رستەیە بوو کە لە یەکێك لە قەسیدەکانمدا هاتووە کە دەڵێت: "لێت بێزاربووم ئەی شیعر، ئەی لاکە گەنیوە نەمرەکە".

*** هەست بەچی دەکەیت ئەو کاتەی شیعرەکانت بەوەرگێڕدراویی بۆ زمانە بیانییەکانی تر دەبینیت؟**

- هیچ بەلامەوە گرنگ نییە... خودی ناوبانگی بەلامەوە گرنگ نییە... منیش هیچ زمانێکی بیانیی نازانم.

*** بەڵام شاعیرەکان هەمیشە لە رێگەی وەرگێڕانەوە هەوڵ بۆ جیهانیبوون دەدەن؟**

- جیهانیبوونم بەلاوە گرنگ نییە... بۆ نموونە بەلای ئەدۆنیسەوە گرنگە پاشان دەڵێم هەر قەسابێك دەتوانێت ببێتە جیهانیی با ژنەکەی سەر ببڕێت... ئەم ڕێگەیە وەك ڕێڕەوێك بۆ جیهانیبوون دەخەمە ڕوو.

*** پەیوەندیت لەگەڵ ئەدۆنیس بەکوێ گەیشتووە؟**

- لەم دواییانە ئاشتبووینەوە... ئەو کاتەی لە نەخۆشخانە بووم پەیوەندیی پێوە کردم و پێی وتم: (شیعربخۆرەوە و بەشیعر تێر ئاومان بکە). زۆربەی کێشەکانم لەگەڵ ئەدۆنیس خەتای من بوو، وەك هەموان دەزانن (رياض الريس) ئەدۆنیسی خۆش ناوێت، جارێکیان لە ڕۆژنامەی (المنار) کە رياض بڵاوی دەکاتەوە، گفتوگۆیەکی منیان وەرگرت کە بەتوندیی هێرشم کردە سەر ئەدۆنیس کە ئەوکاتە سەرخۆش بووم.

*** ئەی خالیدە سەعید، کە خوشکی ژنەکەتە؟**

- زۆرم خۆشدەوێت، جارێکیان پێی وتم: "چاوت زۆر لەسەرە و خەڵکانێك هەن کە هەوڵدەدەن لەناوت بەرن"... هەروەها وتی: "تۆ گەورەترین شاعیری عەرەبی، لە ڕابردوو و ئێستاو ئایندەش".

*** هەست بەوە دەکەم ڕقلێبوونەوەت نارەوێتەوە؟**

- ڕقلێبوونەوە لە خۆشەویستی ئاستەمترە، ئەمە پەندێکی تایبەت بەخۆمە.

*** ئایا ڕقلێبوونەوەو گاڵتەجاڕیی لەو ڕەشبینییەت کەمدەکاتەوە کە پێی دەناسرێیتەوە؟**

- نەخێر، ڕەشبینیی بە تەنها ئامادەبوونی خۆشەویستی و ژن کەمیدەکاتەوە... هەروەها هەستکردن بە ئازادیی و خۆشەویستی خەڵك بۆم... ئەوکاتەی لە شەقامەکاندا بەجلوبەرگە ئاساییەکەی خۆمەوە دەڕۆیشتم خەڵك بەسەرسوڕمان و خۆشەویستییەوە سەیریان دەکردم...



قسەکانم هەرچییەك بووایە خەڵك بە خۆشەویستییەوە گوێیان دەگرت... جارێکیان ئافرەتێکی باڵاپۆش لە شەقامێکدا رایگرتم و پرسیاری ئەو دەستەی کرد کە پێی دەنووسم و ماچی کرد... جارێکیشیان "طلال حيدر"ی شاعیر لە بەردەممدا کڕنووشی بردو دەستی کرد بە ستایشکردنم، هەروەها خوشکی ژنەکەم (رامة فضة) جارێکیان دیوانێکی ئەدۆنیسی فڕێداو وتی: (ماغوت خوداوەندی شیعرە). "یوسف خال"یش وتی: "ماغوت وەك خوداوەندێکی گریکی هاتە خوارەوە بۆمان.

*** پێدەچێت حەزت بە ستایشکردن بێت؟**

- بەرگەی ستایش و تەنانەت ئیهانەکردنیش ناگرم.

*** لە منداڵیی خۆت لە گوندی "سلمية" چیت وەبیرماوە؟**

- لە "سلمية" لەدایکبووم و مێردمنداڵیم تێدا بەسەر برد... خەونم ئەوە بوو کچی مامەکەم یاخود خاڵەکەم بخوازم و منداڵ بخەینەوە. ئەمە خەونی مێردمنداڵیم بوو... بەڵام قەدەری من ئەوە بوو کە "سینە" بخوازم.

*** لە ڕووخساری دایك و باوکت چیت بەبیر دێت؟**

- دایکم وەك پیاو بەهێز بوو، هەرخۆشی ئێمەی بەخێو کرد... ئەو برینەشم وەبیر دێت کە قاچەکانی گیرۆدە کردبوو، نەیدەتوانی چارەسەری بکات... کە لە گەنجێتیدا دووچاری ببوو... دایکم گاریگەرییەکی زۆری لەسەرم جێهێشت... زۆر جوان و ئەفسوناویی بوو... بەڵام باوکم سادەترین پیاو بوو، پیاوێکی بێوەی بوو کە لە کێڵگەکاندا کاریدەکردو بەدرێژایی ژیانی بەهەژاریی مایەوە، بەقەرزداریی ژیاو بەقەرزداریش مرد. ئێمە هەمیشە پەتاتەمان دەخوارد کە لە کێڵگەکانەوە دەمانهێنا... ڕووخساری جوانی دایکم وەبیر دێتەوە، لەگەڵ سۆزو لە هەمان کاتدا توندوتیژییەکانیشی. جارێك لە دیمەشق سەردانی کردم، ئەو کاتەی لە

تەمەنی هەشتا ساڵیدا بوو، هێشتاکە بەشێك لە جوانییەکەی کۆنی پاراستبوو، ئەو دەمەش کە لە (المزة) بۆ یەکەمجار بەندکرام دایکم هات بۆ لام و سەردانی کردم و لەودیوی تەلبەندی بەندیخانەدا گفتوگۆمان کرد.

*** ئەی سەبارەت بە خوێندنەکەت کە رقت لە قوتابخانە بوو؟**

- قەدەر گەمەی خۆی کرد... لە گوندنشینێکی هەژارەوە بوومە قوتابییەك لە قوتابخانەی کشتوکاڵی (غوطة) کە قوتابییەکانی بریتی بوون لە "ئەدیب شیشکلی و ئەنوەر سادات و سەدام حوسێن"... تۆبڕوانە ئەمانە تێیدا خوێندوویانە.

*** ئایا بەڕاستی زانستی کشتوکاڵت خوێند؟**

- کەمێکم خوێند... بیرم دێت مامۆستایەکی فەڵەستینیمان هەبوو بە ناوی (رفول خوام) کە زۆر توندوتیژبوو... جارێکیان ١٩ لە ٢٠ی دامێ بێ ئەوەی یەك پرسیارم لێ بکات... پێدەچێت وەك رێزلێنانێك بووبێت لە تواناییەکانم... حەزم لە بێدەنگییەکانی بوو، پێدەچێت هەر لەوەوە فێری ئەوە بووبم کە چۆن بێدەنگ بم، بەڵام هاوپۆلەکانم حەسوودییان بەم پەیوەندییە دەبرد.

*** بەڵام تۆ بەردەوام نەبوویت لە خوێندن؟**

- بەڕاکردن لە قوتابخانە هەڵاتم و لەو کاتەوە قوتابخانەم تەواو نەکرد.

*** ئەی چیرۆکی ئەو بەندیخانەیە چییە کە یەکەمجار چوویتە ناوی؟**

- ساڵی ١٩٥٥ خرامە بەندیخانە بەهۆی ئەوەی کە ئینتیمام بۆ پارتی میللی هەیە!

*** ئایا حزبیی بوویت؟**

- نەخێر، من حزبەکانم خۆش ناوێت... من کەسێکی تەنهام و هەمیشە حەزم بەتەنهاییە.



*** ئەی سەبارەت بە پارتی میللی؟**

- بەبێ ئەوەی پرەنسیپەکانی بخوێنمەوە چومە پارتی میللی... کوڕێکی هەژاربووم و پێویست بوو کە پەیوەندیی بە کۆمەڵەیەکەوە بکەم. گوندەکەم "سلمية" بێزار بوو بە بیرۆکەی حزبایەتی، دوو حزب هەبوون: "پارتی میللی و حزبی بەعس". من میللییەکەم هەڵبژارد، چونکە نزیك بوو لە ماڵەوە، لە بنکە حزبیەکەشدا زۆپا هەبوو,.. بەواتای ئەوەی کە شوێنەکە گەرم بوو و بنکەی بەعسییەکان زۆپای نەبوو. پرەنسیپەکانی حزبم نەخوێندبووەوەو لە کۆبوونەوەکاندا بێزاردەبووم و خەوم دەهات. ئەوکاتەشی کە سەرما نەدەما لە کۆبوونەوەکان هەڵدەهاتم. جارێکیشیان داوای ئەوەیان لێکردم تەبەروعات بۆ حزب کۆبکەمەوە، منیش بەشی کڕینی پانتۆڵێکم کۆکردەوەو هەڵاتم.

*** بە واتای ئەوەی تۆ ئایدیۆلۆژی نەبوویت؟**

- هەرگیز... من لاوێکی تازەپێگەیشتوو بووم، بەڵام بە تاوانی ئینتمابوونم بۆ ئەم پارتە بەندکرام... ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هیچ حەماسەتێکم نەبووبێت دژی ستەم و هەژاریی‌و مەسەلەی نەتەوایەتی، بەڵام سیاسەت و حزبەکان زۆر بەلامەوە جێگای گرنگی نەبوون. من کەسێکی زۆر تەنهام، بەڵام دان بەوەدا دەنێم کە "ئەنتوان سەعادە"م خۆشدەویست و رێزم لێدەگرت، لە سێدارەدانیشی زۆر کاریگەریی لەسەرم بەجێهێشت.

*** هیچت لەبارەیەوە نووسی؟**

- هیچم نەنووسی... دان بەوەدا دەنێم کە من کتێبەکانیم نەخوێندووەتەوە. من دژی لە سێدارەدانم، هەروەك چۆن لە سێدارەدانی ترۆتسکیش زۆر خەمناکی کردم.

*** وەك هەندێك لە تێكۆشەرانی عەرەب ترۆتسكیت خۆشدەویست؟**

- من ترۆتسكیم خۆشدەوێت، بەڵام شیوعیەتم خۆش نەدەویست.

*** دەگەڕێینەوە بۆ بەندیخانە، چەندجار بەندكراویت؟**

- دوو جار، كاریگەریی بەندیخانەش هەرگیز لەلام نەڕەوییەوە. راستە من چەند ساڵێك لە بەندیخانە نەمامەوە، بەڵام مانەوەی ئەو چەند مانگە لە بەندیخانە بەس بوو بۆ گۆڕینی سەرتاپای ژیانم، لە ساڵی ١٩٥٥ بۆ ماوەی نۆ مانگ بەندكرام و لە ساڵی ١٩٦١ سێ مانگ. هەرمانگێكیش بارتەقای چەند ساڵێك بوو بۆم.

*** ئایا بەندیخانە روانینتی بۆ جیهان گۆڕی؟**

- زۆر... لە تەمەنی بیست ساڵیدابووم، پێم وابوو بەندیخانە تەنها بۆ تاوانبارو پیاوكوژەكانە. ئەو كاتەی بۆ یەكەمینجار بەندكرام هەستم بەوە كرد كە شتێكی جەوهەریی لە ناخمدا تێكشكێنرا. سەرجەمی ئەو شتانەی كە نووسیمن و ئەوانەشی كە دەینووسم شێوەیەكن لە بونیادنانەوەی ئەو ئەزموونە ناخۆش و توندوتیژە. تا ئەمڕۆش بونیادی پاشماوەكانی ئەو ئەزموونە دەكەم... زیادەڕۆیی ناكەم گەر بڵێم هیوابوون بە ژیان و جوانیی و خۆشحاڵیی لە بەندیخانەدا تێكدەشكێت. زۆرێك لە ترس لە بەندیخانەدا بوونی هەبوو، توندوتیژیی و ترس... لەو كاتەدا لاوازبووم و نەمدەتوانی ئیستیعابی ئەو شتانە بكەم كە روودەدەن لەگەڵ تەحەمول نەكردنی ستەم و ئیهانەكردن. پێڵاوەكانی پۆلیسم هەرگیز بیرناچێت. پۆلیسەكان ئارەقەیان دەكرد لەو كاتەی كرداری سزادانیان بەرجەستە دەكرد. ئەوەی جێی سەرسوڕمانیشمە تا ئێستا نازانم ئەو تاوانە چی بوو كە منی راپێچی بەندیخانە كرد. منێكی جوتیاری گوندنشینێكی سادە، كە هیچم لە بارەی



جیهانەوە نەدەزانی، ئینتمابوونم بۆ پارتی میللیش شتێكی ساتەوەختی بوو و حزبیش نەبووم.

*** لە بەندیخانە چی فێربوویت؟**

- بەندیخانە قوتابخانەیەكە تێیدا فێری زۆر شت بووم، قامچی و پێڵاوی سەربازیی زۆر شتی فێركردم، بەندیخانە لە سەرەتای لاوێتیمدا كاریگەرییەكی گەورەی لەسەرم جێهێشت. تێیدا رەنگی رەشی ژیانم دۆزییەوە، پێم وایە شتێك لە ناخمدا شكا كە ئەستەمە تائێستاش سارێژ بكرێت. لە بەندیخانە ئاشنایەتیم لەگەڵ ترسدا پەیدا كردو وام لێهات بیناسم و تا ئێستاش ترس هاوڕێمە. هەستكردن بە ئاسایش لە بەندیخانەدا ونم كردو وام لێهات هەست بەوە بكەم كە هەمیشە لە دڕدۆنگیی و بێ ئاسایشیدا ژیان دەگوزەرێنم. ئەوەشت لێناشارمەوە كە لە بەندیخانەدا دەگریام و هاوارم دەكرد بەتایبەت لەكاتی لێكۆڵینەوەكاندا.

*** جارێكیان وتت كە تۆ ئەدۆنیست لە بەندیخانەدا ناسیوە؟**

- راستە، بەڵام ئەو لە ژوورێكی تری بەندیخانەكەدا بوو.

*** بەڵام ئەدۆنیس توانی ئەم ئەزموونە تێپەڕێنێت؟**

- راستە... ئەدۆنیس خاوەن تایبەتمەندێتی خۆیەتی، بەڵام نازانم چۆن ئەم ئەزموونەی تێپەڕاندووە.

*** ئایا دەتتوانیت لە بەندیخانەدا بنووسیت؟**

- بەڵێ، هەندێك یادەوەریی‌و یاداشتم نووسی‌و لەوكاتەی كە ئازادكرام توانیم لەنێو جلوبەرگەكانی ناوەوەمدا بیشارمەوەو دەربازیان بكەم.

*** قەسیدەی (كوشتن)ت، لە بەندیخانەدا نووسی؟**

- نەمدەزانی كە دەبێتە قەسیدە... وەك ئەوەی كە لە بەندیخانەدا نووسیبووم بڵاوم كردەوەو دەنگدانەوەیەكی باشی لێكەوتەوە.

*** ئەمڕۆکە چۆن ئەو قەسیدەیە دەخوێنیتەوە؟**

- بەئازارەوە.

*** بەڵام یەکەمین ئەزموونی شیعریی تۆیە؟**

- راستە... بەندیخانە کردمی بەشاعیر... بەڵکو بەهەمان شێوە وای لێکردم مانای ژیان و ژن و ئازادیی و ئاسمان کەشف بکەم.

*** ئایا بەر لە چوونە بەندیخانە هیچ قەسیدەیەك یاخود دەقێکی شیعرییت نەنووسیبوو؟**

- هەندێك هەوڵی سەرەتایی هەبوون لەلام... بەڵام قەسیدەی "کوشتن" ئەو دەروازەیە بوو کە لێوەی چوومە نێو جیهانی شیعر.

*** چۆن کاتەکانت لەپشت تەلبەندەکانی بەندیخانە بەسەر دەبرد؟**

- سەرەڕای ترس و دڕدۆنگیی، جگەرەم دەکێشاو خەونم دەبینی، هەروەها دەمخوێندەوە، زۆر شتم خوێندەوە.

*** چۆن کتێبت دەست دەکەوت؟**

- هاوڕێی خۆشەویستم (زکریا تامر) سەردانی دەکردم و کتێبی دەدامێ.

*** ئایا لەدوای داخستنی بەندیخانەی (المزة) بیرت لەوەکردەوە کە سەردانی بکەیت؟**

- نەخێر، ئەمە یادەوەرییەکی ناخۆشی بیردەخستمەوە.

*** داکۆکیی لە بەندکراوە سیاسیی و فیکرییەکان دەکەیت؟**

- بەڵێ، من هاوڕام لە گەڵیاندا، من دژی بەندکردنی سیاسیی و بیریارانم، هەر کەسێك بن... بەڕاستی جێی ستەمە لە جیهاندا بەندیخانەی سیاسیی بمێنێت.



*** خەون بەوەوە دەبینیت کە رۆژێك بێت بەندیخانەی سیاسیی نەمێنێت؟**

- بەڵێ، بەندیخانە شتێکی ناشرین و کوشندەیە، بیر لەوە دەکەیتەوە کە بەندیخانەی وا هەیە ئاودەستی تێدا نییە!!... من خودی خۆم لە بەندیخانەدا سەرمام دەچەشت و برسیم دەبوو. تائێستاش وا هەستدەکەم کە تێر نەبووم... لە ژیانمدا برسێتییەکی هەمیشەیی ئامادەبوونی هەیە کە لە خۆم بەهێزترە. ئەمە برسێتییەکی مێژوویییە.

*** زۆرجار باس لە بڕوابوونێکی جێگیری خۆت دەکەیت، ئایا بە تێپەڕبوونی کات ئەم بڕوابوونانە گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە؟**

- بڕوابوونەکان جێگیرن و هەرچییەك رووبدات ناگۆڕێت. نەگۆڕەکانیش ئەمانەن "ئازادیی، کەرامەت، راوبۆچوون، نانی حەڵاڵ، جەسووریی"... من زۆر واقیعیم و حەز بەوە ناکەم شتەکان بفەلسەفێنم... من شاعیری وێنەم و شاعیری فیکر نیم، فیکر لە شیعرەکانمدا نییەو وێنە شیعرییەکانم روونەو دەتوانیت بیبینیت.

*** بیرۆکەی گۆڕینی جیهان کە زۆربەی شاعیرەکانی سەرقاڵکردووە، لەلای تۆچی دەگەیەنێت؟**

- گرنگ نییە بەلامەوە... بەلاشمەوە گرنگ نییە جیهان بگۆڕم... هەوڵی ئەوەشم نەداوە رۆبچمە نێو هیچ بزاڤێك لە پێناوی گۆڕینی جیهان. وشە گرنگترە... من بڕوام بەو شۆڕشە نییە کە خوێن دەڕێژێت، بڕواشم بە فیشەك نییە، من شاعیرم رقم لە خوێنە.

*** سنوورێك نییە جیات بکاتەوە لە قەسیدەو وتار! زۆرجار خوێنەر هەست بەوە دەکات کە وتارەکانت شێوەیەکن لە قەسیدەو بە پێچەوانەوە!**

- راستە هیچ سنوورێك نییە لەنێوان ئەو دەقانەی کە دەینووسم، ئەمەش گەمەیەك نییە کە لەگەڵ خودی خۆم و لەگەڵ خوێنەرەکانی بکەم. من دەنووسم، زۆرجار قەسیدەیەك بەرهەمدەهێنم و هەندێك کاتی تریش وتار، هەمووشتێك لەلام کەرەستەیەکە بۆ نووسین. تەنانەت "تفلێکردن" مادەیەکی شیعرییە، بەڵام پێویستە لەسەرت بزانیت چۆن و لە سەرکێ؟ هەمووو وشەیەك وشەیەکی شیعرییە بەو مەرجەی لە شوێنی شیاوی خۆیدا دابنرێت.

*** رۆژێك لە رۆژان لەوە ترساویت کە وتار قەسیدەت لێ بدزێت؟**

- نەخێر، هیچ کاتێك ترسم لە قەسیدەو وتار نەبووە.

*** گاڵتەجاریی لە وتارەکانتدا زۆر جێی سەرنجە!**

- زۆر حەزم بە گاڵتەجارییە، هەموو نووسەرێکی جدیش پێویستی بە چارەسەری دەروونیی هەیە. هەستێکی قووڵم بە گاڵتەجاریی هەیە. زۆر رقیشم لە خۆناسکردنەوەیە، حەزم بە ئێسك سووکییە.

*** تاکە رۆمانەکەت (الارجوحة)، ئایا ویستت وەك بایۆگرافیایەك بێت، ئایا تۆ پاڵەوانەکەی نیت (فهد التنبل) و (غیمة) سنیە سالحی خێزانتە؟**

- من وەك ئەوەی کە بڵاوبووەوە (الارجوحة)م نەنووسی بوو، "ریاض الریس" هات بۆلام و داوای چەند دەقێکی لێکردم بۆ گۆڤاری (الناقد) کە تازە بڵاودەکرایەوە. دەقێکم دایە کە لەلام بوو، ئەو ناوینا (الارجوحة)... ئەم دەقە لە رۆژانی بەندیخانەدا دەستم کردبوو بە نووسینی و لەلای دایکم شاردبوومەوە... ئەو کاتەی دوای ٢٥ ساڵ خوێندنەوە هەستم کرد گۆڕاوە، من بەشێوەی سیمبوول نووسیبووم... دەقەکەشم وەك خۆی دابوونێ و



سیمبوولەکانیان لێکردبووەوە و چاپیان کردبوو. هەر ئەوانیش ناوی(غیمة)یان هەڵبژارد تاوەکو بیکەنە رەمزێك بۆ (سنیە)ی خێزانم.

*** ئەی بۆچی خودی خۆت تێکستی ئەم رۆمانەت ئامادە نەکرد؟**

- ناتوانم رۆمان بنووسم، زوو لێی بێزار دەبم... رۆمان پێویستی بە لۆژیکە، منیش رقم لە لۆژیکە، بەتایبەت لە نووسیندا.

*** بەم نزیکانە سەرجەم بەرهەمەکانی (سنیە سالح)ی خێزانت بڵاودەکرێتەوە، ئەمە چۆن دەبینیت؟**

من لەوپەڕی خۆشحاڵیدام بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمانەی سنیە. شاعیرێکی مەزنە، زۆریش دواکەوتوون لە بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمانە زۆریش بەرامبەری کەمتەرخەم بوون.

*** پێت وانییە ناوی تۆ لەلایەنی شیعرییەوە ستەمی لێکردبێت؟**

- ناوم بەسەر ناویەوە زاڵە، راستە ناوی من ستەمی لێکردووە، روانینم بۆی بۆ تاکە ساتێکیش نەگۆڕاوە. ئەو شاعیرێکی مەزن بوو و پێویستە مافی خۆی بەدەست بهێنێت، دیوانەکەشی (ذكر الورد) ترۆپکێکی شیعرییەو قەسیدەکانی لەسەر پێخەفی مەرگدا نووسی.

*** پەیوەندیتان وەك دووشاعیر چۆن بوو؟**

- من بەر لە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانم بۆ ئەوم دەخوێندەوە... بەڵام من بەر لە بڵاوکردنەوەیان شیعرەکانی ئەوم نەدەخوێندەوە، ئەویش هەرگیز پیشانی منی نەدەدا، ئەدۆنیس زۆر دەترسا لە بۆچوونەکانی... هەستێکی شیعریی گەورەی لەلابوو.

*** هەروەها وەك ژنێکیش ستەم لە سنیە کرا، وانییە؟**

- بەڵێ، وەك ژنیش ستەمی لێکرا، سنیە وەك شنەبایەکی خێرابوو.

*** ئەگەر قەدەر پێکەوە کۆتان بکاتەوە لە ژیانێکی نوێدا، چۆن ئەو ژیانە ئەندێشە دەکەیت؟**

- هەمان ژیان دەبێت... من ناگۆڕێم و ئەویش ناگۆڕێت. دوای ئەو ژنم نەهێنایەوە. شتێکی تریشت لەلا دەدرکێنم "سنیەو (خالدە سەعید)ی خوشکی لەژێر دەسەڵاتی باوەژنیی زۆر دەردەسەرییان چەشت، چونکە باوکیان لەدوای مردنی ژنەکەی، واتا دایکیان، ژنی هێنایەوە"، من ژنم نەهێنایەوە تاوەکو هەردوو کچەکەم لەژێر دەسەڵاتی باوەژن ژیان نەگوزەرێنن. ئەو کاتەش کە سنیە لە گیانەللادابوو دەستی بۆ ئەژنۆکانم بردو وتی: "تۆ لە مێژوودا باشترین پیاویت".

*** چۆن (سنیە)ت ناسی؟**

- لە ماڵی ئەدۆنیس لە بەیروت ناسیم، گۆڤاری (شعر)یش لەوکاتەدا قەسیدەکانی منی بڵاودەکردەوە (سنیە) هاتە لام و ئیعجابی خۆی بۆ قەسیدەکان دەربڕی. دواتر خۆشەویستی دروست بوو و دواجاریش بووە خێزانم.

*** هەست بە پەشیمانیی دەکەیت لەبەرئەوەی خوێندنت تەواو نەکرد؟**

* هەست بە پەشیمانیی دەکەم کە فێری خوێندنەوەو نووسین بووم، حەزم دەکرد وەك ئەو لاوە نەخوێندەوارە بمامایەتەوە کە شوانی مەڕو ماڵاتەو لە گوندێکی پڕاوپڕ لە رووناکیی و قەرەجدا دەژی.

**بەڵام بوویتە شاعیر؟**

- شیعر چێژە، لەگەڵ ئەوەی نەمدەزانی کە ئەو شتانەی لە بەندیخانەدا نووسیم شیعربوو. من بەوپەڕی عەفەوێتەوە دەمنووسی، هەندێك لەو شتانەشی کە نووسیمن، لەسەر کاغەزی بافرا بوو، کە جۆرێکی هەرزان بوو لە کاغەزی جگەرە کە لە بەندیخانەدا دەستمان دەکەوت. قەسیدەی



(کوشتن)یش کە کردمی بە شاعیر، نەمدەزانی کە پەخشانە شیعرە وەك خوێنەران و رەخنەگران پۆلێنیان کرد.

*** پێت وایە کە خۆت خۆت دروستکردبێت؟**

- بەڵێ، خۆم خۆم دروستکردو پێویستم بەکەس نەبووە.

*** ئەی بۆچی هەوڵت نەدا زمانێکی بیانیی فێرببیت؟**

- ئەمەم بەلاوە گرنگ نەبووە. بەدرێژایی ژیانم هەوڵی ئەوەم نەداوە کە فێری هیچ زمانێکی بیانیی بم... توانام لەسەر هیچ زمانێکی بیانیی نییە... من حەزم لە تەمەڵیی و فەوزایە.

*** ئەدۆنیس لە هەمان بارودۆخی تۆدا ژیاوە، بەڵام خوێندنی تەواوکردو فێربوو!**

- ئەدۆنیس شاعیرێکی تێکۆشەرە.

*** بەڵام بەها شیعرییەکەشت لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە لە نێوەندی ژیان خۆیەوە سەریهەڵداوە؟**

- پێدەچێت وابێت. من شاعیرێکم لە ژیان و ئەزموونەوە سەرم هەڵدا نەك لە رۆشنبیریی و کتێبەوە.

*** لە ژیانتدا زۆرت خوێندووەتەوە؟**

- زۆرم نەخوێندووەتەوە.

*** هیچ کتێبێکی وا هەیە کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەریی لەسەرت بەجێهێشتبێت؟**

- هیچ کتێبێکی وام لەبیر نییە، کافکاو رامبۆم بە زمانی عەرەبی خوێندەوە... زۆریش (رامبۆو فیرلین)م خۆشدەویست، بەڵام من هەڵبژاردەی بەرهەمەکانیانم خوێندووەتەوە نەك تەواوی دیوانەکانیان.

*** ئەی شاعیرانی ڕێنیسانسی عەرەب؟**

- ئەوانە زۆریانم نەخوێندووەتەوە... ئەوەندە نەبێت کە لەوکاتەی لە قوتابخانە بووم هەندێك لە شیعرەکانیانم خوێندووە.

*** شعری عەرەبی کلاسیکیش؟**

- هەندێکم لێ خوێندووەتەوە... تەنانەت (موتەنەبی) سەرجەمی دیوانەکەیم نەخوێندووەتەوە... هەروەها چەرخی عەباسیش هەموویانم نەخوێندووەتەوە... (ئەبونەواس)م خۆشدەوێت... سەرجەمی بەرهەمەکانی (جبران)یشم خوێندووەتەوە، وەك چۆن (تەها حسین)یشم خۆشدەویست.

*** چۆن فێری بنەماکانی زمانی عەرەبی بوویت؟**

- لە قورئاندا... لە قورئاندا فێری زمانی عەرەبی بووم. هێزی زمانیش لەلام لەوەوە سەرچاوەی گرتووە... هەستێکی قووڵم بە زمان هەیە.

*** (سعید عقل) لە هەفتاکاندا خەلاتەکەی خۆی دایتێ؟**

- بەڵێ، خەلاتەکەیم وەرگرت و بەهای ئەوکاتەی هەزار لیرە بوو و بەخێرایی خەرجم کرد.

*** بۆچی (سەعید عقل) تۆی هەڵبژارد، بەتایبەت کە شاعیرێك بوو پەخشانە شیعری ڕەتدەکردەوە؟**

- "سەعید" سەبارەت بەمن وتبووی کە "من خۆم شیعرم"، هەروەها وتی: "ئەو خەلاتەکەی خۆی داوە بە من لەگەڵ ئەوەی کەسێکی لوبنانی نیم، بەڵکو لەبەرئەوەی شانۆکارێکی گەورەم".

*** ئایا بەشداریت لە چاوپێکەوتنەکانی گۆڤاری (شعر) یاخود کە ناسراوە بە (خمس)، دەکرد؟**

- بەڵێ، بەشداریم دەکرد، بەڵام هەستم بەبێزاریی دەکردو دەکشامە دواوە، نە تیۆرەکان نە بۆچوونە ڕەخنەییەکانم بەلاوە گرنگ نەبوو. لە



ماڵی (یوسف الخال)یش لە کۆبوونەوەکان دەکشامە دواوەو لە سەلاجەکەدا خواردنم دەردەهێناو دەستم دەکرد بەخواردن، لە کاتێکدا ئەوان لە گفتوگۆکانیان بەردەوام بوون... من رقم لە بزاوتە جەماعییەکانەو حەزم بە تەنهاییە.

*** هەمیشە دەوترێت لەڕێی ئەو قەسیدە تازانەی کە دەتنووسی، بەشداریت کردووە لە شۆڕشی گۆڤاری (شیعر)؟**

- لەوانەیە بەشداربووبم لە شۆڕشی (شیعر)، بەڵام نازانم چۆن؟ هەروەك چۆن ئەم گۆڤارەم دەخوێندەوەو بەشداریم تیادادەکرد.

*** لەوکاتەدا هاوڕێیەتیت هەبوو لەگەڵ ئەدۆنیس؟**

- بەڵێ، سەرەڕای ناکۆکییەکانم لە بواری شیعردا، هەریەك لە ئێمە خاوەن بەهرەو توانایی خۆی بوو، ئەدۆنیس کەسێکی کەریمە... و سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی کە لەنێوانماندا ڕوویدا، هەر خۆشم دەوێت، بەڵام شیعرەکانی جگە لە (اوراق في الريح) و (اغاني مهيار الدمشقي) هیچی تریانم خۆش ناوێت.

*** ئەی نزار قەببانی؟**

- لە شیعرە ئەویندارییەکانیدا زۆرم خۆشدەوێت، بەڵام شیعرە سیاسییەکانی نا، بەڵام هەروەك پێم وتی خوێندنەوەم زۆر نەبوو.

*** ئەی بۆ هەوڵت نەدا وەکو ئەو ژمارە زۆرەی شاعیرانی قوتابخانەی هاوچەرخ قەسیدەی خاوەن وەزن و قافیە بنووسیت؟**

- هەوڵم نەداوە نە قەسیدەی ئاسۆیی نە قەسیدەی خاوەن وەزن و قافیە بنووسم، من بڕوام بە قەسیدەی ئاسۆیی نییە.

من كەسێكی بەپەلە و كارا و خێرام، خەمەكانیشم ڕێگەی ئەوەی نەدەدام كە بەدوای قافیەدا بگەڕێم. هەڵاتوو و برسی و دەربەدەر بووم و بەشوێن پەناگەیەكدا دەگەڕام كە لە خۆیم بگرێت...

*** پەخشانە شیعر زیاتر توانای هەبوو لە كۆنترۆڵكردنی تراژیدیاكانتدا؟**

- بەڵێ، من بەڕێكەوت هەڵمبژارد، لە یەكەم سەیركردنیشەوە خۆشمویست (پێدەكەنێت). ئەمە ڕێچكەیەكە بۆ گوزارشتی شیعریی.

*** لەدیوانی یەكەمتەوە(خەمێك لە ڕووناكی مانگدا) بوویتە یەكێك لە پێشڕەوانی ئەم قەسیدەیە، بەڵام بەبێ ئەوەی درك بە ڕەهەندە تیۆرییەكەی بكەیت.**

- نەمدەزانی چۆن سەیری پەخشانە شیعر بكەم. من دەمنووسی و دەینووسم و ڕەهەندی تیۆریی بەلامەوە گرنگ نییە. زۆریش هەن تیۆریان بۆ پەخشانە شیعر دانا بەبێ ئەوەی بینووسن.

*** هیچ گومانێك داینەگرتوویت لە نووسینی قەسیدەیەكی نوێدا؟**

- نەخێر، من ڕێز لە هەر قەسیدەیەك دەنێم، ئەگەر فاشیلیش بێت، گاڵتەش بە هیچ قەسیدەیەك ناكەم، بەڵام گوتاری سەركردە عەرەبەكان ئەگەر ڕاستگۆو جدیش بێت ڕێزی لێناگرم، سەرجەمی ئەو قۆناغەی كە لەئێستادا دەیگوزەرێنین، ناجدییە.

*** ئەی چۆن لە نوێگەریی گەیشتوویت؟**

- نووسیومەو سەیرم نەكردووە، ئەگەر پێشم بوترێت من شاعیرێكی نوێگەرم، بەهیچ شێوەیەكیش ئەمە هیچ ناگەیەنێت لەلام، ئەوەی گرنگە بەلامەوە تەنها شیعرە.



*** ئەی ئەگەر بوترێت تۆ شاعیرێكی نوێگەر نیت؟**

- ئەمەشم بەلاوە گرنگ نییە، من شاعیرێكی نوێگەرم و تەقلیدیی نیم، لە ڕاستیشدا من وەڵامی ئەو كەسانە نادەمەوە كە ڕەخنەم لێدەگرن لە ژیانمدا، حەسودیشم بەكەس نەبردووە، تەنانەت ئەوكاتەش كە لە بەندیخانەدا بووم حەسودیم بەكەس نەبردووە، پێشم وایە ئەوانەی ململانێم دەكەن كەمن، وتەیەكی (جوزف حرب)یشم دێتەوە یاد كە دەڵێت: "محەمەد ماغوت وەكو فەیروزە كە كەس ناكۆك نییە لەسەری"، هەندێك جار دڵتەنگ دەبم بەو وتارانەی كە تەشهیرێكی شەخسی تێدایە لەسەر من، ئەمە بەتەنها دڵتەنگم دەكات.

*** كاریگەریی شیعریت بەڕوونی دیارە لەسەر بەرهەمی زۆرێك لە شاعیرانی نوێ؟**

- ئەمە دڵخۆشم دەكات، شتێكی جوانە كاریگەریی شیعری خۆم لەلای شاعیرە لاوەكان بەدی بكەم، من زۆرشتم بەخشیوە لەچاو ئەوشتانەی كە وەرمگرتووە.

*** لە شەستەكاندا ململانێیەك هەبوو لە نێوان گۆڤاری (شیعر)و گۆڤاری (الاداب)، بۆچی گۆڤاری (شعر)ت هەڵبژارد و لە گۆڤاری (الاداب)دا بەرهەمت بڵاو نەكردەوە؟**

- گۆڤاری (الاداب) هەوڵی مساوەمەكردنی دەدام و داوای ئەوەیان لێكردم كە قەسیدەیەك لە بارەی (جەمال عەبدولناسر) بنووسم، (سهیل ئیدریس)یش پێی وتم كە لەلاپەڕەی یەكدا بڵاویدەكاتەوە، بێگۆمان ڕەتكردەوە، من مساوەمەكردن لە شیعردا ڕەت دەكەمەوە (عەبدولناسر)یش لەدوای كۆچكردنییەوە خۆشمویست. ئەوكاتەی لە ژیاندا

مابوو لە ڕۆژنامەی (الصدى العام)دا لە دیمەشق چەند وتارێکم لە دژی نووسی.

* **ئەی سەبارەت بە یەکێتیی میسری- سووری ئەوکاتە؟**

- دژی بووم، مردن بوو بۆمان.

* **زۆر وتار دەنووسیت، بەڵام بۆ تاکە جارێکیش وتارێکی ڕەخنەیی ئەدەبیت نەنووسی؟**

- ئەوەم بەبیر نایەت کە لە بارەی کتێبەکەوە نووسیبێتم کە سەرنجی ڕاکێشابم... بەڵام هەرگیز ڕەخنەی ئەدەبیم نەنووسیوە، ڕەخنە پیشەی من نییە... بەبڕوای من ڕەخنە وێرانکارییە، دەوترێت داهێنەر، لەوکاتەی شکست دەهێنێت دەبێتە ڕەخنەگر. ئەم کارە بەلامەوە گرنگ نییە.

* **بەڵام تۆ لە ڕۆژنامەی ئەدەبیی و بەتایبەت لە ڕۆژنامەی (الخليج)ی ئیماراتیدا کارتکردووە!!**

- ڕاستە، ئەوە لەنێوان ساڵانی (١٩٨١ و١٩٨٢) بوو.

* **ئەوەت بەبیر دێت کە چیت کرد لەو ڕۆژنامەیەدا؟**

- هەوڵمدا لە ڕۆژنامەی ڕۆشنبیرییدا شتێکی نوێ بخوڵقێنم، پێشم وایە لەم ئەزموونە کورتەدا سەرکەوتنم بەدەستهێناو بەردەوام نەبووم لە کاری ڕۆژنامەگەریی، چونکە بەخێرایی بێزاربووم.

* **تۆ ئێستا لە تەمەنی (٧٢) ساڵیدایت، ئایا ڕۆژێك لە ڕۆژان بیرت لە مردن کردووەتەوە، ئایا لێی دەترسیت؟**

- هەستم بە ژیان بەهێزەو یادەوەریشم بەهێزە، هەرگیز بیر لە مردن ناکەمەوە، مردن وەك هاوڕێیەك دەبینم.

* **ئایا بیر لەدوای مردن دەکەیتەوە وەك هەندێك شاعیر؟**



- نازانم لە دوای مەرگ چی هەیە.

* **ئەی تۆ بڕواداریت؟**


- بەڵێ، من زۆر بڕوادارم، بەڵام نوێژ ناکەم و حەزیشم بە سوورەتە ئاینییەکان نییە. ئەوە بەسە کە دەنووسم.

* **هەست بەوە دەکەیت ئینتیمات هەبێت بۆ تایەفەیەکی دیاریکراو؟**

- نەخێر، هەست بەوە ناکەم ئینتیمام بۆ هیچ تایەفەیەك هەبێت.

**سەرچاوە:**

ئەم گفتوگۆیە لە ڕۆژنامەی (الحياة)ی لەندەنی، ڕۆژی ٥/٤/٢٠٠٦ بڵاوکراوەتەوە.



ئەدۆنیس:

## ناتوانم داکۆکی لە ئیسلام بکەم
## بەبێ رەخنەگرتن لە تەئویلی باو

**سازدانی: دالیا عاسم**

*** زۆرێك لە رەخنەگران و شاعیران پێیان وایە کە نوێگەریی ئەدۆنیس، نوێگەرییەکە زێدەتر پەیوەستە بە زمانەوە وەك لەوەی پەیوەست بێت بە واقیعەوە. بەنموونەش ئەو قەسیدەیەی کۆتاییت کە لەبارەی دوژمنکارییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان بڵاوبووەوە. خوێنەر هەستی بەوە دەکرد کە ئەم قەسیدەیە باس لەو جەنگە ناکات، بەڵکو باس لە جەنگێکی گەردوونیی دەکات، تۆ لەو بارەیەوە دەڵێی چی؟**

- بێگومان من گرنگییەکی زۆر دەدەم بە زمان. ئەمەش شتێکی شاراوە نییە و زۆریش پێداگریم کردووە لەسەری. ناشزانم چۆن نێوانی زمان



و واقیع لە یەکتری جودادەکرێتەوە! ئەوە مانای چی دەگەیەنێت کە جیاوازییەك لە ئارادابێت لەنێوان ئەو زمانەی کە پێی دەنووسم و ئەو واقیعەی کە باسی دەکەم! من لەمە تێناگەم، چونکە من ئەم جیاوازییە نابینم. پێدەچێت هێزی زمان وا لە خوێنەر بکات کە ئەندێشەی ئەوە بکات کە دەتوانێت حەجبی واقیع بکات، بەڵام ئەمە لە تووندوتیژیی واقیع و ئاڵۆزیی و ئەو ترسەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە ناواخنی خودی واقیع خۆیدایە.

واقیعیش سادەو ساکار نییە تاوەکو زمانێکی سادەو ساکار بێت. واقیع ئاڵۆزە و خاوەن چەندین چینی هەمەجۆرە. لەبەر ئەوە و بەبڕوای من ئەو زمانەی کە باسی واقیع دەکات دەبێت بەهەمان شێوە ئاڵۆز و بەهێز بێت و خاوەن چەندین چینی هەمەجۆر بێت. شاعیر بەبڕوای من بەلانی کەمەوە پێویستە لەسەری هەموو واقیع لە زمانەکەیدا تێکەڵ بکات، تاوەکو بتوانرێت، بوترێت کە باس لەو واقیعە دەکات و لەهەمان کاتیشدا سەرلەنوێ بونیادی دەنێتەوە. بەگشتیش ئەم جۆرە پرسیارانە لەلایەن کەسانێکەوە دەکرێت کە خاوەن روانینی تایبەتن لەبارەی پەیوەندیی زمان بە واقیعەوە، منیش رێز لەم بۆچوونانە دەگرم، بەڵام پێم وایە پێویستی بە زۆرێك لە تێڕامان هەیە.

*** پارێزگاریی لە تەمومژیی لە قەسیدەکانتدا دەکەیت؟**

- پارێزگاریی لە تەمومژیی و ئاڵۆزیی ناکەم، چونکە خودی واقیع خۆی تەمومژ و ئاڵۆزە، ئەگەر شاعیریش بیەوێت واقیع سادەو ساکار بکاتەوە، بەبڕوای من خیانەتی لێدەکات. پێویستە خوێنەر ئیکتفا نەکات بە وێنەیەکی ساکار کە شاعیر پێشکەشی دەکات، هەروەك چۆن پێویستیش ناکات قەسیدەکە بۆ خوێنەر گونجاوبێت، چونکە ئەویش

پێویستی بەوە هەیە رۆبچێتە نێو ئاڵۆزیی و کێشەکانی واقیعەوە. وەك چۆن پێویستە لەسەر شاعیر هاوشێوەی ئەو کەسە نەبێت کە خوێنەر دووچاری سەرسورمان دەکات، بەڵکو ئەو کەسە بێت کە خوێنەر هان دەدات لەسەر تێگەیشتن لەو شتانەی کە روودەدەن.

ئێمە بەدەست ئەوەوە گیرۆدەین کە زۆرینەی شیعرپەیوەستە بە وەڵام نەك بە پرسیار. ئەمە شەڕێکە دژ بە پرسیار. هیچ قۆناغێکیش لە مێژووی شیعری عەرەبی بەدی ناکەیت بەهێندەی ئەم قۆناغەی کە ئێستا تیایدا دەژین کە نەزانیی هەبێت بەرامبەر بە شیعر.

* **ئەدۆنیس چۆن لە واقیعی شیعری عەرەبی ئێستا دەڕوانێت، بەتایبەت لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو ئەدەبەی کە پشت بە وێنە دەبەستێت، ئایا بەڕاستی و وەك دەوترێت لە زەمەنی رۆماندا دەژین؟**

- بەکورتی من بڕوام وایە کە تواناییەکی زۆری شیعری لەلای عەرەب هەیە، بەڵام ئەزموونە شیعرییە گەورەکان کەمن، بەبڕوای من شیعری عەرەبی لە پرسیاری کەینونیدا هەژارە. من لەگەڵ ئەزموونە هەمەجۆرەکاندام، چونکە پێم وایە هەلی ئەوە بۆ خوێنەر و نووسەر دەڕەخسێنێت کە واقیع بەجیاوازیی لایەن و ئاستەکانی بەدی بکەن، من خۆم هیواخوازی ئەوەم کە راوبۆچوونی زۆر لە ئارادا بێت تاوەکو سوودی لێوەربگرم و جۆرێك لە ململانێ دروست بکات و هانم بدات بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکانی خۆم و باشترکردنی رەوتە تیۆرییەکانی خۆم و دواجار بانگەشەی ئەوە نەکەم کە بەتەنها بۆچوون و روانینەکانی من باون، ئەمە شتێکی باش نییە، من بانگەشەی هاتنەکایەی بۆچوونی هەمەجۆر دەکەم بۆ لێکۆڵینەوە لە شیعری عەرەبی و واقیعی عەرەبی.



* **بەڵام خۆ لە گۆڕەپانەکەدا هەوڵ و پرۆژەی رەخنەیی هەیە کە زۆرجار لە خودی تێکستەکە بەرزترە؟**

- راستە روانینی هەمەجۆر لەئارادایە، بەڵام بەلای منەوە ناگەنە ئاستی ئەو تێگەیشتنە راستەقینەیەی کە من دەمەوێت، هەر لەبەر ئەمەشە ناکۆکم لەگەڵیاندا، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا، پێویستە هەمەجۆریی هەبێت و ئەمەش زۆر باشترە لە هەبوونی تاکە بۆچوون. لێرەشدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەیەکێك لە جیاوازییە جەوهەرییەکانی نێوان شیعری عەرەبی و رۆژئاوایی بدەم، شیعری رۆژئاوایی لەسەر جیاکردنەوەی نێوان واقیع و سروشت دروست بووە و ئامرازێك نییە بۆ هیچ شتێك. شیعری عەرەبی قسە لەسەر حەقیقەت ناکات، بەڵکو ئەوە خودی حەقیقەت خۆیەتی کە بە شیعر و لەبارەی خۆیەوە قسە دەکات.

* **لە ژیانی ئەدۆنیسدا (هاوسەنگیی و جیاوازیی) بوونی هەیە، چۆن ئەم دوو چەمکە دەبینیت؟**

- پێم وایە شیعر هاوسەنگە لەگەڵ هەموو شتەکاندا، بەو واتایەی بە هێڵێکی هاوسەنگ لە هەموو شتەکان تێدەپەڕێت، هەندێ جاریش ئەم هاوسەنگییە پێچەوانە دەکاتەوە و ئاسۆییانە هەموویان دەبڕێت. شیعر وەك خۆشەویستی و هەوا و رووناکی رۆژ وایە، بەو سیفەتەی کە لە دەرەوەی هەموو دیاریکردنەکانە، بەو پێیەی کە بەئاگاهاتنەوەیەکی عەفەوییانەیە لە جەستەی مرۆڤ و ئاوەزیدا، هەروەها شیعر بەئاگاهاتنەوەیەکی عەفەوییانەی سروشت و جیهانە، هەربۆیە ئەو لەتوانایدا هەیە لەگەڵ هەموو شتەکاندا هاوسەنگ بێت. لەهەمان کاتیشدا، دەتوانێت ئاسۆییانە دابەزێت و بیانبڕێت، تەنها دامودەزگاکان نەبێت، چونکە لە زەمەنێکی سوودوەرگرتنی (پراگماتی)دەژی، حەقیقەتیش لە زۆربەی کاتەکاندا

پێویست نییە، بەپێچەوانەوە ئەوەی کە پێویستە لەلای درۆکردن و فریودانە. شیعر و دامەزراوە و دەزگاکان بەلای منەوە یەکێکن لە جیاوازییەکان.

*** باست لەوە کرد کە ئیسلام مەسەلەیەکی گەورەیە، بەچی داکۆکی لێدەکەیت؟**

- من لایەنی رۆشنبیریی لە ئیسلامدا وەردەگرم و رۆشنبیرییانە داکۆکی لێدەکەم، ئەوە دەڵێم کە نموونەی یەکەم بۆ یەکێتیی رۆشنبیرییەکان لە ئیسلامدا بەدی دەکەین، لە قورئانی پیرۆزەوە، چونکە قورئان دەقێکی کۆکراوەی رۆشنبیرییە ئاینییەکانە، بەیەهودی و مەسیحی و رۆشنبیرییە نائاینییەکانی پێشووشەوە، وەك یۆنان و ئەوانی تریش، چونکە قورئان بەدەر لەوە کۆکراوەی رۆحە مرۆییەکانیشە، بەبڕوای منیش یەکێك لە هەڵەکانی موسڵمانانی ئەمڕۆ ئەوەیە کە سوور نین لەسەر خوێندنەوەی رۆشنبیرییانەی ئەم مانایە کە دەقی قورئان باسی دەکات.

خاڵی دووەمیش کە داکۆکی پێدەکەم لە ئیسلام، بریتییە لە پەیوەندیی بەوی ترەوە، واش دەبینم کە ئەوی تر بەتایبەت بۆ موسڵمان، بنەمایەکی تەکوینییە لە بنەماکانی خودی خۆی، بەتایبەت لە فەلسەفەدا. هەروەها بنەمای سێیەمیش لە رۆشنبیری ئیسلامیدا بریتییە لە تەسەوف، لەگەڵ ئەوەی روانینە داخراوەکان بۆ ئیسلام بە بەشێکی ئیسلامی نازانن، بەڵام پێم وایە تەسەوف لە سروشتی رۆشنبیریی ئیسلامیدا هاتە بوون، کە ئەوەش ئەزموونێکی دانایی و دانسقە و گەردوونیی مرۆییانەیە. ئەمە ئەو بنەما سەرەکییانەیە لە داکۆکیکردنم لە ئیسلام، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم داکۆکی لێ بکەم ئەگەر رەخنە لەو تەئویلە باوە نەگرم کە بۆی دەکرێت. کە ئەوەش تەئویلێکە وێنەیەك



دەداتە ئیسلام کە لە ئاست پەیامی ئیسلامدا نییە و پێویستە ئەم جۆرە تەئویلە رەخنە بکرێت.

*** بەڕای تۆ چ کاتێك شاعیر دەگاتە قۆناغی رەخنەگرتن لە خود، ئەو پرەنسیپانەش چین کە ئیلتیزامی پێوە دەکات؟**

- هەموو شاعیرێکی راستەقینە لە هەموو قەسیدەیەکدا کە دەینووسێت رەخنەگرتن لە خود بەرجەستە دەکات، شیعر بریتییە لە بەردەوامبوون لە گۆڕانکاریی، ناکرێت شاعیر روانینی پێشووی خۆی دووبارە بکاتەوە. شاعیر بەتەنها لەو کاتەی کە دەنووسێت هەنگاوێکی تر دەنێت بۆ بابەتێکی تر، بەڵام ناشتوانێت ئەو هەنگاوە بنێت ئەگەر بێت و ئەم هەنگاوە رەخنەیی نەبێت، چونکە نووسینی شیعر بەم مانایە لە قووڵاییدا نووسینێکی رەخنەییە، نەك بەتەنها بۆ جیهان، بەڵکو لە پلەی یەکەمدا بۆ خودی خۆی. لەسەر ئەم ئاستەش وتوومەو دووپاتی دەکەمەوە کە قەسیدە بەتەنها پرسیارێکی ئاراستەکراو نییە بۆ جیهان، بەڵکو پرسیارێکی ئاراستەکراوە لە شاعیر و خودی شیعر. گەورەترین رەخنەگر بۆ شاعیریش، خودی خۆیەتی. ئەو مرۆڤەی کە نەتوانێت رەخنە لە خۆی بگرێت کێشەی هەیە. لە راستیشدا ئێمە بەتەواویی رەخنە ناناسین. پێدەچێت ئەم حوکمەش حوکمێکی توندوتیژ بێت، بەڵام ئەوەی ئەو توندوتیژییە لەبار دەبات ئەوەیە کە ئەمە حوکمێکی راستەقینەیە.

**سەرچاوە:**

الحوار المتمدن - العدد: ٢٦٧٦ – ٢٠٠٩/٦/١٣ .



## لەبارەی (هاملێت)
## گفتوگۆیەك لەگەڵ پیتەر برۆك

**و. بۆ عەرەبی: عمار ملص**
**سازدانی: مارگریت کرویدون**

**هەر بەرهەمێکی برۆك چ داستانی (مەهابهاراتا)بێت کە بۆ نۆ کاتژمێر درێژدەبێتەوە، یان شانۆگەریی (پیاوەکە کێیە)، یاخود پێشکەشکردنی حەرفییانەی (کارمن)ی گوێرگی بیزێت، دادەنرێت بە رووداوێك کە دەبێت لەسەری رابووەستین.**



ئەمڕۆ و لە تەمەنی (٧٥ساڵیدا)* سەرکردەی شانۆی بەناوبانگ بەرهەمێکی تر دەستپێدەکات کە سەرجەمی شێوە تەقلیدییەکان تێدەپەڕێنێت، برۆك ئەمجارە نمایشێکی نوێ تایبەت بە (هاملێت)مان پێشکەش دەکات. کردنەوەی ئەم شانۆگەرییەش لە پاییزی ساڵی رابردوو بوو لەسەر شانۆی تایبەتی برۆك خۆی (bouffes du nord) لە پاریس و بەخێرایی بلیتەکانی نمایشەکە نەمان و لە ئێستاشدا گەشتێك بە دەوری جیهاندا دەکات بۆ نمایشکردنی ئەم شانۆگەرییە. برۆك شانۆگەرییەکە بەشێوازە شەفافە تایبەتەکەی خۆی نمایش دەکات، تەختەی شانۆ ساکارە، دیمەنەکان روونن، هەستی رەنگی و جوانیی راستەقینەیی بۆ دەرهێنان، سەرجەمی ئەم بنەمایانە لە نمایشەکەدا بوونی هەیە.

زۆرجار لە جیهانی خۆرئاوادا نموونەی پیتەر برۆك دەگمەنە بوێربن و بڕوایان بەخۆیان بێت و توانای بەرگەگرتن و گفتوگۆکردنی زۆرترین ئەو خاڵانەی هەبێت کە دەبنە هۆی مشتومڕی روانینە شانۆییە باوەکان.

پیتەر برۆك لەو دەرهێنەرانەیە کە لە گەڕان بەشوێن دۆزینەوەی واتای نوێ و روانینی مەزنی نێو دەق و ئەو روانینە مەزنانەی لەنێوان پەرەگرافەکاندایە، بێزارنابێت، بەهۆی ئەوەشەوە کە ئەو بەسانایی بڕوا ناهێنێت، بۆیە بەردەوام لە تێکۆشاندایە بۆ ئەوەی چەند چارەسەرێکی زێدەتری ئیستاتیکییانە بدۆزێتەوە لەپێناو گوزارشتکردن لە نهێنییەکانی رۆحی مرۆڤایەتی. هەروەك چۆن برۆك هیچ دوودڵ نییە لەو ململانێ و رەخنانەی کە پێدەچێت هەوڵەکانی رووبەڕووی ببنەوە. ئەگەر بێت و ئەم

هەولاَنەش دریژکراوەی ئامادەکردنی بەرهەمەکانی شکسپیریش بن. پیتەر برۆك بە بڕوابوونێکی مەزن ڕێگە تایبەتەکەی دەبڕێت.

*** ئەمە یەکەمینجار نییە کە (هاملێت) پێشکەش بکەیت، چۆن هەستایت بەجۆرە ئامادەکردنە؟**

- نمایشێکمان بەناونیشانی (کێ لەوێیە) پێشکەشکرد، ئەم ناونیشانەش یەکەمین دێڕی شانۆگەریی (هاملێت)ە، نمایشەکە بریتی بوو لە گوڵەوەچنێك لە (هاملێت). لەدوای ئەو ئەزموونەوە هەستێکم لا دروست بوو بۆ گەشەکردنی نمایشێکی چڕ و پڕ لەبارەی (هاملێت)ەوە. لە رابردوودا ئەوکاتەی لەنێو ریزبەندیی بینەراندا لە نمایشی (پیاوەکە کێیە) دادەنیشتم و سەیری دیمەنەکەم دەکرد کە پێکهاتبوو لە تاکە مێزێك و چەند کورسییەك لەسەر تەختەیەکی شانۆیی زۆر بچووك، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەمە چەند سەرنجڕاکێشە، ئەمە هەموو ئەو شتانەیە کە مرۆڤ پێویستییەتی بۆ نمایشکردنی (هاملێت). لە دوای دوو ساڵ لەوکاتەی بەدوای بابەتێکی سەرەتاییدا دەگەڕام بۆ پرۆژەیەك کە باس لە کاریگەریی دەرهێنەرە پێشڕەوەکان لەسەر شانۆ بکات، هەندێك لە دیمەنەکانی (هاملێت)م وەرگرت بە تەنها بۆ بەدەستهێنانی هەندێك لە کورتکردنەوە.

لە ساتی هەستانم بەم ئەزموونە بۆم دەرکەوت کە شتێکی زیندوو و بەهێز بەهۆی ئەم مامەڵەیەوە بە تەنها لەسەر رووکارەکە بەدەرکەوتووە. هەر لەو کاتەشدا بیرم لەوە کردەوە کە شتێکی پڕ لە چێژ و خۆشیی دەبێت، گەر رۆژێك لەو شانۆگەرییە بکۆڵمەوە و بیکەمە دارشتەیەکی زۆر



چڕ و پڕ. دوای ئەوەش چاوم کەوت بە (ئەدریان لیستر) و پرسیاری ئەوەم لێکرد، کە ئایا دەیەوێت لە کۆپییەکی ئینگلیزیی شانۆگەریی (کێ لەوێیە)بەشداریی بکات؟، بەلاَم لەبری ئەوە هەستاین بە پێشکەشکردنی (هاملێت).

*** بۆچی(ئەدریان لیستر)ت هەڵبژارد؟**

- لە رۆڵی (روزالین) لە شانۆگەریی (چۆن ئارەزووی دەکەیت) بینیبووم و زۆر سەرنجی راکێشا بووم، ئەم ئەکتەرە بە شێوەیەکی گەورەو فراوان خاوەن چەندین بەهرەی هەمەجۆرە. لە ئەکادیمیای شاهانەوە هاتووە بەو پێیەی یەکێك بووە لە چالاکترین قوتابییە تازە دەرکەوتووەکان و لە یەککاتیشدا توانی دوو کار لە ئەستۆ بگرێت: رۆڵبینینی لە شانۆگەریی (چۆن ئارەزووی دەکەیت) و بەشداریێك لەگەڵ (سام ماندز). هەروەك چۆن ئەو خاوەن تواناییەکی جیاوازترە، ئەو گۆرانیی دەچڕێت و بەجوانییەکی باڵاوە دەجووڵێت و سەماش دەکات. هەربۆیە لەو بڕوایەدام بۆ کارەکەمان گونجاوە.

*** چی بەو کەسانە دەڵێیت کە ئەو گۆڕانکارییانەی لە دەقەکەدا کردبووت، دووچاری شۆکی کردبوون، بەجۆرێك کە روانینی تۆ لەگەڵ تێگەیشتنی ئەواندا ناگونجێت؟**

- ئەمە هەواڵێکی باشە. ئەمە بەشێکە لە ئامانجی من. هۆکاری پێشکەشکردنی (هاملێت) ئەوەیە کە خەڵك وەك ئەزموونێکی نوێ وەری بگرن. ئامانجی یەکەمان بریتی بوو لە تێکشکاندنی ئەم نەریتە کارەساتبارییەی لە بینینی شانۆگەرییەکی وەك (هاملێت) بوونی هەیە،

کە خۆی لە حەقیقەتێکدا دەنوێنێت کە بینەر دێت بۆ نمایشەکە و وەك لە برۆدوای دەوترێت (لەبەرخۆیەوە گۆرانیی دەڵێت) چەندین جار ئەمەم بینیوە، کەسیشمان ناتوانێت رێگریی لە خودی خۆی بکات لە لێکچواندنی ئەو نمایشەی کە لە بەردەمی نمایش دەکرێت لەگەڵ هەزاران نمایشی تر.

یەکەمین شت کە پێویست بوو لەسەرم بیکەم، بریتی بوو لە بڕینی بونیادی رووکەش و قەبەی حوکمە پێشینەکان و دەستبەرداربوون لە راڤەکارییە هەمەجۆر و جیاوازییەکانی شانۆگەریی (هاملێت). ئەگەر ئەم نمایشە سەرجەمی پێشبینییەکانی تێکشکاندبێت، ئەوا ئەمە هەواڵێکی باشە.

*** بۆچی هەستایت بە گۆڕینی ریزبەندیی شانۆگەرییەکە، بەنموونە (هەبم یان نەبم)ت خستە شوێنێکی جیاوازەوە، وەك چۆن هەستایت بە گۆڕینی کۆتایی شانۆگەرییەکەش؟**

- ئەمە بێگومان بۆ هۆیەکی زۆر دیاریکراو و ساکار، ئەویش لەبەرئەوەی شانۆگەرییەکی نوێ ببینین. ئەوکاتەی شانۆگەرییەکی (پنتەر) دەبینین ئەوا رەخنەگران دەپرسن بۆچی ئەم دێڕە دانراوە؟ ئەمە مانای چییە؟ بۆ بینەر و لەسەروو هەمووشیانەوە بۆ رەخنەگران، واباشە تەماشای ئەم (هاملێت)ە بکەن و لە رێگەی ئەزموونە راستەوخۆکانیانەوە هەوڵی ئەوە بدەن کە ریزبەندیی دێڕەکان چیمان پێ دەڵێن، یان لە راستیدا ئەو شتانە چین کە پێمان ناڵێن.



*** (فۆرتبراس)ت جیاکردەوە، ئایا ئەمە بەڵگەیە بۆ گرنگی نەدانت بە لایەنە سیاسییەکانی شانۆگەرییەکە؟**

- من نکوڵیی لەوەدەکەم لە رەچەڵەکدا ئەم لایەنە بوونی هەبێت. لە شەستەکاندا پەرچەکردارێك لە ئارادا بوو بەرامبەر شانۆی بۆرژوازیی و ئامانجیش لێی دووبارە دۆزینەوەی ناواخنە سیاسییەکان بوو لەلای شکسپیر کە بۆ چەند سەدەیەك لەبیرکرابوو.

ئەو بیرۆکەیەی باس لەوە دەکات کە دوورخستنەوەی (فۆنتبراس) لایەنی سیاسیی شانۆگەرییەکە لەناودەبات، بەتەنها گەڕانەوەیە بۆ شەستەکان.

ئەگەر بە هێمنی سەیری شانۆگەرییەکە بکەیت ئەوا لە چیرۆکە تراژیدیاکەی هاملێت-دا هیچ پەیوەندییەك بە پرسیاری سیاسییەوە بەدی ناکەیت. دادگا هەیە و لە دادگاشدا سروشتییە چنینی تایبەت بە دادگا هەبێت. وەك چۆن پادشایەك هەیە گومانی ئەوەی لێدەکرێت ببێتە رکەبەرێك، بەڵام ئەمەش نایکاتە شانۆگەرییەکی سیاسیی. (کوریۆلانۆس) شانۆگەرییەکی سیاسییە، چونکە پاڵەوانەکە لە هەڵبژاردنی سیاسییانەدا تێوەگلاوە.

*** ئەی بۆچی شکسپیر (فورتنبراس)ی دروستکرد؟**

- کەس ناتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە. لەساتی ئامادەکردنی شانۆگەرییەکەدا کەسێتی (فورتنبراس)م لابرد، چونکە بەلای منەوە خاوەن پەیوەندیی نەبوو بە تراژیدیا بنەڕەتییەکەوە. شکسپیر تا ئەوپەڕی براگماتی بوو و کاری بۆ شانۆیەکی زیندوو دەکرد. یەکێك لە نەریتەکانی شانۆی

ئەلیزابێسیش بریتی بوو لە چنین و چنینی ناوەندیی. لە (هاملێت)دا فورتنبراس نابینین، بەڵکو گوێمان لەشەڕو دەمەبۆڵەیەکە کە لە رابردوودا لەنێوان باوکی ئەو و باوکی هاملێت-دا روویداوە، ئەم شەڕو دەمەبۆڵەیەش لەبەردەمماندا بەرجەستە ناکرێت، بەڵکو تەنها بۆمان دەگێڕدرێتەوە. لە دیمەنی ئەلیزابێسی و لە شانۆگەرییەکانی شکسپیردا وڵات بەتەواویی لە باگراوەندی هەموو رووداوەکاندا بە ئامادەیی دەمێنێتەوە. دەستەبەرکردنی ناواخنی چیرۆکی فورتنبراس وات لێدەکات هەست بەوە بکەیت کە ژیان بەردەوام دەبێت، ئەمەش ئەو شتەیە کە شکسپیر هەمیشە لە کۆتایی شانۆگەرییەکانیدا دەیەوێت.

لێرەدا وڵاتێکمان هەیە لە بارودۆخێکی پڕ لە فەوزا، لەگەڵ لاوێکی بەهێز بەناوی (فورتنبراس) کە لەسەر مەیدانی زۆرانبازییەکە دەردەکەوێت و سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت، شتەکانیش بەرەو ئەو لایەنە گەشە دەکەن کە ببێتە دیکتاتۆرێك.

گەر شانۆگەرییەکەش بەدەرکەوتنی کەسێك لەسەر تەختەی شانۆ کۆتایی بێت کە بەدرێژایی شانۆگەرییەکە پێوەلکاو نەبووبێت بە رووداوەکان، ئەوا ئەمڕۆکە ئەم کارە شتێکی ناباوە، لەبری ئەو لێرەدا (هۆراشیۆ) کۆتایی بە شانۆگەرییەکە دەهێنێت و واتای شانۆگەرییەکە و پاشەڕۆژیش لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت.

*** ئەوە مانای چییە (هۆراشیۆ) لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا بڵێت (کێ لەوێیە) کە ئەمەش یەکەمین دێڕی دەستپێکردنی شانۆگەرییەکەیە؟**



- چۆن لە توانای هەر یەکێکماندا هەیە کە هەر شتێکی ساکاری وەك ئەم دێڕە روونبکاتەوە؟ (کێ لەوێیە) پرسیارە و چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسیارە دەکەیت ئەوەیان دەکەوێتە سەر ئارەزووی خۆت.

*** هۆی لابردنی لایرتس لە سەرەتا و لە پاشان دەرخستنی لە نزیك کۆتایی شانۆگەرییەکە بۆچی بوو؟**

- لایرتس کەسایەتییەکی سەرەکییە، بەڵام نەك لەو دیمەنەی کە بۆلینوس ئامۆژگاری دەکات، بەڵکو لە جیاوازییەکانی لەگەڵ هاملێت. هاملێت لاوێکی زیرەکە و باری دەروونیی رێکە، پڕاوپڕە لە وزە و سۆز و هێزی وردبینیی، خاوەن گومانێکی ناوەکییە وەك ئەوەی پێویستە هەر مرۆڤێك وابێت و ئەو وەك کەسێکی شێت بۆ تۆڵەسەندنەوە هان نادرێت. لەبری ئەوە پرسیار لەوە دەکات کە مانای ئەم هەموو شتە چییە؟ لە بەرامبەردا ئەم پرسیارە ناکات: (باوك کوژرا، کەواتە بکوژەکە دەکوژمەوە). ئەمەش ئاماژەدانە بە وێنەی ئەمڕۆ، کە ئەویش بریتییە لە سندووقێك لە توندوتیژیی و تۆڵەسەندنەوە.

لایرتس لە پلانگێڕییەکی پڕوپووچدا بەشداریی دەکات و پێویستە بمرێت و خۆشی درك بەوە دەکات لە خشتەبراوە. جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو کەسێتییە ئەو روانینە دەگۆڕێت کە دەڵێت هاملێت دەستەوەستانە و ناتوانێت هیچ شتێك بکات یان لاوازە. لە راستیدا هاملێت مرۆڤێکی بەهێز و رۆح ناسکە و شاعیر و زیرەکە و هەوڵی ئەوە دەدات خودی خۆی کۆبکاتەوە. لایرتس بەپێچەوانەی ئەمەوە. ئەم جیاوازییە گرنگترە لە بوونی

فونتبراسیێکی چارەڕەش کە ئەو سەربازە باشە دەنوێنێت کە داواکراوە بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی وڵات بەشێوەیەکی باش.

*** بەشێوەیەك لە بوغزاندن لەبارەی ئەو کەسانەوە نووسیوتە کە هەڵدەستن بە نوێکردنەوە یاخود گۆڕینی شکسپیر، چۆن لەنێوان ئەوانە و نمایشەکەی خۆتدا جیاوازیی دەکەیت؟**

- لەمڕۆدا شتێك لەوە کارەساتبارتر نییە کە خاوەن خواوەندێکی ساختە بین. لە شانۆشدا تەنانەت تێکست بریتییە لە خواوەندێکی ساختە. چەندین جار نووسیومە و وتوومە کە ئامانجی من بریتییە لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە میتا تێکست، بەرەو ئەو شتەی کە نووسەر بەڕاستی دەیەوێت بیڵێت. وەك چۆن پێشتر وتم، باشترین ڕێگە بۆ تێگەیشتن لە شکسپیر بریتییە لەوەی لەبیری بکەین.

یەکەمین نمایشی شانۆگەریی هاملێت بە جلوبەرگی هاوچەرخ پەنجا ساڵ لەمەوبەر لە ئینگلتەرا بوو، هەموو ئامادەبووانی سەرسام کرد، بەڵام ئەمڕۆ ئەوکاتەی یەکێکمان هەڵدەستێت بە نوێگەرییەکی ڕووکەشانەی- جلوبەرگی فاشی بۆ ژمارەیەك لە شانۆگەرییە ڕۆمییەکان، پێشکەشکردنی شکسپیر بەپانتۆڵی کابۆ و هێنانی ماتۆڕ بۆسەر تەختەی شانۆ- ئەمە ئیزافەیەکە بۆ ژمارەیەکی نوێ لە کلێشە. من وا دەبینم کە نوێگەریی بریتییە لەوەی لە ساتی بەرجەستەکردندا شتێکی ڕابردوو لە ئێستادا زیندووبکەیتەوە. ئەمەش پێویستی بە چەندین شتی جیاواز لە شانۆگەریی جیاوازدا هەیە. بەرجەستەکردنی شانۆگەریی (خەونی نیوەشەوێکی هاوین) پێویستی بە داهێنانێکی گونجاوهەیە، تۆ پێویستیت



بەوە نییە کە لە تێکستەکەدا تەنها وشەیەك دەسڕەس بکەیت، چونکە ئەم تێکستە لەنێو هەموو تێکستەکانی تری شکسپیر زۆرترین شانۆگەرییە هاوسەنگەکانە، بەو واتایەی کە لەهەموو ساتەکاندا گونجاندنێکی تەواوەتی لەنێوان فۆڕم و ناوەڕۆکدا هەیە، بەڵام شکسپیر وەك ڕاسین نەبوو کە بەدوای یەکێتییەکی تەواوەتی لەنێوان فۆڕم و ناوەڕۆکدا دەگەڕا. شانۆی شکسپیر هاوشێوەی دیکنز و دۆستۆڤسکی بوو، بەجۆرێك فۆڕم تیایدا دەوڵەمەند و پڕە لە بۆشایی و تیایدا تیمپی سۆزداری بەلێشاو دێتە ناوی. بێگومان هەرگیز هیچ کەسێك بیر لە دۆستۆڤسکی ناکاتەوە وەك نموونەیەك بۆ بونیادی ڕووکەشی ورد. دیکنزیش بەهەمان شێوە وا نەبوو، ئەو بە قۆناغی یەك لەدوای یەك دەینووسی.

لە خەوندا گونجاندنێکی تەواو لەئارادایە لەنێوان فۆڕم و ناوەڕۆك، بەڵام لە هاملێتدا وا نییە. هەروەك چۆن وەك (زەماوەندی فیگارۆ) نییە لە ڕووی ئەوەی کارێکی زۆر تۆکمەیە و هەموو وردو درشتییەك تیایدا پێگەی گونجاوی خۆی دەدۆزێتەوە.

لەلایەکی ترەوە (گوێرگی بیزێت) کە ئاوەزدانەرێکی بەتوانایە (کارمن)ی بەپێی داواکارییەکانی ئۆپێرای بەزمەسات نووسیوە، بەجۆرێك چیرۆکەکەی لە (میریمیە) وەرگرتووە کە خاوەن بونیادێکی جوانە، بەڵام ئۆپێرای کۆمیدی پێویستی بە کۆرس و کۆرسی منداڵان و کەژاوە و تەنانەت ئەسپ لەسەر تەختەی شانۆ هەیە.

هەربۆیە ئەسپێکی لەسەر تەختەی شانۆ دانا. هەموو ئەم بونیادە ڕووکەشییە پەیوەندیی نەبوو بەو فۆڕمە شاراوەیەی کە لە چیرۆکە

بنەڕەتییەکەوە دەهات. نوێکردنەوەی هاملێت مانای هێنانی کۆمەڵێك لە بیرۆکەی داهێنراو ناگەیەنێت، بەڵکو لەڕێگەی هەڵکۆڵینێکی قووڵی ناخی دەق دەبێت، تاوەکو ئەو ئاستە بدۆزیتەوە کە دەسڕەسی ئەو پێکهاتانە بکەیت کە چەندین ساڵە نێژراون و وای لە خەڵك کردووە کە بیر لەوە بکەنەوە دەق شتێکی موقەددەسە.

*** لەیەکێك لە وانەکانتدا باست لە لایەنە میتافیزیکییەکانی شکسپیرت کردووە، ئەکرێت ئەم لایەنەمان بۆ شی بکەیتەوە؟**

– شکسپیر لە ناواخنی خۆیدا هەموو ساتێك لەبارەی سەرجەمی لایەنەکانی ژیان هەڵگری پرسیارێکە. شکسپیر لەبارەی هەموو شتێکەوە پرسیاری دەکرد. پێدەچێت ئەو پرسیارەش بکات (بڕی ئەو سۆزە چەندە کە لە مرۆڤدا هەیە؟) ئایا باشترە بێ سۆز بین؟ تا چ رادەیەك پێویستە مرۆڤ رابردووی خۆی رەخنە بکات یان بەربەرەکانی بکات؟) یان پێدەچێت پرسیارەکە ئەمە بێت: (ئایا بەهەشت و دۆزەخ بوونی هەیە، ئایا هێزێکی نەبینراو لەئارادایە کە خاوەن ناوی تارمایی و شەیتان بێت؟ ئایا شەیتان و تارماییەکان شتێکی زۆرتر تەمومژ و درکنەکراو دەشارنەوە؟ ئەم پرسیارانە لە زۆربەی بەرهەمەکانی شکسپیردا دەخرێنە روو. ناکرێت لە شکسپیر نزیك بیتەوە بەبێ ئەوەی درك بەوە نەکەیت کە ئەو لە بارودۆخێکی پرسیار لە بەرامبەر شتێك کە ناوی میتافیزیکایە دەژی. پێدەچێت یەکێکمان بیرمان بچێتەوە کە شکسپیر بە تەنها نووسەر نەبووە، بەڵکو لە هەمان کاتدا مرۆڤیش بووە. وەك مرۆڤیش شکسپیر لە ناواخنی خۆیدا هەموو ئەو شتانەی هەڵگرتووە کە لە بارەیەوە نووسیویەتی.



هەربۆیە هەموو تارماییەکی سۆزداریی و مانا لە بەرهەمەکانیدا بوونی هەیە. گەر یەکێکمان لایەنە میتافیزیکەکان نکوڵیی لێ بکات و پشتگوێی بخات، ئەوا بەشێکی جەوهەریی لە شکسپیر لێدەکاتەوە.

*** چۆن ئەمە لەسەر تەختەی شانۆ دەردەکەوێت؟**

– ئەمە بەشێوەیەکی تەواوەتی پشت بە بینەر دەبەستێت و هەست بەچی دەکات. پێویست ناکات هیچ لێدوانێك لەو بارەیەوە بدەم، بەڵکو قوورساییەکە دەکەوێتە سەر ئەو بینەرەی کە شانۆگەرییەکە دەبینێت و بە دەنگییەوە دەچێت.

*** پێشکەشکردنی ئەم شانۆگەرییە بە زمانی ئینگلیزی بۆ بینەری فەرەنسی بێگومان گرفتی دروستکردووە، چۆن مامەڵەت لەگەڵ مەسەلەی زماندا کرد؟**

– هەموو دەنگێکی پاکوپوخت و بونیادی وشەکان هەڵگری بەشێکی زۆرن لە واتا. نەوەد و پێنج بینەری فەرەنسی جووڵە و ریتمی زمان و دەنگیان موتابەعەکرد، لەگەڵ ئەوەی ئەوان زمانی ئینگلیزیش نازانن. پێویستە ئەکتەر بەرامبەر وشەکان هەستیار بێت و قەدری چێژ و دەنگ و خەیاڵی وشە بزانێت، تەنانەت وشە سادەکانیش. زۆرێك لە ئەکتەرە نوێکان و بەتایبەت ئەمریکییەکان پشت بەوجۆرە قسەکردنە دەبەستن کە لە ژیانی رۆژانەی خۆیاندا قسەی پێ دەکەن. ئەوشتەی کە ئەکتەر پێویستییەتی بۆ کارکردن لەسەری بەدرێژایی کات بریتییە لە دۆزینەوەی بیرۆکەی پشت هەموو وشەیەك.

ئەوکاتەی ئەمە دەکات تەنانەت لە بیرۆکەکەدا مۆسیقا دەدۆزێتەوە. تۆ ناتوانیت وشەکانی (لیر) کە دەڵێت: (هەرگیز... هەرگیز... هەرگیز) بەشێوەیەکی راست و رەوان بڵێیت ئەگەر هەوڵی شیکردنەوەی بدەیت بە پێوەرە مەترییەکان، (بول سکوفیل) هەموو شەوێك بە شێوەیەکی جیاواز دەیوت و هەموو جارێکیش مۆسیقایەکی جیاوازی هەبوو.

خودی مۆسیقاکە خۆی بیرۆکە و هەست بوو. بەهەمان شێوە لەرینەوەی ژێیەکانیش رێکخراو نەبوو. لەرینەوەکە ئەو لەرینەوەیەی مرۆڤ بوو کە دەکرێت بەهۆی ئەکتەری دۆزەرەوە و بەشێوەیەکی قووڵی هەست و بیرۆکەی راست بدۆزرێتەوە کە لە بونیادی راستەقینەی خودی وشەکانەوە دێت نەك بە تەنها لەبیرکردنەوەیدا. لەلای شکسپیر ئەو بیرۆکە پەستێوە لەهەموو دێڕەکاندا بوونی هەیە. هەروەها بیرکردنەوە بە شێوەیەکی وردو درشت بەهەموو دێڕەکان و بە تەنها تەجاوزی توانستی مرۆیی دەکات ئەگەر گوێت لە بونیادی کارەکە گرت، ئەوکات دەتوانیت رۆحی مۆسیقا و گرێدانی بە واتای تەواوەتی دەقەکەوە بدۆزیتەوە. ئەمەش ئەو شتەیە کە مۆسیقای خۆرئاوایی جیادەکاتەوە. کە پشت بەو بونیادە دەبەستێت کە دەکرێت پێشبینی بکرێت، بە واتایەکی تر ئەوکاتەی بیرۆکە و هەست دوو شتی راست بوون، ئەوا مۆسیقا بەتەنها هەڵدەقووڵێت، بەڵام جیاوازە لەو مۆسیقایەی کە فۆڕمی دەرەکی دەبەخشێت.

*** بۆچی هەڵبژاردنی زۆربەی رەنگەکانی جلوبەرگ لەنێوان خۆڵەمێشی و رەشدا بوو؟**



- من هەمیشە لە کارەکانمدا لەوپەڕی پێویستیدا بووم بۆ رەنگە بەهێزەکان، چ جای ئەوەی سەرزەمینێکی رەش یان خۆڵەمێشی یان کەسایەتی رەنگاو رەنگ یان پێچەوانەمان هەبووبێت. لەکۆتاییدا چێژی رەنگ لەم نمایشەدا لەسەر پەردەکان یاخود لەسەر زەویی بوونی هەبوو.

ئەوکاتەی دەستم پێکرد وتم جلوبەرگی هاوچەرخم ناوێت کە پێدەچێت لە کلێشە بچێت، هەربۆیە بە جلوبەرگی نا هاوچەرخ و ناتەقلیدیی دەستمان پێکرد و ئەمەش موجازەفەیەکی پڕ لەچێژ بوو. ئێمە لەبەردەم تراژیدیایەکدا بووین کە پێویستی بە جلوبەرگی ساکار هەیە، بەجۆرێك ئاستەم بێت ئەو قۆناغە بزانین کە دەینوێنێت. ئەکتەرەکان میکیاژ و بارۆکەیان بەکارنەهێنا. چرچ و لۆچییە سامناکەکانی (ئەدریان) بریتی بوو لە چرچییە خۆڕسکییەکانی خۆی و لە رۆڵەکەیدا ویستمان لەسەر هەقیقەتی سروشتی خۆی دەرکەوێت. هەوڵی ئەوەمان دا ژیانی رۆژانەمان خاوەن پەیوەستییەکی راستەقینە بێت بە دەورەکەوە. ئەگەر یەکێك بە (ئەدریانی) بوتایە کە لە نواندنی هاملێتی شای دانیمارك پێویستە شێوەی کەمتر لە پیاوێکی رەش بچێت، ئەوا ئەمە شتێکی ترسناك دەبوو.

*** چۆن ئامۆژگاریی و رێنماییەکانی (گوردجیف) کاریگەریی هەبوو بۆ سەر هونەرەکەت؟**

- بەشێوەیەکی رەها خۆم بەدوورگرت لە هەر شتێك لە زانیارییەکانی، کرۆتۆڤسکی و جوشایکن ئەو دووانە بوون کە لەم کایەیەدا بەشداربوون. راهێنانی دیاریکراو و پرەنسیپی کارکردن بوونی هەیە، وەك دانیشتن لە بازنەدا، گوێگرتن، هەستان بە راهێنانی جەستەیی، ئەمەش

پەیوەندییەکی سروشتی بە بنەماکانی کاری (گوردجیف)ەوە هەیە، بەڵام من ڕێچکە یاخود بنەمایەك یان بیرۆکەیەك لە کارکردندا بەکارناهێنم وەك دارشتن یان بونیاد بۆ کاری شانۆیی.

وا دیارە کەسێك نەتوانێت لە پرۆسەیەکی گەڕانی ناوەکی بەشداریی بکات بەبێ ئەوەی لە توانستی خودی خۆی زیاد بکات لەسەر بەدەنگەوەهاتن، چونکە ئەمە پرۆسەیەکە وات لێدەکات زیاتر هەستیاربیت، پێدەچێت باشترت نەکات، بەڵام بێگومان وات لێدەکات کراوەتر بیت. ئەوکاتەی هەڵدەستم بە ڕاهێنانەکان بیر لە تیۆرەکەی (گوردجیف) ناکەمەوە، هیچ شتێك لەوە سامناکتر نییە کە بانگی ئەکتەرەکان بکەیت و ئەوەیان پێ بڵێیت کە ئەمڕۆ لەم شانۆگەرییەدا هەڵدەستین بە بەرجەستەکردنی ئەزموونێکی ئاینی و بەشوێن لایەنە ڕۆحییەکانیدا دەگەڕێین. ئایا دەتوانین ئەندێشەی شتێك لەمە ترسناکتر بکەین.

*** بەبۆچوونی خۆت گرنگترین بەرهەمەکانت چین؟**

- بیر لەهیچ کارێك ناکەمەوە کە پێشتر کردوومە، من ئاوڕ لە ڕابردووی خۆم نادەمەوە. بەهیچ مانایەك لە ماناکان خاوەن هەستێکی شانازیکردن نیم. من ئیشدەکەم و لەهەمان کاتدا بەتەواویی درك بەوە دەکەم کە ئەگەر کاروبارەکان بەشێوەیەکی باش لەوکارەدا بەڕێوەبچێت کە کاری تێدا دەکەم، ئەوا ئەمە یارمەتیم دەدات بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمەکەی دوای ئەو. ئەگەر دووچاری نوشوستیش بووم، ئەوا ئەو دەمە



دەبێتە هۆی دروستکردنی ئاستەنگیی بۆ بەرهەمی دواترم، بەڵام ئەگەر سەرکەوتنم بەدەستهێنا ئەوا ئەمە هەمووان دڵخۆش دەکات.

*** بەرامبەر ناوبانگییەکەت هەست بەچی دەکەیت؟**

- هەست بەهیچ ناکەم، من بەجدییەوە مامەڵەی لەگەڵ ناکەم و بەرامبەری هەست بە ڕازیبوونێکی قووڵ ناکەم. بێگومان من سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە یارمەتییان داووم.

*** بەریەککەوتنێکی ئاڵتوونیی هەیە لە ژیانتدا، هەست بەچی دەکەیت بەرامبەر ئەمە؟**

- پێم وانییە خەڵك بەهۆی ئەو شتانەی بەسەریان هاتووە بتوانن بەهادان بە خودی خۆیان بچننەوە. ئەوە گەشەدان یاخود بارودۆخی ژیانە کە پەیوەستە بە هاوکاریکردن یاخود ئەو بەربەستانەی کە ئەوانی تر دەیخەنە بەر ڕێگەمان. لەوکاتەوەی مرۆڤ لەدایك دەبێت ئەوا شتێك لەگەڵیدا گەشە دەکات. پلە بەپلەش کە لە ڕابردووی خۆی دەڕوانێت ئەوە دەبینێت کە لە ڕێگایەکی نەوەستاودا ڕۆشتووە، بەڵام بەهای کارەکە بزانێت و بڵێت من هەستاوم بەمە، ئەوا ئەم کارە وتنی کارێکی زەحمەتە.

تێبینی:

ئەم چاوپێکەوتنە لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٢ سازکراوە.

سەرچاوە:

گۆڤاری (الحیاة المسرحیة)، ژمارە (٥٣)ی ساڵی ٢٠٠٣.



## ئۆرهان پاموك:
## دەمەوێت نووسەرێکی ئازادبم، نەك كەسايەتييەكی سياسیی

سازدانی: ليلا عزام زانفانە (رۆژنامەی لۆمۆند)

(مليۆنێك ئەرمەنی و سی هەزار كورد لەسەر ئەم خاكەی من (توركيا) تيرۆركراون و جگە لە من كەسێكی تر جورئەتی ئەوە ناكات قسە بكات)، ئەمە ئەو شتە بوو كە ئۆرهان پاموكی رۆماننووسی توركی لە مانگی فەبرايەری ساڵی ٢٠٠٥ بۆ رۆژنامەيەكی سويسری دركاندی و بەو هۆيەوە حكومەتی توركی و توركە ناسيۆناليزمەكان كەوتنە خۆ و داوای لەناوبردنی سەرجەم نووسراوەكانی ئەم رۆماننووسەيان دەكرد و



دادگايان لە پاموك گرت و ئەگەر پاڵەپەستۆ و فشاری رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و كەسايەتييەكان لەسەر ئاستی نێونەتەوەيی نەبووايە، ئەوا پاموك وا بە ئاسانی و بەزوويی لە گێرمەو كێشەكانی دادگا رزگاری نەدەبوو، خۆشبەختانە لە كۆتاييەكانی مانگی تشرينی دووەمی ٢٠٠٦-دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی ئەو ساڵە درايە ئەم رۆماننووسە.

ئەو گفتوگۆ رۆژنامەوانييانەی كە رۆماننووسی توركی ئۆرهان پاموك براوەی خەڵاتی نۆبڵی ٢٠٠٦ پێی هەڵدەستێت زۆر كەمن، بەڵام ئەوكاتەی قسە بۆ رۆژنامە دەكات چەند بيروبۆچوونێكی گرنگی خۆی و كاريگەر دەخاتە روو چ لەبارەی جيهانی رۆماننووسی خۆيەوە، ياخود سەبارەت بە ئەزموونە سياسييەكانی.

لە ١٢ی ئايار كچە رۆژنامەنووس (لەيلاعەزام زانفانە) لە رۆژنامەی لۆمۆند، لەسەر وەختی چاوخشاندنەوەی دادگای توركيا بە دۆسيەی دادگاييكردنی ناوبراو بە تۆمەتی ناشرينكردنی شوناسی توركی گفتوگۆيەكی لەگەڵ پاموك ئەنجامداوە و لێرە بەدوا ئەو گفتوگۆيە بڵاودەكەينەوە، بەوپێيەی كە ئەم گفتوگۆيە بەڵگەنامەيەكی گرنگە لەبارەی نووسەر و مەسەلەكەيەوە.

**❋ ساڵی ١٩٨٥ هاوەڵی ئارتۆر ميللەر و هارۆڵد پينتەرت كرد لە گەشتێكدا بەچاودێريی ئەنستيتيوتی ئەمريكی (بان)و رێكخراوی (هلنسكی وتش)، بە ئامانجی ئامادەكردنی راپۆرتێك لەبارەی مافەكانی مرۆڤ لە توركيا. ئەم سەركێشييە چ هەستێكی لەلا بەجێهێشتوويت؟**

- لەساڵی ١٩٨٠ كودەتايەكی سەربازيی روويدا و ئازاديی بيروڕا هەڵپەسێردرا و مافەكانی مرۆڤ پێشێل كرا. گرتووخانەكانيش شانۆيەك بوون بۆ زۆرێك لە ئەشكەنجەدان، بەڵام خەڵك سەرەڕای هەموو شتێك

قسەیان دەکرد، خێزانی بەندکراوەکان، هەروەها بە هەمان شێوە نووسەرەکانیش...

*** ئایا هەستت بە پاڵپشتی یاخود بە لۆمەکردن یان هەردووکیان پێکەوە دەکرد؟ چونکە ڕۆمانەکانت خەسڵەتێکی دووفاقی هەیە وەك وێنەیەکی نزیك بە ترس و دڵەڕاوکێ...**

- لەلایەکەوە هەستم بە شەرمەزارییەکی گەورە دەکرد هاوشێوەی ئەو شەرمەزارییەی کە لە ناوچەکانی تری جیهاندا درکم پێکرد لەو کاتەی گرووپێك لە بیانییەکانی ئەمریکا یاخود ئەوروپا دێت بە ئامانجی چێکردن و سازدانی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی سروشتی دیموکراتییەت یاخود نەبوونی ئازادییەکان: ئەم کارە دەبێتەهۆی شەرمەزارییەك کە ئاستەمە بتوانم گوزارشتی لێ بکەم، لەگەڵ ئەوەی کە هەستێکە باڵی کێشاوە بەسەر هەموو خەڵك. لەلایەکی ترەوە لەپڕ وام بە ئەندێشەدا دەهات کە دەکرێت هاوپشتییەکی نێو نەتەوەیی لەنێوان ئەو نووسەرانەدا دروست بێت کە دادەنرێن بە نوێنەری نەك تەنها ڕەگوڕیشەی نەتەوەکەیان، بەڵکو تێکڕای جیهان. ئەمە هاوپشتییەکی زادەی ڕێزلێنانێکی بەرابەرییە، بەڵکو من بە ڕێزلێگرتنێکی موقەدەس بۆ ئازادیی دەربڕین ناوی دەبەم.

*** بەڵام تۆ لە بنەڕەتدا ڕۆمانووسێکی سیاسیی نیت و حەز بەوە دەکەیت کە جیهانی هەمەجۆر و خەیاڵیی تایبەت بەخۆت خەڵق بکەیت، ژمارەیەك لە ناونیشانی ڕۆمانەکانیشت هەڵگری ئاماژەن بۆ ڕەنگەکان، وەك (ناوم سوورە و پەڕتووکی ڕەش و قەڵای سپی پۆش...**

- ڕاستە من لە سەرەتادا زیاتر مەیلگیری قوتابخانەی نابۆکۆفییەت (نابۆکۆف)بووم. لەو قۆناغانەی سەرەتادا بەجۆرێکی تایبەت بۆ



جوانکاریی دەمنووسی و لەو کاتەی کە نەوەیەکی تەواوەتی لە نووسەرانی تورك خۆیان بە ڕۆمانووسی ئەمریکی شتاینبك یاخود گۆرکی رووسی دەنواند، کرۆکی توانایی خۆیان لەڕێی خستنە بەر خزمەتی شتێکدا تێکدەشکاند کە پێویست بوو لەسەریان ئەو شتانە تێپەڕێنێت. نابۆکۆفم دەخوێندەوە و خەونم دەبینی. دوای بیستوپێنج ساڵیش ئەوەم بۆ دەرکەوت ئەگەر لەو قۆناغەدا ئەو هەڵەیەم بکردایە و ڕۆمانی سیاسیم بنووسیایە ئەوا لەناودەچووم و سیستمەکەش دەمێك بوو لەناوی بردبووم.

*** ئەی لەبارەی ڕۆمانی (بەفر) کە ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوکرایەوە؟ بۆچی لەپڕ ڕۆمانێکت لەبارەی ئیسلام و قەومیەت و خۆکوشتنی کچانێك نووسی کە لە گوندێکی بچووکی باشووری خۆرهەڵاتی وڵات ناچاردەکرێن بەلابردنی حیجابەکانیان؟**

- بڕیاری ئەوەم دا کە ڕۆمانێکی سیاسییانە بنووسم، چونکە لەپڕتاو حەزم بەوە کرد کە واقیعی وڵاتەکەم بەڕێگەیەکی جودا بگێڕمەوە. لە ڕاستیدا هەریەك لە ڕۆمانەکان خاوەن چنینی جیاوازن. هۆکاری پشت ئەمەش ئەوەیە کە: زۆرجار لە یەکێك لە شەقامەکانی ئەستەنبوڵ کەسانێك دەبینم کە پێم دەڵێت: (ئاه... بەڕێز پاموك بەداخەوە! زۆرحەزم لەم ڕۆمانە یان ئەو ڕۆمانەی تر کرد، بەڵام لەدوای ئەوە هەرگیز شتێکی ترت نەنووسی کە هاوشێوەی بێت!). ئەمەش بەلای منەوە بەتەواویی واتای ڕۆمانی جیاوازە... لێرەدا سەرجەمی چنینەکە بە بەرهەم دێت، لە توانستێکی هەمیشەییەوە بۆ نوێکردنەوە و دواجاریش نووسین دەبێتە پرۆسەیەکی هونەریی ڕووت.

*** ئایا ئەمڕۆکە هەست بە جۆرێك لە بەرپرسیارێتی دەکەیت لە تورکیادا؟**

- با ئەوە بڵێین کە من هیچ کاتێك مەبەستم ئەوە نەبووە کە قوورسایی زۆربەی ئەو بەرپرسیارێتییە سیاسییانە هەڵگرم کە لە ئەستۆم نراوە! بەڵام بەوە کۆتاییهات کە هەموویان بە کرداری ئیرەیی و رقلێبوونەوە و تابۆکان و پاڵەپەستۆ هەمەجۆرەکانەوە هاتنەوە لام. وەك ئەوەی رۆژێك لە رۆژان بێ دەربەستانە بە رێگەیەکدا برۆیت و لە بەرزاییەوە شتێك بەرسەرت بکەوێت. لەبەرئەوەی کە وڵات لە چەوساندنەوەدا دەژی و بەهۆی ئەوی کە من بەشێوەیەك لە شێوەکان پێگەیەکی نێودەوڵەتیم هەیە، ناچارکراوم بە بەرگەگرتنی ئەم قەدەرە نوێیە. ئەم کارە خۆشحاڵم دەکات. وەك ئەوەی بەنهێنی خەون بەوەوە دەبینم کە هونەرمەندێکی ئازادبم. ستایلی نووسین و شێوازی دارشتنی بیرۆکەکانیشم رۆحیەتێکی منداڵانەم لێدەخوازێت. لە بریاردانی دەروونی خۆمدا بەرپرسیارێتی نووسین بە گەمەی شێتانە و ئەفسوونی پرەنسیپەکانی دونیا دیاریی دەکەم. لە نووسیندا ئەوە سوودی نییە کە رۆماننووس کەسێتییەکی گشتیی بێت، ئەمە چ جای ئەوەی کە رۆماننووس کەسێتییەکی سیاسیی بێت! ناتوانم بڵێم ئەمە چ کارەساتێکە!

*** بەڵام زۆرێك مەسەلە و بابەت هەیە کە جێی گرنگی پێدانتن. بە کەرامەت و خۆشحاڵییەوە ئازادیی بیروڕات دیاریی کرد، لەپای ئەو کێشە یاساییانەی کە رووبەرووی دەبیتەوە، هەست بەوە دەکەیت کە پێویستت بەوە هەیە کە لەپێناوی ئازادیی بیروڕا تێ بکۆشیت؟**

- ئەوەم بەسە بنووسم. جگە لەوە هەموو شتەکانی تر لە بەدبەختییەوە بۆم رێکەوتووە، چونکە من کەوتمە جێگەیەك کە حەزم پێی نەبوو، هەربۆیە یان ئەوەتا بکەومە خەندەقێکەوە یان یەکێکیان هێرشم بۆ بەرن و ناچارکرێم کە خەندەقێك دروست بکەم تاوەکو خۆم بپارێزم.



*** ئەی لەبارەی یەکێتیی ئەوروپا، ئایا هیواخوازیت تورکیا لەم یەکێتییە وەربگیرێت؟**

- بەڵێ، من پاڵپشتی ئەم هەنگاوە دەکەم. زۆرێك لە سیاسییەکانیش داوای یارمەتییان لێکردووم. زۆرێك نووسین و وتارم لەو بارەیەشەوە نووسیوە. لەپڕ وا خۆم بینییەوە کە دوای سەرابێك کەوتووم. لەو بڕوایەدابووم کە لە توانای ئەوروپا و تورکیادا هەیە بگونجێن، بەڵام (حەز)ێکی بەرابەری نییە لەنێوانیاندا. هەربۆیە وا بەباش دەزانم بگەڕێمەوە بۆ رۆمانەکانم.

*** ئەو نووسەرە کێیە کە بەرەهایی پێی سەرسامیت؟**

- مەزنەکان: (تۆڵستۆی، نابۆکۆف، تۆماس مان و بێگومان پرۆست)یش، بەڵام پێویستە لەسەرم لەرێی جیهانی خۆم و جیهانی ئەستەنبووڵەوە هەوڵی وێنەکردنیان بدەم. لەکاتێکدا زۆربەی نووسەرەکانی تورکیا سەرقاڵی نووسینە واقیعی و کۆمەڵایەتییەکان بوون. پرۆست لە گەشتێکدا بەنێو گوزارشتە درێژ و نامۆکانی، بە روون هەندێ جار و هەندێ جاری تر تەمومژ بەرەو گەشتێکی دەبردم. لەگەڵ ئەوەدا ئەو گەشتە پڕ لە خۆشیی بوو و ماناکانیشی تا ئەوپەڕی ناکۆتایی بوو.

*** بەر لە رۆمانی بەفر رۆمانی سیاسیی کێشی کردبوویت؟**

- بەڵێ، رۆمانێکم هەیە کە هێشتا تەواو نەبووە و تەمەنی بیستو پێنج ساڵە. بەلای منەوە رۆمانێکە لەسەر شێوازی دیستۆڤسکی، بەجۆرێك کە رادیکاڵیەتی چەپڕەو لەگەڵ هێزی نامۆ بەیەك دەگەن، بەڵام لەو کاتەدا کودەتایەك هەڵگیرسا و نەکرا بڵاوبێتەوە. لەو کاتەشدا ئەوەم درك پێکرد کە هەندێك لە هاوڕێ کۆنەکانم کە خاوەن مەیلی مارکسی

بوون، ئیسلامی توندڕەو و گوتاری دژ بە خۆرئاوا پەلکێشی لای خۆیانی کردبوو.

*** لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە بەر لە مانگێك لە دادگاییکردنەکەت لە ئەستەنبوڵ لە گۆڤاری (نیویۆرکر) بڵاوبووەوە نوسیووتە، کە قەومیەتی تورکی ڕەگوڕیشەیەکی نامۆی هەیە کە لەنێوان فیکر و بۆرژوازییەتدا یەکدەگرێتەوە...**

- بەڵێ، وەك ئەوەی بەو کارە خۆم لە ترسی تارمایی هەڵوەشاندنەوەی بەجیهانیی کراو و شەڕەنگێزیی بوغز و کینی چینە پرۆلیتارییەکان بەدوور بگرم، بەڵام چینە رۆشنبیرەکان هەندێکجار پەنادەبەنە بەر توندترین باری ناسیۆنالیزمی، کە ئەویش بانگەشەکردنی (بەتەنیا تورکین و هیچی تر).

*** ئەی سەبارەت بە ڕۆمانە تازەکەت دەڵێی چی، ئەو ڕۆمانەی کە تیایدا باس لە کۆمەڵگە خانەدانەکەی تورکیا و سەرکێشییە کۆمەڵایەتی و سێکسییەکانی دەکەیت لە تورکیای هاوچەرخدا؟**

- هێشتاکە هیچ پێشکەوتنێکم تیادا بەدەست نەهێناوە، دادگاییکردنەکان زۆرێك لە کاتەکانی منیان برد و چیدی ناتوانم بەرگە بگرم!!

*** دەتوانیت بڵێیت ئەم مەسەلەیە ڕێڕەوی ژیانی گۆڕی؟**

- ژیانم وەك ڕۆماننووسێك بێگومان، بەڵام من لە ئێستادا لە هەوڵی ئەوەدام ئەو ژیانەی بەر لە مەسەلەکە و بەر لە هەڵکردنی گەردەلوولەکە بەدەست بهێنمەوە.



*** ئۆرهان پاموك:**

لەدایکبووی ٧ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٢-ەو لە خێزانێکدا پەروەردە بووە کە بە زمانی فەڕەنسی قسەیان کردووە. لە تەمەنی ٢٣ ساڵیشدا دەستبەرداری خوێندنەکەی بووە لە بەشی ئەندازیاریی و دەستی داوەتە کاری ئەدەبی و لە دوای حەوت ساڵ یەکەمین ڕۆمانی خۆی بەناوی (جەودەت بەگ و منداڵەکانی) بڵاوکردووەتەوە و ڕۆمانی شەشەمی کە ناوی (ناوی من سوورە) دەرگای ناوبانگی جیهانیی بەڕوودا ئاوەڵاکرد. پاموك ژنەکەی تەڵاق داوە و خاوەن کچێکە و لە ئەستەنبوڵ نیشتەجێیە. ئەمەو بەهای خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەك باقی خەڵاتەکانی تری نۆبڵ ١٠ ملیۆن کرۆنی سویدییە، بەواتای (١,١) ملیۆن یۆرۆ.

پاموك لەلایەن ناسیۆنالیستەکانی تورکەوە و بەهۆی داکۆکیکردنی لە هەردوو مەسەلەی کورد و ئەرمەنەکان، دووچاری چەندین ڕەخنەگرتن بووەوە بەتایبەت لەو دەمەی کە لە مانگی شوباتی ٢٠٠٥ و لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ گۆڤارێکی سویسری ئەوەی ڕاگەیاند کە ملیۆنێك ئەرمەنی و سی هەزار کورد لەسەر خاکی تورکیا کوژراون و جگە لە من کەسی تر جورئەتی ئەوە ناکات ئەم قسەیە بکات، هەر بەو هۆیەوە و بە تۆمەتی لەکەدارکردنی میللەتی تورکی، دادگای تورکیا چەندین داوای یاسایی لەسەر ئەم نووسەرە تۆمارکرد و بەهۆی فشاری زۆری کەسایەتییە ڕۆشنبیرەکانی جیهان و ڕێکخراوە مەدەنی و فەرهەنگییەکان، دادگای تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٦-دا دۆسیەکەی داخست. پاموك پێشتریش چەندین خەڵاتی ئەدەبی وەرگرتووە، لەوانە: خەڵاتی ئاشتیخانەکانی بڵاوکردنەوەی ئەڵمانیا لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٥.

سەرچاوە:

إعداد قسم الترجمة في «دار الحياة»،

الحياة، ١٤/١٠/٢٠٠٦ .



## ئێنگمار برگمان:
## چاپووکیی مرۆڤ لەوەدایە بە بەردەوامی لەگەڵ خەڵك بێت

**سازدانی: ستیج برکمان**
**و. عەرەبی: محەمەد هاشم عەبدولسەلام**

بە کۆچکردنی دەرهێنەری سویدی ئێنگمار برگمان لە ٣٠ی مانگی یۆلیۆی رابردوو، سینەمای جیهانیی یەکێك لە گرنگترین دەرهێنەرە گەورەکانی لەدەست دا، کە خاوەن پێگەیەکی زۆر باش بوو لەپاڵ هاورێ مەزنەکانی لە نموونەی "هیچکۆك و ئۆرسۆن ویلز و فیللینی".



هەروەها برگمان ئەویندارى شانۆ بوو و توانیویەتی کۆمەڵێك تێکستی بەرهەمەکانی شکسپیر و چیخۆف و چەندانی تر بگوێزێتەوە بۆ سەر شاشەی سپی، بەمەش چەندان فیلمی سینەمایی نەمری پێشکەشکرد.

گۆڤاری (دبي الثقافي) ئەم چاوپێکەوتنەی بڵاودەکاتەوە کە ستیج برکمان لە ساتی وێنەگرتنی برگمان بۆ فیلمەکەی (بەرکەوتن) لەگەڵیدا ئەنجامیداوە.

*** ئایا دەتوانیت بەدیاریکراویی زاراوەی دەرهێنانی سینەمایی پێناسە بکەیت؟**

دەرهێنانی سینەمایی؟ باشە، دەرهێنەرێك هەیە وتی دەرهێنەری سینەمایی ئەو کەسەیە بەهۆی زۆریی گرفتەکانەوە هەرگیز کاتی بیرکردنەوەی نییە. ئەمە نزیکترین پێناسەیە دەکرێت بیری لێ بکەمەوە.

لە پاشان، بێگومان مرۆڤ دەتوانێت زۆرشت لە رێگەی راگوزارییەوە بەرهەمبهێنێت، لە توانای مرۆڤدا هەیە هەموو جۆرە راڤەکارییەك بەرهەمبهێنێت و دەشتوانێت بڵێت ئاراستە و روانینی سینەمایی بریتییە لە گۆڕینی روانین و بیرکردنەوە و خەون و ئاواتەکان بە وێنە، بە جۆرێك بە زۆرترین ئەو رێگایانەی کە کاران، هەڵدەستێت بە گواستنەوەی ئەم هەست و سۆزانە بۆ بینەران، بەمەش مرۆڤ جۆرێك لە نیوەند و رایەڵ دروست دەکات، ئەم گرتە درێژە لە فیلم کە سەرلەنوێ لەرێی زۆرێك لە ئامێر و کەرەستەوە لەدایکبوونەوەی خەونەکانی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە، لەگەڵ گێڕانەوەی وێنەکان بۆ هەست و سۆزەکانی ئەوانی تر و بۆ خەڵکی تر، من نایزانم.

هەروەها دەشێت مرۆڤ بڵێت، دەرهێنانی سینەمایی لە رێگەی بەشداریکردنی رێژەیەکی زۆر لە خەڵك و ئەکتەر و هونەرییەکان، لەگەڵ

ژمارەیەکی باش لە کەرەستە، دەتوانێت پێناسەیەکی تەکنیکی ببەخشێت... ئەمە ئەو شتانەیە لە واقیعدا هەیە، سەرەڕای ئەوەی نزیکەی ٢٧ ساڵە هەڵدەستم بە کاری دەرهێنانی فیلم، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم بە روونیی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە.

*** لە فیلمێك بۆ فیلمێکی تر هیچ بیرکردنەوەیەکی یەکگرتووت هەیە، بەجۆرێك لەکاتی هەستان بە کارەکەتدا بۆی بگەڕێیتەوە، چۆن فیلمەکانت بەرهەمدەهێنیت؟ یان ئەوەتا دەگۆڕێن؟**

نەخێر، ڕێگەیەکم هەیە بە لەسەرخۆییەکی زۆر گەشەی کردووە و ساڵانێکی زۆریشی خایاند بۆ ئەوەی دروست بێت.

ڕۆژێکیان لە (فارو) بەلەمێکی کۆنم بینی کە سەد ساڵ دەبوو دروستکرابوو، زۆر جوان بوو، بەڵام خاوەنەکانیشی باسی ئەوەیان دەکرد کە چەند باش بووە بۆ کاری دەریاوانیی بەجۆرێك لە وەسفکردن نایەت. ئەم بەلەمە بەهەمان ئەو ڕێگەیە بونیاد نراوە کە نزیکەی سەدەیەك لەمەوبەر کەشتی و بەلەمە قەبەکانی پێ دروستکرابوو.

ئەو بەلەم و کەشتیانە بەپێی وەسفێکی تایبەت دروستکراون، کە بێگومان بەپێی گۆڕانی سەدەکان و گەشەکردنی بەهرەمەندیی و دانایی خەڵك دروستکردنیان، جیاوازیی بەخۆوە بینیوە.

دەتوانم بڵێم لە دەوروبەری ئەو ٢٧ ساڵەی وەك دەرهێنەر کارم تێدا کردووە، توانیومە کەشتییەك بۆ خۆم دروست بکەم کە لە ڕێگەیەوە بەناو دەریاکەوم و سەرجەمی کێشەکانی بەردەم پرۆسەی دەرهێنان ببەزێنم. کەرەستەیەکی پراکتیکیم بونیادناوە، ڕێگەیەکە سات بۆ ساتێکی تر بەکاری دەهێنم، بەڵام بەهەرحاڵ ئەم ڕێگەیە دەبێت لەگەڵ هەموو ئەو بارودۆخ و بابەتانەی کە مامەڵەی لەگەڵ دەکەم یاخود لە فیلمەکانمدا



باسی دەکەم بگونجێت، بەڵام لە رووی مەبدەئەوە خاوەن سیستمێکی زۆر حیساب بۆکراوم.

*** دەتوانیت کارەکە بەڕێگەیەکی تەواو پراکتیکی وەسف بکەیت، چۆن فیلمەکانت جێبەجێکراون. لە کوێوە بیرۆکەی فیلمەکانت دەهێنیت، بێگومان، ئەوانە کۆمەڵە کاتێکی جیاوازن، زۆریش جیاوازن، بەڵام دەتوانیت نموونەیەکمان بدەیتێ سەبارەت بە چۆنیەتی بەدەستهێنانی بیرۆکەیەك و گۆڕینی بە فیلمێك؟**

- تا ئاستێکی زۆر دوور ئەوە پرۆسەیەکی نالۆژیکییە، بەجۆرێك هەموو جارەکان دڵ یاخود لوبی فیلمەکان بە تەواویی جیاواز دەردەکەوێت، لە بنەڕەتدا مادەی تەقاوە فیلم بەرهەمدەهێنێت، دەشکرێت فیلمی کۆتایی لە ئارەزووی پڕوپووچ پێك بێت، بیرۆکەی فیلمی (برسونا) بەنموونە، لەڕێی وێنەوە هات، ڕۆژێك لە ڕۆژان لەناکاو دوو ژنم بینی بە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون و دەستەکانیان بە یەکتری دەچوواند. لە دڵی خۆمدا وتم یەکێکیان لاڵە و ئەوی تریان دەتوانێت قسە بکات.

ئەم بیرۆکە بچووکە جار و بار بەبیرمدا دەهاتەوە و پرسیاری ئەوەم کرد بۆچی بەبیرم دێتەوە و بۆچی خۆی دووبارە دەکاتەوە؟ ئەمە وەك ئەوە وابوو کە وام لێبکات دەست بکەم بە کارکردن لەسەری. لە پاشان درکم بەوە کرد کە شتێك هەیە لە باکگراوەندی ئەم وێنەیە، کارەکەش وا دەهاتە پێش چاو وەك ئەوەی لەبەردەم یەکێك لە دەروازەکان بم، ئەگەر بە وریاییەوە دەرگاکەم کردەوە، پانتاییەکی دوورو درێژ دەبینم و لەناکاو ئەو دیمەنانە دەبینم کە بە خودی خۆی گەشە بە خۆی دەدات، لەگەڵ ئەو خەڵکانەی کە دەست دەکەن بە قسەکردن و ئەو بارودۆخانەی لە هەموو لاکانەوە دەست دەکەن بە گەشەدان و پەرەسەندنی خۆیان.

بەڵام پێم وایە ئەمە بەسەر هەموو بەرهەمە هونەرییەکاندا پراکتیك دەکرێت، پێدەچێت فیلمەکە روانینئامێز بێت، بەلای منەوە فیلمەکە لە رێگەی ئیقاع و رووناکی بەردەوام دەبێت لەگەشەدان بەخۆی و ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ وێنە، لە فیلمی (برسونا) ئەوە بەدی دەکەیت کە رووناکییەکە لەڕێی دوو کلاوەوە دەشکێتەوە یاخود پەکی دەکەوێت، ئەو کلاوانەی کە دوو کارەکتەرەکە لەسەریان نابوو و دەموچاوی دوو ئافرەتەکەی شاردبووەوە. تیشکی خۆر لەم وێنەیەدا زۆر بەهێز بوو، زۆر نامۆ و سەیریش بوو، بەڵام رووناکیی بەشێکی تەواوکراوە لە شارەزاییە سەرەتاییەکانم، ئەم شارەزاییەش لە زۆر کاتدا بریتییە لە وێنەیەکی زۆر بەرجەستەکراو و جۆرێك لە هەستی بیستراو.

دەشێت بیرۆکەکانی تر لە خەون یاخود لە پارچەیەك میوزیکەوە گەشە بکەن، بەنموونە فیلمی (بێدەنگیی)، لە کۆنشێرتۆی (بارتوك) بۆ ئۆرکێسترا گەشەی کرد، فیلمی (رووناکی زستان) لە سیمفۆنیای (سترافنسکی).

من نازانم چۆن، بەڵام زۆرجار مۆسیقا لە ناخمدا گرژییەك یاخود بارودۆخێکی تایبەت دروست دەکات.

فیلمی داهاتووم بەهەمان شێوە لەسەر تاکە ئاوازێك (سۆناتا)ی (باخ) دامەزراوە، تاك ئاوازێك بۆ ئامێری کەمان، من نازانم بۆچی؟ بەڵام مۆسیقا شتێك لەوانەی دەتەوێت بیڵێیت، یان دەتەوێت باسی بکەیت و بیگێڕیتەوە، ئازاد دەکات، پێدەچێت کاتێکی زۆریش بخایەنێت بەر لەوەی خۆی بەرجەستە بکات لە وشەکاندا و پێش ئەوەی بەشێوەیەکی رەها ببێتە نووسراو.



ئەو قۆناغەی کە زێدەتر چێژبەخش و خۆشە، ئەو قۆناغەیە کە پەیوەست دەبێت بەشتێکەوە کە لەناخی خۆتدا تەواو کامڵ نییە.

*** کە سیناریۆی فیلمی(بەرکەوتن) دەخوێنینەوە، وا دەردەکەوێت کە زۆر جیاوازە لە فیلمەکانی پێشووت، بەر لە هەر شتێك وا پێدەچێت چیرۆکێکی رۆژانە بێت و زۆر تەجاوەزی ئەو شتانە بکات کە پێشتر پێوەی پەیوەست بوویت؟**

- بەڵێ، فیلمی (بەرکەوتن) وا پێویست دەکات چیرۆکێکی رۆژانە بێت، فیلمەکە لە بنەڕەتدا وەك پۆرترێتی ئافرەتێك ئەندێشەی کراوە، فیلمەکە باس لە ئافرەتێکی جوان و جیاواز و سەرنجڕاکێش ناکات، بەڵکو باس لە ئافرەتێك دەکات کە ژنی ماڵەوەیە و سەر بەچینێکی نێوەندە و لە ژینگەیەکی زۆر پارێزگارە، لە جیهانێکی دابڕاو و زۆر گۆشەگیر لە جیهانی راستەقینە و کارەساتەکانی.

ئەو ئافرەتە ژنی پزیشکێکی گەورەیە لە شارۆچکەیەکی بچووکدا. ئەوان دەوڵەمەندن و بەباشی دەژین و خاوەن دوو منداڵی سەلارن کە لە ژینگەیەکی جواندا ژیان بەسەر دەبەن.

ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بوو، بریتی بوو لە وێنەکردنی ئەم ئافرەتە و وێنەکردنی پۆرترێتێك بۆی لە بارودۆخێکی دیاریکراودا. لە ئاکامی ئەوەدا، یەکێك لە ئەرکەکانم ئەوە بوو خۆم سەرقاڵ بکەم بە زنجیرەیەك لە وردو درشتی بەرجەستەکراو بەرێژەیەکی گەورە و لەپاشان چیرۆکەکە لێوەی گەشە بکات.

*** ویستت رەخنە لە شێوە ژیانی تەقلیدیی چینی نێوەند بگریت، یان شتێك لەو بابەتە؟**

- پێم وایە شێوازی ژیانی بەشێوەیەکی سروشتییانە ڕەخنە دەکرێت، بەڵام من بڕوام وایە کە هەموومان پێویستە ئەمە بەو شێوەیە ببینین کە خۆمان دەمانەوێت. وەك بۆچوونی خۆم بەجۆرێك لە بێزارکەر دەیبینمەوە. لەجۆری ئەم ڕەخنەیە بە توندوتیژیی و ڕقلێبوونەوەوە گوزارشتی لێ نەکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەیەکە بەشێوەیەکی سروشتی لە مادەکەوە گەشە دەکات. لە کۆتایی فیلمەکەدا ئافرەتەکە هەوڵدەدات هۆکارەکانی مانەوەی لەگەڵ مێردەکەی بدۆزێتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە دەشێت ڕاست و ڕاستەقینە بێت، دەڵێت ئەمە ئەرکی خۆیەتی، بەڵام ئەویندارەکەی پێی دەڵێت (تۆ درۆ دەکەیت)، سێ جار ئەمە دووبارە دەکاتەوە.

کەواتە دۆخەکە بۆ بینەر بەجێدەهێڵرێت سەبارەت بەوەی کە دەیەوێت لایەنگری کام لایەن بێت.

ئایا درۆ دەکات یاخود ڕاستیی دەڵێت؟ بەلای منەوە ئەمە هیچ جیاوازییەك نانوێنێت.

*** بەڵام پێویستە شتێکی ونبوو لە ژیانیدا هەبێت لەچاو ئەوەی ڕێگە بەخۆی دەدات بە توندوتیژییەکی زۆرەوە کە هەست و سۆزی خۆی ڕووەو ئەو پیاوە ڕامالێت کە دەچێتە ژیانی؟**

- بێگومان، ئەو بەدوای ئەو برینەدا دەگەڕێت، بە سۆزێکی هەڵچووەوە بەدوایدا دەگەڕێت، لەپڕتاویش لە دەورێکدا هاوبەشی دەکات و چەقۆکە ڕووەو دڵی هەڵدەکێشێت هاوشێوەی کینەی تۆڵەسێنێك لە دوژمنەکەی لەکاتی خەودا.

ئەوە ئەو چەقۆیەیە کە ئەو بەدەستییەوە گرتوویەتی، بەپێی توانای خۆی گرتوویەتی و چەند جارێك لە هەموو لاکانەوە چەماندوویەتییەوە.



پرسیارەکە ئەوەیە کەواتە ئەمە بۆ ئەو بەس بوو، ئایا بە ئەزموونێکی مرۆییانە دەگەڕێتەوە؟ نامەوێت گاڵتە بە ژینگەکەی بکەم، ئەمە شتێکی پێویست نییە. ئەو لەخودی خۆیدا گاڵتەچییە، زۆریش ئاسانە لایەنی گاڵتەجاڕیی تێدا بدۆزیتەوە. ئەمە ئەو ژینگەیەیە کە خودی خۆم فامم تیادا کردەوە و ماوەیەکی زۆریش تیایدا ژیانم بردەسەر بەڕێژەیەك وام لێهات زۆر خووم پێوە گرتبوو.

*** بۆچی ئەکتەرێکی بیانیت هەڵبژارد بۆ ئەوەی هەستێت بە ڕۆڵی ئەویندارەکە، ئایا بیرکردنەوەت لە سەرەتادا وابوو کە هەر کەسێك لە ژیانیدا دەرکەوێت پێویستە بیانیی بێت؟**

- پێویستە کەسێك بێت لە جیهانێکی تەواو نامۆوە. ئەو کەسەش ڕەشپێست بێت، بەبڕوای من شتێکی زۆر دوور بوو، بەڵام هێنانی کەسێك لە ژینگەیەك خاوەن هیچ ڕەگوڕیشەیەك نەبێت، لە ڕەگوڕیشەیەکی تەواو لێکدابڕاو، ئەمە ئەو شتە بوو بەلای منەوە جێی گرنگی بوو.

بیرم لە کەسێکی یەهودی دەکردەوە کە سەرجەمی خانەوادەکەی لە کاتی سەردەمی هیتلەردا لەسێدارە درابن و لەگەڵ دۆستێکی هەڵهاتبێت و بچێت بۆ ئەمریکا و پاشان بچێت بۆ ئیسرائیل، کە بەهەمان شێوە بەجێی دەهێڵێت. ئەو کەسە کەسێکی تەواو دەربەدەر بوو.

کەواتە ئەو پێچەوانەی ئەو جیهانە گەورەیەیە کە لەسەر تەواوی سێبەرەکانی نەریت دەژی، ئەمەش هێزێکی گەورەی پێ دەبەخشێت دوور لە نەریتەکان.

*** لەزۆربەی کاتەکاندا جیهان لە لای بەرامبەرەوە دەبینیت، ئەمەت لە فیلمی (بێدەنگیی) و تەنانەت لە (بروسنا)کردووە.**

- ڕووەو ئەو ڕێگەیە کۆتایی دێت... من نووسەرێکی شانۆییم، ئەم گرژبوونانە لە ناخمدا هەیە، ئەمە زۆر سروشتییە.

*** لە فیلمێکەوە بۆ یەکێکی تر لەگەڵ هەمان ستاف و گرووپی نواندن کاردەکەیت، لە فیلمی (بەرکەوتن) بۆ یەکەمینجار ئەکتەرێکی بیانیت بەکارهێنا... چۆن بوو (ئەلیوت جولد)ت هەڵبژارد؟**

- ئەو کاتەی نمایشێك بۆ ماوەی سێ کاتژمێر، یاخود خولەکێك یان ١٠ چرکە دەبینیت، ئەوا درك بەوە دەکەیت کە ئایا حەز بەوە دەکەیت لەگەڵ ئەو ئەکتەرە کار بکەیت یان نا، هەروەها ئەوەشت بۆ دەردەکەوێت کە ئایا ئەو ئەکتەرە باشە یاخود بە تەنها کەسێکی فێڵبازە. کارکردن لەگەڵ ئەکتەرە ڕاستەقینەکان لە هەر جێگەیەکی جیهان مایەی چێژبەخشییە. وای بۆ دەچم لە ڕێی شارەزاییەوە ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە ئەکتەرەکان هەمان جۆری خەڵکن و خاوەن هەمان ئارەزوو و پێداویستین. ئەوانە، ئەکتەری ڕاستەقینەن.

بەوهۆیەوە بوونی ئەکتەری نوێ هیچ کێشەیەك دروست ناکات، (ئەلیۆت جۆڵد)م بەڕێکەوت لە یەکێك لە فیلمەکان بینی، ئەو بەشەش کە لە فیلمی (بەرکەوتن) هەستام بە نووسینی لە ڕاستیدا تەواو جیاواز بوو، پاشان کتوپڕ ئەوەم بەبیردا هات کە لێرەدا ئەکتەرێکم هەیە. ئەویش ڕەزامەندیی نواند لەسەر نواندن و دەرکەوتن لەم فیلمەدا و لەوکاتەش کە کەوتینە کارکردن، هەردووکمان ئەوەمان بۆ ئاشکرا بوو کە هەریەکەمان لە ڕێی کارکردنمان پێکەوە زۆر سوودمەند بووین.

*** لەدوای بینینی فیلمەکە، لە هەڵبژاردنەکەت دڵنیابوویت؟**



- ئەگەر تەنها یەك خولەکم لەو فیلمە ببینایە دەمتوانی ئەوەم بۆ دەرکەوێت. ئەمە ئەو ڕێگەیە کە کارەکەی لەسەر بەندە و ناکرێت مرۆڤ هەڵە بکات.

*** بۆچی کار لە فیلیمدا دەکەیت و بەردەوام دەبیت لەسەری لەبری ئەوەی خۆت تەرخان بکەیت تەنها بۆ شانۆ، یان بۆ ئەو شتەی کە خۆشتدەوێت؟**

- لەکۆتاییدا دەستبەرداری دروستکردنی فیلم دەبم. پێدەچێت خۆم تەرخان بکەم بۆ دەستدانە ئەزموونکارییە تەنها لە پێناوی خۆشبەختیی خۆم... "ناجرا" و "ئەریفلیکس"م هەیە هەردووکیان موڵکی خۆمن.

دەستدانە دەرهێنانی فیلم بە تەنها داواکارییەکی ئەقڵی نییە، بەڵکو زۆرێك لە توانای جەستەیشت دەبات. بەهەرحاڵ کۆمەڵە دەرهێنەرێکی زۆر کەم هەن شەست ساڵی تەمەنیان تەواوکردووە و تائێستاش هەر کاردەکەن.

جێی سەخت و دژوارییە بۆ دەرهێنەرێك کاری فیلمسازیی بکات لە ئەسکەندەنافیا، چونکە پێویستە لەسەری مامەڵە لەگەڵ زۆرێك لە کاری ئیداریی و کاری ڕێکخستن بکات، بەپێچەوانەی دەرهێنەرانی تر. وەك چۆن کاتێکی زۆر درێژتر بەسەردەبەن لە وێنەگرتن. قۆناغەکانی وێنەگرتنی کورت لەلای ئێمە پێکەوە نووساون و نزیکن لەیەکەوە و بەڕێژەیەکی زۆر کورت و تاساون.

هەربۆیە، ئەگەر خوا یاربێت و لە دەوروبەری دووساڵی داهاتوو توانیم لەسەر پێی خۆم ڕاوەستم، ئەوا پلانی ئەوەم داناوە خۆم خانەنشین بکەم.

چوار تا پێنج فیلم دەردەهێنم و خۆم خانەنشین دەکەم، بەڵام هۆکاری بەردەوامبوونم ئەوەیە چێژ لەبەرجەستەکردنی ئەم پیشەیە وەردەگرم، هەمیشە ئەم ئارەزووەم هەبووە. نازانم لەکوێوە دێت، پێم وابێت ئەمە ئاکامی پێویستییەکی زۆرە بۆ پەیوەندیکردن. پێویستییەکی گەورەم لەلا هەیە بۆ کاریگەرخستنە سەر خەڵکی تر، لە رووی جەستەیی و ئەقڵییەوە کاریگەریی بەسەر خەڵکی تردا بەجێبهێڵم، پەیوەندییان پێوە بکەم و لەگەڵیاندا بەردەوام بم. بێگومان، فیلمەکان هۆکارێکی باشن، دەکرێت لە رێگەیانەوە پەیوەندیی بەخەڵکی ترەوە بکەیت و بگەیت پێیان، جا چ بۆ بێزارکردن و وەڕسکردنیان یان بۆ ئەوەی وایان لێ بکەیت خۆشحاڵ بن، بۆ ئەوەی وایان لێ بکەیت غەمبار بن یان وایان لێ بکەیت بیربکەنەوە. پێدەچێت ئەمە هۆکاری راستەقینە و قووڵی بەردەوامبوونم بێت لەسەر دروستکردنی فیلم.

هەروەها شتێکی تر لەئارادایە سەبارەت بە هەمان کار، ئەویش ئەوەیە کە وات لێ دێت بە ئەندازەیەکی زۆر پشتی پێ دەبەستی. تۆ بەشێکی لە گرووپەکە، ئەگەر هەستت بە کەمێك شەرم کرد و کەسێکی ترسنۆك و شەرمن بوویت، وەك ئەوانەی ئاستەنگیان هەیە لە دروستکردن و پێکهێنانی پەیوەندیی قووڵ، ئەوا شتێکی مەزن دەبێت کە لە جیهانی دەستەجەمعی بۆ دروستکردنی فیلم، یاخود لە چوارچێوەی کۆمەڵەیەك لە شانۆدا کە کار لە شانۆگەرییەکدا دەکەن، بژی.

هۆکارەکەش ئەوەیە هیچ شتێك بەلای کۆمەڵەیەك لەوە گرنگتر نییە خۆت بەتەواویی تەرخان بکەیت و گرەو لەسەر دەروونی خۆت بکەیت بۆ باشترین یاخود خراپترین، بۆ ئەمەش پێویستە لەسەرت سەرکێشیی و گاڵتەکردن بە خۆت قبووڵ بکەیت. سەرکێشیش بەوە بدەیت کە خەڵك



گاڵتەت پێ بکەن، ئەو شتەی کە هیچ جیاوازییەك لە واقیعدا دروست ناکات، بەڵام لە رێی دروستکردنی فیلم و دەرهێنانی شانۆگەرییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام پەیوەندیی بە مرۆڤی ترەوە دەکەیت و مرۆڤ بەسەر کێشەی ئەوانی ترەوە مشەخۆریی دەکات.

ئەکتەرەکان، ئەندامانی گرووپی کارکردن، هەمووان، بەشێوەیەکی زۆر سۆزداریی و سەرنجڕاکێش بە بەردەوامی هان دەدرێن، چونکە چاپووکیی مرۆڤ لەوەدایە بە بەردەوامی لەگەڵ خەڵك بێت.

*** هەست بەوە دەکەیت رێگەت بە ئەندامەکانی گرووپ و کۆمەڵەکە دابێت لە بەشداربوون لە کێشەکان بەهەمان رێگە؟**

- سزا و ئازاری ئەوان لەوەدا بوو ئەوکاتەی کارمان لە فیلمێکدا دەکرد دەبوو نزیکەی هەشت یاخود ١٠ هەفتە لەگەڵ هەندێك کێشەدا بژین کە لە قۆناغێکی پێشتری مێژووی خۆم لەلای من هەبوو. ئەمە بابەتێکی ترە و لەم چوارچێوەیەدا خاوەن گرنگی لاوەکییە، بەڵام مرۆڤ دەشتوانێت بڵێت ئەو خەڵکانە دەچنە ژێر ئاستەنگ و کێشەکانی دەرهێنەر، چونکە مرۆڤ هەرگیز باشترین دەرهێنەر نییە و تواناییەکانی سنووورداری خۆی هەیە. وەك چۆن مرۆڤیش باشترین سەرۆك و سەرکردە نییە هەرگیز، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت بەئاسانی بڵێت ئەم گەشتە لە ناخمدا، پێویستییەکی زۆر گرنگە بەتەواویی وەك پێویستی خواردن، یان ئاوخواردنەوە یان خەوتن.

ئەوە بەیەکگەیشتنێکی تەواوەتییە لەهەموو خانەکانی جەستەم، بەرێژەیەك بڕوام وایە ئەگەر مرۆڤ هەوڵ بدات پیشەکە لە من یان لە هەر هونەرمەندێك کە ئەم کارانە دەکات، دابماڵێت و نەیهێڵێت، ئەوا هیچ شتێکی بۆ نامێنێتەوە.

*** له ئێستادا كه دهڵێیت ئهندێشهی كاری فیلمسازیی بۆ قۆناغێك ناكهیت زیاد له درێژایی زهمهنی دیاریكراوی خۆت بێت، ئایا بڕوات وایه كه فیلمهكان خاوهن پاشهڕۆژێكی ئهوتۆ بن؟**

- پێم وایه ڕێگه و شێوازهكانی لهپێناوی گونجاندن گۆڕانكاریی بهسهردا دێت، بهڵام ههموو ئهمانه خاوهن گرنگی نین.

فیلمهكان لهبهرئهوهی وهك نێوهندگهرا و كهناڵهكانی گهیاندن و دابهشكاران یاخود گواستراوهن سهبارهت به كهسه میهرهبانهكان و ههروهها بۆ خهونی خهڵك و ئاوات و خۆزگه و زۆربهی ئارهزووه نهێنییهكانیان، ئهوا ههمیشه بوونی دهمێنێت، چونكه هۆكارێك یاخود ناوهڕۆكێكی باشتر لهئارادا نییه.



### ئینگمار برگمان(١٩١٨-٢٠٠٧):

١٤ی یۆلیۆی ساڵی ١٩١٨ له ئۆپسالای سوید لهدایكبووه.

دهرهێنهرێكی سینهمایی، شانۆیی، تهلهفزیۆنیی و نووسهری سیناریۆیه.

كاروانی هونهری خۆی لهگهڵ گرووپی شانۆیی (قوتابیان) دهستپێكرد و دواتر وهك نووسهری سیناریۆ له كۆمپانیای (سفینسك) كاریكردووه.

یهكهمین سیناریۆی ساڵی (١٩٤٤) به ناونیشانی (هیتس) یان (سزادان) بووهو (ئالف سیوبیرگ) ههستاوه به دهرهێنانی.

چوار فیلمی تۆماركراوی دهرهێناوه، (دانییل) ساڵی ١٩٦٧، (فارو) ١٩٦٩، (فارو دوای ده ساڵ) ١٩٧٩، (رووخساری كارین) ١٩٨٦.

برگمان له نزیكهی ٥٠ فیلمی سینهمایی و چهندین بهرههمی تهلهفزیۆنی كه بهرههمی هێنابوو، بهشێوهیهكی جێگیر دهگهڕایهوه سهر ههمان بابهت و ههمان مهسهله باوهكان.

باوكی قهشهیهكی پرۆتستانتی توندوتیژ بووه و له فیلمه سهرهتاكانییهوه ئینگمار برگمان باسی له بابهته ئایینی و وجودییهكان دهكرد.

بابهتێكی تری نێو فیلمهكانی برگمان بریتییه له ململانێی هونهرمهند لهگهڵ كۆمهڵگه، وهك چۆن برگمان كه چهند جارێك ژنی هێناوه و باوكی ١٠ منداڵ بوو، بهشێوهیهكی ههمیشهیی پهیوهندیی نێوان ژن و پیاوی وهك یهكێك له گرنگترین بابهتهكانی بهكاردههێنا، لهم كارانهشیدا ئهو پهیوهندییه بهجۆرێك له گاڵتهجاریی و توندوتیژیی راڤه دهكرد و دهرهێنهرێك بوو خاوهن توانایهكی تایبهت له وێنهكردن و بهرجهستهكردنی ژنان و جیهانه تایبهتهكهیان.

**فیلمەکانی :**

١- قەیران (١٩٤٦).

٢- باران بەسەر خۆشەویستییەکەمان دەبارێت (١٩٤٦).

٣- کەشتییەك بەرەو هیند (١٩٤٧).

٤- شەو پاشەڕۆژمە (١٩٤٨).

٥- وێستگەی جاڕدان (١٩٤٨).

٦- هەڵچوونی شەیتان (١٩٤٩).

٧- تینوێتی (١٩٤٩).

٨- رووەو ئاسوودەیی (١٩٤٩).

٩- گرژییەکی زۆر (١٩٥٠).

١٠- ئینترلود قەدەغەیە (١٩٥١).

١١- نهێنییەکانی ژنان (١٩٥٢).

١٢- هاوین لەگەڵ مۆنیکادا (١٩٥٣).

١٣- شەوە رووتەکە (١٩٥٣).

١٤- وانەیەك لەبارەی ئەوینەوە (١٩٥٤).

١٥- خەونەکان (١٩٥٥).

١٦- زەردەخەنەی شەوی هاوین (١٩٥٥).

١٧- پەنجەمۆری حەوتەم (١٩٥٧).

١٨- تووی فەڕەنگی کێویی (١٩٥٧).

١٩- لێواری ژیان (١٩٥٨).

٢٠- جادووگەر (١٩٥٨).

٢١- بەهار زوو هات (١٩٦٠).

٢٢- چاوی شەیتان (١٩٦٠).



٢٣- لە شووشەیەکی تاریك و لێڵەوە (١٩٦١).

٢٤- رووناکی زستان (١٩٦٣).

٢٥- بێدەنگیی (١٩٦٣).

٢٦- هەموو ئەو ژنانە (١٩٦٤).

٢٧- برسونا (١٩٦٦).

٢٨- کاتژمێری گورگ (١٩٦٨).

٢٩- شوورەیی (١٩٦٨).

٣٠- سۆزداریی (١٩٦٩).

٣١- سرووتەکان (١٩٧١).

٣٢- بەرکەوتن (١٩٧١).

٣٣- هاوار و ناڵەکان (١٩٧٣).

٣٤- دیمەنگەلێك لە ژیانی هاوسەریی (١٩٧٤).

٣٥- شمشاڵی ئەفسوناویی (١٩٧٥).

٣٦- رووبەڕوو (١٩٧٦).

٣٧- هێلکەی مار (١٩٧٧).

٣٨- سۆناتای پاییز (١٩٧٨).

٣٩- لە ژیانی بووکەڵەکانەوە (١٩٨٠).

٤٠- فانی و ئەلیکسەندەر (١٩٨٢).

٤١- لەدوای پرۆڤە (١٩٨٤).

٤٢- با ژاوەژاو بێت و گەمژەش بە رۆڵی خۆی هەستێ (١٩٩٨).

٤٣- ساراباند (٢٠٠٣).

**خەڵات و کاندیدەکان:**

- ساڵی ١٩٤٨ بۆ فیلمی(شەو پاشەڕۆژمە)، کاندیدکرا بۆ خەڵاتی (شێری ئاڵتوونی) لە فێستیڤاڵی فینیسیا.
- ساڵی ١٩٥٩ بۆ فیلمی (جادووگەر)، کاندیدکرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی شێری ئاڵتوونی فێستیڤاڵی فینیسیا.
- ساڵی ١٩٥٩ بۆ فیلمی (جادووگەر)، خەڵاتی لیژنەی تایبەتی هەڵسەنگاندنی فێستیڤاڵی فینیسیای بەدەستهێنا.

ساڵی ١٩٧١ بەرامبەر بەرهەم و بەخششە هونەرییەکانی خەڵاتی شێری ئاڵتوونی فێستیڤاڵی فینیسیای درایە.

- ساڵی ١٩٨٣ بۆ فیلمی (فانی و ئەلیکسەندەر) خەڵاتی رەخنەگرانی نێونەتەوەیی لە فێستیڤاڵی فینیسیای پێ بەخشرا.
- ساڵی ١٩٥٦ بۆ فیلمی (زەردەخەنەی شەوی هاوین)، کاندیدکرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی (چڵەخورمای ئاڵتوونی) فێستیڤاڵی کان.
- ساڵی ١٩٥٧ بۆ فیلمی (پەنجەمۆری حەوتەم) کاندیدکرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی (چڵەخورمای ئاڵتوونی) فێستیڤاڵی کان.
- ساڵی ١٩٥٧ بۆ فیلمی (پەنجەمۆری حەوتەم)، خەڵاتی لیژنەی تایبەتی هەڵسەنگاندنی فێستیڤاڵی (کان)ی پێ بەخشرا.
- ساڵی ١٩٥٨ بۆ فیلمی (لێواری ژیان)، کاندیدکرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی (چڵەخورمای ئاڵتوونی) فێستیڤاڵی کان.
- ساڵی ١٩٥٨ بۆ فیلمی (لێواری ژیان)، خەڵاتی باشترین دەرهێنەری فێستیڤاڵی (کان)ی درایە.
- ساڵی ١٩٦٠ بۆ فیلمی بەهار زوو هات، کاندیدکرا بۆ خەڵاتی چڵەخورمای ئاڵتوونی فێستیڤاڵی کان.



- ساڵی ١٩٧٣ بۆ فیلمی (هاوار و ناڵەکان) خەڵاتی گەورەی تەکنیکی لە فێستیڤاڵی (کان) پێ بەخشرا.
- ساڵی ١٩٩٨ بۆ سەرجەمی بەرهەم و بەخششە هونەرییەکانی، لە فێستیڤاڵی (کان) خەڵاتی رێزلێنانی تایبەتی پێ بەخشرا.
- ساڵی ١٩٥٨ بۆ فیلمی (تووی فەرەنگی کێویی)، خەڵاتی (ورچی ئاڵتوونی) لە فێستیڤاڵی بەرلین پێ بەخشرا.
- ساڵی ١٩٦٢ بۆ فیلمی (لە شووشەیەکی تاریك و لێڵەوە)، کاندیدکرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ورچی ئاڵتوونی لە فێستیڤاڵی بەرلین.
- ساڵی ١٩٦٢ بە فیلمی (لە شووشەیەکی تاریك و لێڵەوە)، خەڵاتی (ئۆسك)ی فێستیڤاڵی بەرلینی درایە.
- لەنێوان ساڵانی ١٩٦٠ بۆ ١٩٨٤، حەوت جار کاندیدکرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (دبی الثقافي)، ژمارە ٢٨، سبتمبر ٢٠٠٧.



**چیرۆکنووسی ئینگلیزی (جۆن ریفنسکروفت):**
**هەموو نووسەرێك دەستمایەی بەهرەکەی لە ژیانەوە وەردەگرێت، تاوەکو مادەی چیرۆکەکەی پێ دەوڵەمەند بکات**

**سازدانی: فاتمە ناعوت***

جۆن ریفنسکروفت، چیرۆکنووسێکی ئینگلیزییە کە چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە، لەوانە خەڵاتی کومنولس.

لەم دواییانەدا خەڵاتێکی گەورەی بەدەستهێنا، کە ئەویش (خەڵاتی نووسەری ئەمساڵ - Writer of the Year)بوو**.



ریفنسکروفت سەرنووسەری گۆڤاری (کادینزا)یە و لە سەرەتای ژیانیدا وەك ژەنیارێکی میوزیك و فرۆشی گژوگیا و پاشان مامۆستا لە یەکێك لە قوتابخانەکاندا کاریکردووە. چیرۆکەکانی لە bbc پەخش دەکرێت و یەکەمین وەرگێڕانی بەرهەمەکانی بەم نزیکانە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریی یەمەنی بە زمانی عەرەبی بڵاودەکرێتەوە، کە بەناونیشانی (رۆشتن بە پێچەوانە)یە.

چیرۆکەکانی جۆن ریفنسکروفت پڕاوپڕن لە واقیعییەتی ئەفسوناویی و هەندێك جار پشتبەستن بە میتافیزیکا و خەونەکان.

هەروەها واقیعییەت و گێڕانەوەکانیشی پڕن لە وێنەی شیعریی و زۆرێك لە هۆکارەکانی پەژارەی مرۆییانە. کە هەموو ئەمانە ئەزموونەکەی دەکاتە پرۆژەیەکی ئەدەبی هەمەچەشن و دەوڵەمەند.

لە دەرفەتێکدا ئەم دایەلۆگەمان لەگەڵ سازکرد.

*** ئایا جۆن ریفنسکروفت لە چیرۆکەکانیدا پشت بە واقیع دەبەستێت یاخود خەیاڵیش رۆڵی خۆی دەبینێت؟**

- پرسیارێکی سەرنجڕاکێشە، پێدەچێت بڵێم هەموو نووسەرێك دەستمایەی بەهرەکەی لە ژیانەوە وەردەگرێت، تاوەکو مادەی چیرۆکەکەی پێ دەوڵەمەند بکات. هەربۆیە لەوانەیە هاوکۆك بێت لەگەڵمدا کە کۆمەڵێك موفرەدات لە واقیع و هەندێکی تر لە ئەندێشەوە بۆ چیرۆکەکانی وەردەگرێت. لە ئەزموونی تایبەتی خۆمدا هەندێك چیرۆك دەبینیتەوە کە بەتووندیی پشتی بە ژیانی تایبەتی خۆم بەستووە. چیرۆکی (بەسەربردنی شەوێك لەگەڵ دایە) نموونەیەکی دیاری ئەو بابەتەیە. لەگەڵ ئەوەی هەندێکی تریان خاوەن پەیوەندیین بە ژیانی واقیعەوە.

*** تا چ رادەیەك لە پرۆسەی ئەفراندندا چاودێریکردنی جیهان سوودمەندە بۆ چیرۆکنووس؟**

- پێم وایە چاودێریکردنی جیهان کارێکی بنەڕەتی و چالاکی فیکرە، ئەوکاتەی چیرۆکێك دەنووسین هەوڵی ئەوە دەدەین وا لە خوێنەر بگەیەنین کە ئەوەی دەیخوێنێتەوە لە راستیدا روو دەدات و لە جیهاندا شوێنێك داگیر دەکات. بۆئەوەی ئەو جیهانە وەهمییەش بکەینە ئەوەی راستی بنوێنێت، پشت بە موفرەداتی ئاسایی و راستەقینەی جیهانەکەمان دەبەستین و لە کارەکەدا سوودی لێ وەردەگرین، هەربۆیە ئەو کاتەی خوێنەر لەگەڵ ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆی بەراوردی دەکات وەك رووداوێکی راستەقینە دێتە پێش چاوی. هەربۆیە چاودێریکردنی جیهان بە وردیی لەلایەن نووسەرەوە هاوکاری خوێنەر دەکات لەسەر جێگیرکردنی چیرۆکەکە.

*** خوێنەری ئینگلیزی چۆن دەڕوانێتە ئەدەبی عەرەبی؟**

- زۆربەی خوێنەرانی ئینگلیز بەشێوەیەکی گشتیی لە ئەدەبی عەرەبی بێخەبەرن. هەست بە شەرم دەکەم کە خۆم وەك یەکێك لەو توێژە دابنێم.

*** دەتوانین لە چیرۆکەکانتدا کۆمەڵە هێڵێك دەسڕەس (لمس) بکەین، وەك: هێڵی بوونگەرایی لە چیرۆکی (کوشتنی کەروێشك) و چیرۆکی (لەنێو مندالآندا چاوەڕوانە)و هێڵی رۆمانسی لە چیرۆکی (کونەپەپوو) و چیرۆکی (گۆرانییەك بۆ جینی)و هێڵی فانتازی لە چیرۆکی (رۆشتن بە پێچەوانەوە)و چیرۆکی (رووەکە چکۆلانەکە)، کام هێڵە لەو هێڵانە پێنووسەکەی ریفنسکروفت بەلای خۆیدا رادەکێشێت؟**

- پێم وایە ئەمە پشت بە بارودۆخی میزاجم دەبەستێت. پاشان چەند کاتێك بۆ نووسین دادەنیشم، جیهانی دەرەوە تاریکە، ئەو چیرۆکانەی دێنە



بوون بەشێوەیەکی گشتیی باس لە مەرگ یاخود ونبوون دەکەن. کاتی تریش هەیە بەرهەمێکی زۆری تری پڕاوپڕ لە رووناکی و گەشبینی بەرهەمدەهێنم، یاخود تەنانەت بەرهەمی کۆمیدیی، وەك چیرۆکی (کۆرپەلەکان).

*** ئایا بڕوات بە پرەنسیپی (هونەر بۆ هونەر) هەیە، یاخود وا دەڕوانیت کە هونەر پەیامێکی هەیە رووەو جیهان و دەبێت بیگەیەنێت؟**

- ئەگەر مەبەستت لە (پەیام رووەو جیهان) ئەوەبێت کە پرسیارم لەوە لێ بکەیت، کە ئایا پێم وایە ئەدەب دەبێت شتێك بڵێت، یاخود هەڵگری ئاماژەیەك بێت، ئەوا وەڵامەکەم بەڵێیە، بەڵام من وەك خوێنەرێك پێویستم بەزیاد لەوە هەیە. پێویستیم بەوەیە کە چیرۆکەکە شتێك لە قورسایی تێدا بێت، شتێك لە جیهانبینی، شتێك لە نهێنی، وەك نووسەرێکیش ئەوە ئەوجۆرە چیرۆکانەن من لە هەوڵی نووسینیدام.

چیرۆکە خۆشەکان زوو لەیاد دەکرێن، بەڵام ئەو چیرۆکانەی شتێك لەبارەی مرۆڤ و مەرجەکانی ژیان دەڵێن، پێدەچێت هەتا دوا ساتی ژیان هاوەڵیت بکەن.

*** چۆن و بە چ شێوازێك کەسێتی نێو چیرۆکەکانت دادەهێنیت و دواتر بونیادی کەسێتێکانیان دەکەیت؟**

- ئەمە لەسەر چۆنێتی بیرۆکەی چیرۆکەکانم رادەوەستێت، زۆرجار تۆوی چیرۆکەکان بریتیین لە هەڵوێست زیاد لەوەی (کەسایەتی بن)، لە ئێستادا کار لە چیرۆکێك دەکەم پشت بە هەڵوێست دەبەستێت. ئەوکاتەی بیرۆکەکەم بۆ هات، کەسایەتییەکی دیاریکراو لە مێشکمدا نەبوو، کەسایەتییەکان لەوکاتەی دەست دەکەم بە خستنەڕووی چەند پرسیارێك لە خودی خۆم پلەبەپلە دێنەبوون.

بەڵام هەندێجار تۆوی چیرۆکەکە ئەو کەسایەتییە دەبێت کە لەناکاو دەچێتە نێو مێشکم. کە لەوانەیە هەمان ئەو کەسە بێت کە لە بینینی کەسایەتییەکەوە لە ڕێگەدا یاخود لە خەون یان لە ئەندێشەمدا لەدایکبووبێت. ئەو شتەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە هەڵوێستێکی وا بخوڵقێنم لە ڕێگەیەوە ئەو کەسێتییە بچێتە ژیانەوە و شتێك بڵێت شایستەی وتن بێت.

*** تاچەند کارکردن لە ڕۆژنامەدا داهێنان لە ناخی نووسەر دەکوژێت؟**

- ئەزموونی کارکردنم لە ڕۆژنامەدا لە سەرنووسەری گۆڤاری (کاردینزا)کورتکراوەتەوە و ئەو کارەش لە ماڵەوە دەکەم. واتا پێویست ناکات هەموو ڕۆژێك بچم بۆ نووسینگەی گۆڤارەکە، بەڵام بەهەرحاڵ سەرنووسەری پرۆسەیەکە کاتی زۆری تێدا بەهەدەر دەچێت، من هۆشیارم بەوەی ئەفراندنەکانم وەك لەوەو پێشی کارکردنم لە ڕۆژنامەدا نەماوە، هەربۆیە بەتەواویی لەگەڵتدا هاوڕام.

*** لەساتی خوێندنەوەی (گۆڕانییەك لەپێناوی جینی)و (ئەو شتانەی لەدوای خۆت بەجێتهێشت) وات لێکردین بگرین، لە (نێو منداڵدان چاوەڕوانە) پێبکەنین و ترس بمانگرێت، لە (ژەمە خواردنێك لەگەڵ ئاندی) و لە (کونە پەپوو) و (ڕۆشتن بە پێچەوانەوە) هەست و سۆزە مرۆییانەکانت جووڵاندین. ئایا لە ساتی نووسینی چیرۆکەکانتدا هیچ جۆرە خوێنەرێکی گریمانەیی ئامادەبوونی هەیە لە لات، ئایا بیر لە کاریگەرییبوون لەسەر خوێنەرەکانت دەکەیتەوە؟**

- ئەو ساتانەی سەرقاڵی نووسینم، کاردەکەم بۆ شەحنکردنی خوێنەر بە پسپۆڕییەکی شێوە هەڵچوونی و بڕواشم بەوە هەیە کە ئەو بابەت و باسە یەکێکە لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی خەڵك لەپێناویدا چیرۆك



دەخوێنێتەوە. لەبەرئەوە، بەڵێ، بیر لە کاریگەریی ئەو شتانە دەکەمەوە کە دەینووسم لەسەر هەست و سۆزی خوێنەرەکانم. بێگومانیش تاکە ڕێگەی جێبەجێکردنی ئەم کارە بریتییە لە کۆکردنەوەی هەڵچوونە تایبەتەکانی خۆم. بڕواشم وایە ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی نووسین زۆربەی کات بریتی بێت لە جووڵاندنی هەست و سۆزی خوێنەر. سات نا ساتێك لەو شتانەی دەیاننووسم دەستدەدەمە گریان. ئەو دەمەی ئەم هەستەش دروست بوو، ئەوا ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە سەرقاڵی شتێکم کە دەشێت بە هەمان شێوە خوێنەر بجووڵێنێت.

*** سرووتەکانی نووسین لەلات چین، کات، حاڵەتی میزاجی، نووسینی چیرۆکەکانت چەند لە کات دەخایەنێت؟**

- لەم دواییانەدا هەرکات بارودۆخ هاوکاریم بکات دەست دەدەمە نووسین. بەم دواییەش کۆمپیوتەرێکی (نوت بوك)م کڕیوە کە ئامرازێکی باشە، چونکە بەسادەیی واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ناچار نیم بەوەی پەیوەست بم بە نووسینگە و ژووری نووسینی تایبەتی خۆمەوە. لەئێستادا لەنێو باخچەکاندا دادەنیشم و چیرۆکەکانم دەنووسم، ئەمە جگەلەوەی کە گرنگییەکی تری ئەو کۆمپیوتەرە بریتییە لەوەی دووربخستوومەتەوە لە ئینتەرنێت و ئیمەیلەکەی خۆم. ئەوەشم بۆ ئاشکرا بوو کە چەند کاتژمێرێك لەسەر ئینتەرنێت ماومەتەوە بەبێ ئەوەی تاکە وشەیەکم نووسیبێت!!. سەبارەت بە خایاندنی کاتەکانی نووسینی چیرۆکەکانیشم، ئەوا وەڵامێکی دیاریکراو بۆ ئەو پرسیارە شك نابەم. هەندێکیان بە ڕۆژ و دوو ڕۆژ تەواو دەبن و هەندێکی تریان پێدەچێت چەند مانگێك بخایەنێت.

*** ژمارەیەکی زۆر خەڵاتت لە بواری کورتەچیرۆکدا بەدەستهێناوە، چ خەڵاتێك لەو خەڵاتانە ئەزیزترن لەلات؟**

**- هەموویانم خۆش دەوێت، بەڵام وەك باوە تازەترینیان خۆشەویسترە، پێدەچێت ئەمەش بۆ ماوەیەك بێت، هەربۆیە ئەو خەڵاتەی کە لە شاری لەندەن و لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٥ کە خەڵاتی نووسەری ساڵە خۆشەویستترین خەڵاتەکانە.**

---

* فاتیمە ناعوت:

لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٤، قاهیرە، بەکالۆریۆسی لە ئەندازەی بیناسازیی لە زانکۆی (عین شمس) لە ساڵی ١٩٨٧ بەدەستهێناوە. شاعیر و وەرگێڕە. بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (پەلکەزێڕینە)ی میسرییە.

خاوەن چەندین دیوانە شیعر و لێکۆڵینەوە و کتێبی وەرگێڕدراوە.

** مەبەست خەڵاتی نووسەری ساڵی (٢٠٠٥)ە- و.کوردی-.

**سەرچاوە:**

سایتی عەرەب ئۆنلاین.





## بەهمەنی قوبادی:

## سینەما جووڵەیەو منیش پیاوێکی بزێوم

**سازدانی: محەمەد ثامر یوسف و محەمەد موسا**

**لە قسەکردنی قووڵی لەبارەی سینەما و حەماسەتی توونـدی بـۆی و راڤەکردنی بۆچوون و پرۆژەکانیدا، دەرهێنەری کوردی ئێران (بەهمەنی قوبادی) بۆ چرکەساتێك و لەگەڵ پێکەنینیدا کە دەستبەرداری نابێت وا دەردەکەوێت کە هیچ شتێك لە ژیانیدا نییە سینەما نەبێت، تەنانەت لەو کاتانەش کە باس لە شوێنی جوگرافی بەرفراوانی کوردستان دەکات، کە بەڕوانینی خۆی وەك شریتی فیلمێکی گەورەو درێژ دەبینێت کە زۆرێك لە وردو درشتیی و چیرۆك و داستان و تراژیدیاو هەروەها ئومێدو هیواری لەخۆگرتووە.**

هەروەك قوبادی خۆشی دەڵێت: "لە هەگبەی هەر کوردێکدا برێك لەم شتانە هەیە کە دەتوانرێت بگێڕدرێتەوە".

لە واقیعیشدا هەروایە، مادامەکی بەکامێراکەیەوە لەم جوگرافیا پان و بەرینەدا هاتوچۆ دەکات و بەشوێن هەمان ئەو وردو درشتانەدا دەگەڕێت کە وێنەی رووخساری شوێنی دایکی بۆ دەکێشێت و ئەوشتانەی پێویستییەتی بە روانینی تایبەتییانەی سینەماییانەی خۆی ئاوەژووی دەکاتەوە.

بەڵکو ئەو وەك چۆن زۆر قسەی بۆکردین و ئاماژەی بە دەرهێنەرە گەورەکانی ئێران دەکرد وەك عەباسی کیارۆستەمی و موحسینی مەخمەڵباف، کە باسیان لەشیاویی پێگەی کوردستانی ئێرانیان دەکرد بۆ وێنەگرتنی چەند دیمەنێك لە فیلمەکانیان، بەنموونە ئەم حاڵەتە لەگەڵ خودی خۆیدا روویدا ئەوکاتەی لەگەڵ دەرهێنەر (کیارۆستەمی)دا وەك یاریدەدەرێك لە فیلمی (با)دا کاری کرد، ئەمەش بەرلەوەی کە خودی قوبادی دەست بداتە وێنەگرتنی فیلمە تایبەتەکانی خۆی، بەمجۆرەش پەیوەندیی قوبادی بە شوێنەوە وەك پەیوەندییەکی هەڵقوڵاوی هەست و سۆزو دڕدۆنگیی و قووڵ دەردەکەوێت لەو کاتەوەی کە لە گوندە بچووکەکەی (بانە) لەدایکبوو و لە (سنە) پێگەیشت و تیایدا هەنگاوە سەرەتاکانی لەگەڵ کامێرای فۆتۆگرافی و لەگەڵ وێنەگرتنی فۆتۆگرافی میللی و پاشان پەیوەندیی و حەماسەتی بۆ بینینی زۆرێك لە فیلمە سینەماییەکان لەگەڵ ناڕازیبوونی باوکێکی توندوتیژ، کە حەزی نەدەکرد کوڕەکەی ئەم رێچکەیە بگرێتە بەر، بەڵام قوبادی ئەوینداری سینەماو سەرەڕای زۆرێك لە ئاستەنگەکان بەردەوام بوو لە رێڕەوەکەی بۆ فێربوونی سینەما، لەپاش ئەوە چووە تاران تاوەکو سینەما وەك



خوێندنێکی ئەکادیمی بخوێنێت (کە وەك خۆی دەڵێت) "بە پێویستی نەزانیوە بۆ خۆی، چونکە لە ناواخنی خۆیدا رێگەو روانینی جیاوازی دەدۆزییەوەو دەستی دایە دروستکردنی زنجیرەیەك لە فیمی سینەمایی کورت کە تیایدا سەرکەوتنی بەدەستهێناو دەرهێنەری ئێرانی (عەباسی کیارۆستەمی)و دەرهێنەرە بەناوبانگەکانی تری ئێرانیش لە رۆژانی خوێندنی ئەکادیمی لە تاران و لەپاش ئەوەش پێشبینی ئایندەیەکی باشیان بۆ کرد. بەهەمەنی قوبادی یەکەم فیلمی درێژی خۆی کە بەناوی (ساتێك بۆ مەستی ئەسپەکان) بوو، دەرهێناو لە فێستیڤاڵی کانی (٢٠٠٠)دا خەڵاتی کامێرای ئاڵتوونی بەدەستهێناو پاشان فیلمی (گۆرانییەکانی وڵاتی دایکم)ی بەرهەمهێنا، کە رەخنەگرەکان زۆر بەباشی لەبارەیەوە دوان، بەهۆی ئەوەی کە چیرۆکێکی مرۆییانەی زۆر گرنگی لەخۆگرتبوو، کە پەیوەست بوو بەجەنگ و کۆچی مرۆڤەکان لە پشت سنوورەکانەوە، بەڵام دوایەمین فیلمی (بەهمەن) (کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن) ئەو فیلمەیە کە زۆرێك لە گرنگی و گفتوگۆی رەخنەگرەکان و زۆرێك لە ستایشی بۆخۆی کێش کرد. لە سەردانێکی بۆ شاری بەغدا (بەهمەنی قوبادی) بووە میوانمان و لە بارەی ژیان و پرۆژە هونەریی و روانینەکانی بۆ سینەما، ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ سازکرد.

*** "هەنووکە سینەمای کوردی پێویستی بەدەستگیرۆیی هەیە، وەك ئەو ژنە دووگیانەی کە دووچاری ژان دەبێت و دەبێت بە هاواریەوە بچین"، بەمجۆرە لە یەکێك لە گفتوگۆ رۆژنامەوانییەکانتدا لەبارەی سینەمای کوردییەوە قسەت کردووە، بە بۆچوونی تۆ چۆن ئەم دەستگیرۆییە دەکرێت و چۆن ئەم سینەمایە رووەو دابەشبوون لەنێوان جوگرافیا جیاوازەکان و سیستم و دەوڵەتەکاندا هەنگاو هەڵدەهێنێت؟**

– سینەمای کوردی بەو پێیەی بەهۆی بارودۆخی سیاسیی داسەپاو بەسەر جوگرافیا نێودەوڵەتییە جیاوازەکاندا دابەشبووە، مەرج نییە خاوەن تاکە ڕێچکەیەك بێت، بەڵام بەپێی ئەو بارودۆخەو هەریەك لە سنوورو ناوچەی خۆی کار بکات لە پێناوی دەرخستنی گوتارێکی سینەمایی کوردی یەکگرتوو، واتا دەتوانێت لە زۆرێك لە چەمکە ڕۆشنبیرییە تەناکاندا بەرجەستەبێت، بەپشتبەستن بە بەها کەلتوورییەکان و زمان و ناسنامە ڕەگداکوتاوەکان. لەگەڵ ئەوانەشدا دۆزینەوەی میکانیزمی سینەمایی هاوکار وەك کادیرو ستۆدیۆ و بودجەی پێویست بۆ دروستکردنی سینەمای پێشکەوتوو، هەموو ئەم هۆکارانە دەتوانن کە سینەمایەکی کوردی بەسیماو ڕووخساری تایبەتی دروست بکەن، کارپێکردنی سینەما بەتەنها سینەما دروست ناکات، دەبێت لە ساڵێکدا چەندین فیلم بەرهەم بهێنرێت، وەك چۆن دەبێت هۆڵی نمایشی گونجاو و زۆر بۆ ئەم فیلمانە فەراهەم بکەین، چونکە سینەما ئەمڕۆکە لە ژیانی هەر تاکێکدا بووەتە بەهایەکی سەرەکی.

*** بەنموونە مەبەستت لەو گوتارە سینەماییەیە کە هەڵگری سیمایەکی سیاسییە؟**

– بە بۆچوونی من ئەوە گرنگ نییە کە گوتارێکی سیاسیی گرنگ و ڕاستەوخۆ لەئارادا بێت، بەڵکو دەتوانین کە لە پلەی یەکەمدا سینەمایەکی مرۆییانە بدۆزینەوە کە مەرجی سەرەکی بریتی بێت لە دۆزینەوەی دەرهێنەری خاوەن ڕوانینی سینەمایی و ئیمکانییەتی تایبەتی هەبێت بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی بەشێوازێك کە دووبارە نەبێتە خاوەن ڕووخسارو خاسیەتی دیاریکراو و گوزارشتکراو بێت لە



تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە یاخود تاك. لەوکاتەدا دەتوانم بڵێم ئەمە بەرجەستەی گوتارێکی سینەمایی کوردی دەکات.

*** ئایا پێت وایە کە سینەمای کوردی لەهەر شوێنێك بێت لەشێوەی ئەم گوتارەی تیادا پێشکەشکرابێت؟**

– بڕوام وایە کە سینەمای کوردی سەرەڕای تەمەنی کورتی، هەنگاوێکی گەورەی ناوەو چەند فیلمێکی باشی پێشکەشکردووە، بەتایبەت ئەگەر بچوێنرێت بە سینەمای تر لەم بوارەدا، بەنموونە سینەمای ئێران کە تەمەنی زیاد لە سەد ساڵ دەبێت.

*** باسی سینەمای ئێرانیت کرد، بەهۆی سەرقاڵییەکانت ئایا لەو بڕوایەدایت کە زەمینەسازییەکانی گوزارشتکردن هەنووکە بەس بێت بۆ پێشکەوتنی زۆرێك لە بۆچوونەکانت؟**

– من کوردێکی سیاسیی نیم و خۆم بە هونەرمەندێکی کورد دەزانم کە بێگومان خەمی مرۆڤایەتیم هەیە بەگشتیی، بەڵام سینەما بەپلەی بنەڕەتی وەك یەکێك لە هۆکارە تایبەتییەکان لە ئازادیدا سەرقاڵم دەکات، هەوڵی ئەوە دەدەم سینەمایەکی کوردی ڕاستەقینە دروست بکەم لەڕێی چوونە نێو وردو درشتە کۆمەڵایەتی و ژیانی تاکەکان و منداڵان و ژنان و مرۆڤی ئاسایی و ژیانی کۆمەڵگە، بەڵام لەگەڵ ئەم بابەتانەدا بەدیاریکراویی بەڕوانینی دەرهێنەرێکی هونەرمەندەوە مامەڵە دەکەم و لێوەی دەتوانم ئەو شتانە بۆ خۆم فەراهەم بکەم کە پێویستمە.

*** گەشتەکانت لەگەڵ سینەمادا لە تەمەنێکی کەمەوە دەستپێکردو پاشان لەکاتی خوێندن و دوای ئەوەش چەند فیلمێکی کورتت پێشکەشکرد، دواتر عەباسی کیارۆستەمی دەرهێنەرت ناسی، ئەم گەشتە بەلای تۆوە چۆن بوو؟**

- له تەمەنی شانزەساڵییەوە دەستم دایە دروستکردنی فیلمی کورت لە شاری (سنە)، پاشان لە تەمەنی (٢٠) ساڵیدا چوومە تاران و لە زانکۆدا سینەمام خوێند، بەڵام بەداخەوە خوێندنی ئەکادیمییانە هیچ شتێکی فێرنەکردم، هەر بۆیە وازم هێناو لەم قۆناغەدا نزیکەی (٣٦) فیلمی کورتم بەرهەمهێنا. خوێندنی ئەکادیمییانە ناتوانێت دەرهێنەر دروست بکات. دەرهێنەری راستەقینە دەبێت سینەما لە مۆخی ئێسکەکانیدا بێت، لە دڵیدا بێت، لە ژیانیدا لەگەڵیدا بمێنێتەوە، بە تەنها ئەم عەشقە دەتوانێت داهێنانی راستەقینەی سینەمایی دروست بکات و بەبڕوای من سینەما لە بنەڕەتدا جووڵەیەو ئێمەی کوردیش بەڕێکەوت پێدەچێت زۆرو هەمیشە لە جووڵەدا بین، من لە ژیانمدا لە نێوەندی جوگرافیای ئاڵۆزو رێگەی ئاڵۆزدا زۆر جووڵەم کردووە لە گوندێکەوە دەچووم بۆ یەکێکی ترو لە شارێکەوە بۆ شارێکی ترو لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر لە بەشێکی کوردستانەوە بۆ بەشێکی تر. هەر بۆیە پێم وایە کە جووڵە بەشێکی سەرەکی ژیانی رۆژانەی کوردە، وەك چۆن جووڵەش بەشێکی سەرەکییە لە سینەمادا.

وڵاتەکەمان لێوانلێوە لە چیرۆك و داستان و تراژیدیاو هەر تاکێك لە هەگبەکەیدا زۆرێك لەم چیرۆك و تراژیدییانەی هەڵگرتووە، وەك چۆن وتم کە باوکم پۆلیس بووە، هەر بۆیە لە منداڵیمدا زۆر چاودێریی دەکردم و رقی لەو خۆشەویستییە توندەی من بوو بۆ سینەما، هەر بۆیە فێری درۆکردن بووم و ئەو دەمەی پرسیاری ئەوەی لێدەکردم لەکوێ بووم، راستییەکەم پێ نەدەوت کە سەیری فیلمی سینەمایم دەکرد. لە راستیدا درۆ بەهەمان شێوە بەشێکە لە پرۆسەی سینەمایی، بەڵام درۆیەکی خۆش و جوانە.



ساڵی ١٩٩٨ رۆژانی خوێندم لە زانکۆو ئەو کاتەی سەرقاڵی دروستکردنی فیلمی کورت بووم بە "عەباسی کیارۆستەمی" دەرهێنەر ئاشنابووم، کە لەوکاتەدا بەرپرس بووم لە ئامادەکردنی پرۆگرامی هەفتەیەکی سینەمایی لە زانکۆو پێم وابێت ناوی منی بیستبوو لەڕێی هەندێك لەو فیلمە کورتانەی کە وێنەم گرتبوو. بێگومان دواتر بانگهێشتم کرد بۆ کوردستان کە بەدوای شوێنی وێنەگرتنی تایبەت و تەمومژو نوێ دەگەڕا بۆ یەکێك لە فیلمەکانی. کیارۆستەمی لە مامەڵەکردن لەگەڵ دیمەنەکاندا دەرهێنەرێکی خاوەن توانایییەکی گەورەیە.

*** لێرە فیلمی (ساتێك بۆمەستی ئەسپەکان)مان بینی، ئایا دەرهێنەرە ئێرانییەکان و بەنموونە کیارۆستەمی لەسەر ئاستی وێنەگرتن و بەکارهێنانی گرتەدا، هیچ کاریگەرییەکیان هەیە لەسەرت؟**

- زۆر لەو بڕوایەدا نیم، بەتایبەت لەلایەنی بەکارهێنانی گرتەی درێژدا، من حەزم بەخێرایی گواستنەوە هەیە لە گرتەیەکەوە بۆ گرتەیەکی تر، بەپێچەوانەی کیارۆستەمی، من پیاوێکی بزێوم، هەروەها هەمیشە لە جووڵەدام. پێدەچێت هەر بەو هۆیەشەوەیە کە پشت بەگرتەی خێرا دەبەستم، بەڵام کیارۆستەمی پشت بە گرتەی دوورو درێژ دەبەستێت.

*** تا چ رادەیەك ئەزموونە سینەماییەکانت بە بەشێك لە شەپۆلی سینەمای ئێرانی ئەم دواییانە ئەژمار دەکرێت؟**

- من لە منداڵانی سینەمای ئێرانیدا لەدایکبووم، بەڵام نامەوێت بە هاوشێوەی ئەو شێوازەی سینەمای ئێرانی کە ئێستا هەیە، فیلم دروست بکەم. ئەوکاتەش کە لە ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەو گۆڤارە ئەوروپایی و ئەمریکییەکاندا لەسەر فیلمەکانم نووسرا رەخنەگران وتیان فیلمەکانی

قوبادی لە فیلمە ئێرانییەکانی تر ناچێت. پێم وایە ئەو شتانەی لە فیلمەکاندا دەیخەمە روو، هەڵقوڵاوی شوناسنامەو رۆشنبیری میللەتی کوردە.

*** بەگشتیی سینەمای خۆرهەڵات پەنا دەباتە بەر هەست و سۆز، پێدەچێت ئەوەش بۆ لاوازیی ئیمکانیاتی تەکنیکی سینەمایی بگەڕێتەوە، ئایا پێت وایە ئەمە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی بەهاکەی لە پاشەڕۆژدا؟**

- پێم وانییە کە تەکنیکەکانی سینەما بەتەواویی لاواز بێت، سەرەڕای ئەوەی کە ناگاتە ئاستی سینەمای خۆرئاوا، بەڵام ئەم سینەمایەی کە تۆ مەبەستتە، ئەمجۆرە سینەمایە پڕاوپڕە لە رۆشنبیریی و فیکرو کەلەپوورو سینەمای ئێرانیش لە ئێستادا بە یەکێك لە گرنگترین سینەماکانی ئاسیا دادەنرێت لەدوای سینەمای ژاپۆنی و چینی و لە ئێستادا لەم بوارەدا گەلێك تەکنیکی باش بەکاردەهێنێت.

*** هەندێك لە رەخنەگران وا دەبینن کە دەرکەوتنی گەورەی سینەمای ئێرانی و بەدەستهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵاتی فێستیڤاڵە جیهانییەکان، پێدەچێت بگەڕێتەوە بۆ لایەنگیریی سیاسییانەو توانای سینەماکارانی ئێران لەسەر خستنەڕووی چەند بابەتێکی تا رادەیەك تابۆکراو لەسەر ئاستی ناوخۆیی؟**

- پێم وایە ئەم بڕوابوونە هەڵەیە، چونکە سینەمای ئێرانی و فیلمە کۆتاییەکانی خاوەن تایبەتمەندی هونەری بەرزن و سینەماکارانی ئێرانی لە نموونەی"مەخمەلباف، کیارۆستەمی و مەجیدی مەجیدی" سینەماکارێکن کە ئامادەبوونێکی داهێنەرانەی بێگەردیان سەلماندووە لەڕووی هونەریی و تەکنیکی. ئەگەر ئەم بڕوابوونە راستبووایە پێدەچوو بەسەر فیلمێك یان دوو فیلم پراکتیك بکرایە، بەڵام ئێستاکە شەپۆلێکی



سینەمایی سەرکەوتوو دەبینین کە لە زۆر شوێندا رەزامەندیی بەدەستهێناوە، چونکە سینەمای ئێرانی هەڵگری زۆرێك لە تایبەتمەندیی سینەمای سەرکەوتووە، لەڕووی ناوەڕۆك و فیکرو بەکارهێنانی تەکنیك و مامەڵەکردنێکی حەکیمانە لەگەڵ کامێراو تەوزیفکردنی بابەتدا.

*** هاوکۆکم لەگەڵتدا لەبارەی ئەوەی ئەو کاتەی دەست دەدەیتە پرۆژەیەك لەلایەنە سیاسییەکەوە بیری لێ ناکەیتەوە، بە واتای ئەوەی کە تۆ بەتەنها بیر لەو ناوەڕۆکە مرۆییانە دەکەیتەوە کە پرۆژەکە هەڵیگرتووە، بەڵام هەندێك وا لە فیلمە کۆتاییەکەت (کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن) دواون، بەو پێیەی کە بەهەمان شێوە هەڵگری ناوەڕۆکێکی سیاسییە؟**

- پێدەچێت وا بڕوانرێت لە فیلمی (کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن)، کە فیلمێکی سیاسییە، بە واتای ئەوەی هەڵگری ناوەڕۆکێکی سیاسییانەیە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەر فیلمێك هەڵگری بابەتێکی سیاسییانەبێت ئەوا فیلمێکی گرنگە، گرنگ ئەوەیە چۆن ئەم فیلمە بونیاد دەنرێت و ئەو تەکنیکانە چین کە تیایدا بەکاردەهێنرێت و چۆن دەتوانیت هۆکارەکانی گوزارشتکردن چالاك بکەیت لە رێگەی گرتەو بەکارهێنانی ئەکتەرەکان لە فیلمەکەداو هەروەها چۆنێتی تەوزیفکردنی چەمکە سیاسیی، یاخود رووداوە سیاسییەکە لە فیلمەکەدا، بە واتای ئەوەی کە هەموو رووداوێکی سیاسیی ناتوانێت کەشێکی سینەماییانەی بێگەردو گرنگ بخوڵقێنێت، هەموو ئەمانە بێگومان پشت بە دەرهێنەرو هۆکارە یارمەتیدەرەکانی تر دەبەستێت.

*** کێ سیناریۆی فیلمەکانت بۆ دەنووسێت و چۆن ئەکتەرکانت هەڵدەبژێریت و چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەیت؟**

- زۆربەی کات خۆم سیناریۆی فیلمەکانم دەنووسم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا راوێژ لەگەڵ کەسانی تر دەکەم بەتایبەت هەندێك لەو هاورێیانەی کە متمانەم پێیان هەیە، بە وریاییەکی زۆرەوە تاوتوێی سیناریۆکانم دەکەم و زۆرجاریش زیاد لە شەش مانگ سەرقاڵ دەبم بە ئامادەکردنی وردو درشتییەکانی تری فیلمەکەم، لەنێو ئەو وردو درشتییانەشدا هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان، کە لە راستیدا پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەکتەر پرۆسەیەکی قورسەو من خۆم لە ساتی فیلمە کورتەکانمەوە حەزم بە پشتبەستن هەیە بە ئەکتەری ئارەزوومەند، سەرەڕای ئەوەی کە ئەم پرۆسەیە قورسەو زۆرێك لە ئاستەنگیی تێدایە، بەڵام لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوجۆرە ئەکتەرانەدا هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم.

سەرچاوە:
رۆژنامەی الاتحاد، ژمارە (٩٠٤)، ساڵی ٢٠٠٤.




چارلز ماروفیتش

## یان کوت:
## شەکسپیر رۆحێکە کە تا ئێستاش زیندووە

**سازدانی: چارلز ماروفیتش***
**و. بۆ زمانی عەرەبی: ئەکرەم ئەلیوسف**

پێشەکییەك بە پێنووسی چارلز ماروفیتش:

لەسەر مێزێکی بازنەیی لە یانەی (تروبیکانا) لە هۆلیوود، لەگەڵ پرۆفیسۆر (یان کوت) دانیشتم، کە تازە خەڵاتی (جۆرج جۆن ناسان)ی

تایبەت بە رەخنەی شانۆیی وەرگرتبوو، پاش ئەوە گفتوگۆیەکم لەگەڵ گەورەترین مامۆستا لە هونەری شەکسپیر لەم رۆژگارەماندا، سازکرد.

ئەم رەخنەگرە شەکسپیرییە، بە ئەزموونە گەورەکانی، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر شانۆ جێهێشت، (یان کوت) لەو کاتەوەی کە بۆ یەکەمجار ناوبانگی دەرکرد لە ساڵی ١٩٦٤ کە کتێبە بەناوبانگەکەی (شەکسپیر... هاوچەرخمانە)ی بڵاوکردەوە و بووە هۆی ئەوەی مشتومڕێکی زۆری لەبارەوە بکرێت.

لە پاشانیش دەرهێنەرانی وەك (پیتەر بروك، ئاریان مینوشکین و جۆرج ستریلر) بە ئاشکرا دانیان بەوەدا ناوە کە قەرزارباری ئەم زاتەن.

نوێترین کتێبیشی (شانۆی خام) پێگەی کتێبی یەکەمی کە زیاد لە بیست ساڵ لەمەوبەر بڵاوکرایەوە، تووندوتۆڵتر کرد.

ئەم گفتوگۆیە لە شوقەکەی (یان کوت) خۆی لە (سانتا مونیکا) لەو کاتەی بەسەردانێك لە کالیفۆرنیا بوو، لەگەڵیدا سازدراوە، لەگفتوگۆکەشدا دوایەمین راوبۆچوونەکانی (یان کوت) لەبارەی کلاسیکییەت لە شانۆدا لەخۆ دەگرێت.

## یان کوت، هاوچەرخمانە
## گفتوگۆیەك لە کلاسیکییەت و هاوچەرخبوون لە شانۆی شەکسپیردا

*** هیچ جۆرە شانۆییەکی شەکسپیر هەیە، کە (بە هۆیەك لە هۆیەکان) گونجاو بێت بۆ بارودۆخێکی مێژوویی تایبەت، ئەگەر جۆرێك لەو شانۆگەرییانە هەبن، ئەوا کامیان بۆ ئەمڕۆمان گونجاوە؟**



- بەبڕوای من، سەرجەمی شانۆگەرییەکانی شەکسپیر گونجاون، بەڵام لە هەندێك کاتدا، چەند بەرهەمێك زیاتر هاوچەرخن لەوانی تر. بەنموونە شانۆگەریی (هاملێت)، شانۆگەرییەکی خۆشەویست و جێسەرنجی نەوەیەکی زۆر بووە، بەڵام لە سەردەمی رۆمانسیەتدا لە ئەوروپا بە شێوەیەکی گەورەتر گرنگی پێدرا.

نموونەیەکی تر بریتییە لە (ترولیس و کریسیدا)، ئەو شانۆگەرییەی، کە بەدەگمەن لە ئینگلتەرا نمایش دەکرا، تا ئەوکاتەی جەنگی دووەمی جیهانیی دەستیپێکرد. هەربۆیە ئەوکاتەی (تشمبرلیان) رێکەوتنێکی نێونەتەوەیی لەگەڵ (هیتلەر) واژووکرد، کە دەستدرێژیی نەکەنە سەر یەکتری، شانۆگەریی (ترولیس و کریسیدا) بووە بەرهەمێکی زۆر هاوچەرخ، بەتایبەت بۆ نەوە گەنجە رۆشنبیرەکان. لە ئەزموونەکانی خۆمەوە لە پۆڵەندا، ئەوەم بەدی کرد کە زۆرترین شانۆگەرییە هاوچەرخەکانی شەکسپیر لەوێ، بریتییە لە (هنری دووەم) و (ریچاردی سێیەم) بەهۆی ئەوەی کە لە بارودۆخێکدا دەژیان کە ناویاننابوو (میکانیکییەتی باڵا) بۆ تیرۆر و دیکتاتۆرییەت و... هتد.

بینەریش وەك باوە حەزی بە لێکچوواندنی رووداوەکانی شانۆگەرییەکە هەیە، لەگەڵ پاکتاوکارییەکانی رژێمی ستالین، قەتلوعامە گەورەکان و ئەو ستەمکارییەی کە بە خوێن رێڕەوی دەسەڵات دەگرێتە بەر و پاشان بەخێرایی پەراوێز دەخرێت.

لە دەیەی رابردوودا، بەشێوەیەکی باش دوو شانۆگەریی شەکسپیر دەرکەوتن، یەکەمیان شانۆگەریی (تیتۆس ئەندرنیکۆس)و دووەمیشیان شانۆگەریی (تیمۆنی ئەسینی)بوو. ئەو دوو شانۆگەرییەی کە لە قۆناغەکانی پێشووتردا بەدەگمەن نمایش دەکران. ئەم دوو شانۆگەرییە

سەرکەوتنێکی گەورەی بینەرانی بەدەستهێنا، بەو پێیەی کە سەبارەت بەبینەری هاوچەرخ جۆرێکی نوێی شانۆگەرین.

دەشکرێت شانۆگەریی (چیرۆکی زستان) بخرێتە سەر ئەم دوو شانۆگەرییە، چونکە لە دە ساڵی رابردوودا سەرکەوتنێکی دیاری بەدەستهێنا. پێدەچێت ئەمەش بۆ میتۆلۆژیا، یاخود ئەو رەگەزە چیرۆکە میللیانە بگەڕێتەوە کە لەناو تێکستەکەدایە، یاخود بەهۆی ئەوەی کە هەلۆیستە سیاسییە نوێکان، روانینمانی بۆ شانۆگەرییەکانی شەکسپیر گۆڕیوە، ئەو شتەی کە یارمەتیدەر بووە لە زیادکردنی پەرۆشیی و هاوسۆزیی لە شانۆگەرییە هەمەجۆرەکانیدا. ئەم باسەش بەسەر شانۆیی (گەردەلوول) پراکتیك دەکرێت ئەگەر هۆکارەکان جیاوازیش بن.

*** ئەو هۆکارانە چین؟**

- یەکێك لە هۆکارەکان، پەیوەندیی بە گەشەکردنی تەکنۆلۆژیاوە هەیە، بەتایبەت لە شانۆدا، ئەگەر یەکێك ئەم شانۆگەرییانەی بەشێوەیەکی تەقلیدیی خوێندەوە، ئەوا ئەوە بەدی دەکات کە (بروسپیرو) بەتەنها جادووگەرێکی بەساڵاچووە، یاخود وەك ئەوەی پەنجە ئەفسووناوییەکانی (بابە نوئێل)بێت... ئەمەش بێگومان شتێکی پێکەنیناوییە، بە تەواوەتیش دەبێتە لۆژیکێکی هەرزەکارانە، ئەگەر بێت و هەوڵی ئەوەبدەین ئەم دوورگەیە، وەك (دیزنی لاند) تەلیسماویی بکەین.

بەڵام بەبوونی تەکنۆلۆژیای نوێ لەگەڵ داهێنانی لیزەر و (کاریگەرییە تایبەتییەکانی) تر، شانۆگەریی (گەردەلوول) بەڕاستی دەبێتە شانۆگەرییەکی پێگەیشتوو، ئەمەش بەپێی پێوەری توانا شانۆیییە نوێکان.



*** تەکنۆلۆژیای نوێ، بێگومان توانایی بەرفراوانی پێشکەش بەشانۆ کردووە، وەك لە شانۆگەریی (گەردەلوول)دا دیارە، ئەو شانۆگەرییەی کە زۆرجار بووەتە مەیدانێك بۆ تاقیکردنەوەی توانای نەخشەسازانی رووناکی و دەنگ، بۆ سەرسامبوون، بەڵام (کاریگەرییەکانیان) بەتەواوەتی هەڕەمەکی بووە؟**

- بەهیچ شێوەیەك، سەرسام نەبووم بەم شێوازانەی دەرهێنانی شانۆیی، وەك تۆش دەڵێیت، زۆرجار پڕوپووچ بوون.

ئەگەر هات و دەرهێنەر سەرجەمی توانا تەکنۆلۆژییە شانۆییەکانی هەبێت، ئەوانەی کە سەرسوڕهێنەرن، ئەوا جێی ئاستەمییە بەربەرەکانی فریودانی بەکارهێنانیان بکات.

بەڵام پێویستە ئەوە بخەینە روو کە بیرۆکەیەکی سەرەکی هەیە کە جووڵێنەری ئەم شانۆگەرییەیە و بەرەو شیکاری ئایدیۆلۆژییانەی هەمەجۆر دەچێت. بەرەو پێناسەیەکی نوێ بۆ هەموو ئەو شتانەی کە لە هونەردا جادووگەرە، بەرەو بەهاو قورسایی هونەرو تەمومژییەکانی، چونکە هونەری شانۆ، بەشێوەیەکی رەمزییانە بریتییە لە خودی بیرۆکەی خەلقکردن.

*** ئایا دەکرێت هەمیشە راڤەکارییەکی نوێ بۆ بەرهەمەکانی شەکسپیر بکەین، یاخود دەکرێت بگەینە (پنتێکی تێربوون)، کە بێگومان پێویستە لەسەرمان لێیەوە بگەڕێینەوە بۆ تێگەیشتنی تەقلیدییانەی ئەو جۆرە شانۆگەرییانە؟**

- بڕوام بەبوونی سنوورێکی تەقلیدیی نییە بۆ شەکسپیر، کە نەتوانین لەو سنوورەدا زیادەکاریی یاخود جیاوازیی بکەین لە یەکەمین جاری پێشکەشکردنی ئەم شانۆگەرییانە.

بڕوام بەجۆرە لۆژیکە نییە، نە شانۆییانەو نە لەڕووی راڤەکارییەوە. تەقلیدی شەکسپیری بوونی نییە، ونبووەو پەیوەندیی لەگەڵیدا بچڕاوە، بەتایبەت لە ساتی داخستنی شانۆکان لە چەرخی حەڤدەیەمدا.

*** ئایا ئەم قسانەت ئەوە دەگەیەنێت کە ئەدایەکی تەقلیدیی بۆ شانۆکانی شەکسپیر نییە؟**

- نەخێر، شەکسپیر لە سەرجەمی شانۆگەرییەکانیدا، لە زۆربەی شانۆکارەکان جیهانیترە. هەروەها لەڕووی نمایشەکانیشەوە. ئەو بەربڵاوترین شانۆکارە لە جیهاندا، ئەگەر بڕوابوونێکیش بەهەبوونی ئەمجۆرە راڤەکارییە تەقلیدییە بۆ شەکسپیر هەبێت، ئەوا تەنها لە راڤەکاریی ئینگلیزیدایە، بەڵام ئەمڕۆکە تا رادەیەك، شتێکمان هەیە کە ناومانناوە (شانۆی هەسارە). فێستیڤاڵە شانۆییەکان لە سەرانسەری جیهاندا سازدەکرێن و شەکسپیریش ئەمڕۆکە لە فەرەنساو ئەمریکاو ئیتاڵیاو ژاپۆن... بوونی هەیە، بەڵکو لە هەر وڵاتێکدا کە دەکرێت ئەندێشەی بکەین.

*** مەبەستت ئەوەیە کە ئەستەمە ئامادەکارییەکی تەقلیدیی بۆ شانۆییەکانی شەکسپیر بکرێت، چونکە شەکسپیر بووەتە فرە رەگەزو بەهۆی تێکەڵبوونی لەگەڵ زۆرێك لە رۆشنبیرییە جیاوازەکان و تەرزە شانۆییەکان؟**

- بەڵێ.

*** بەڵام ناتوانین هەستین بەوەرگێڕانی روانینی تەقلیدیی بۆ وتارەکان، وەك ئەوەی ئەدای گونجاو لەگەڵ ئەو ئەدا مێژووییە بنەڕەتییە دەربخەین کە لەم بەرهەمانەدا هەڵمانهێنجاوە؟**

- نەخێر... بڕوام بەمە نییە. هۆکارەکەش بەتەواویی لێکچووە بەوەی کە پراکتیکییانە لەسەر تراژیدیای گریکی نوێ جێبەجێدەکرێت.



بەتەنها ماوەیەکی کەمە بووینەتە خاوەن شانۆیەکی وەك (گلوب)و زانیاریمان هەیە لەسەر ئەو جلوبەرگانەی کە لاوەکان دەیانکردە بەر لەبەرجەستەکردنی رۆڵی ژناندا و... هتد... بەهەمان شێوە ماوەیەکی کەمە بووینەتە خاوەن شانۆیەکی شێوە (٥)و هەروەها شانۆیەکی بازنەیی کە بونیاتنرا بۆ فەراهەمکردنی هەمەجۆری پێداویستییەکانی درامای گریکی.

*** بەمجۆرە و لەڕێگەی رزگارکردنی ئەم شانۆگەرییانە لە نەریتە بنەڕەتییەکانی، ئەوا بەشێوەیەکی مەبەستدار بوون بە شانۆگەریی جیهانی. ئایا مەبەستت لەمەیە؟**

- بەتەواویی مەبەستم لەوەبوو.

*** ئەوکاتەی هەڵدەستین بەدەرهێنانی شاکارەکانی شەکسپیر، ئایا پێویست دەکات (مێژووی) ئەو شانۆگەرییانە بەهەند وەربگیرێت، یاخود دەرهێنەر دەتوانێت بەکارەکەی هەستێت بەبێ گرنگیدان بە پاشخانە مێژووییەکان و باکگراوەندی سیاسییانەی بەرهەمەکان؟**

- بۆ ئەوە هیچ پرەنسیپێك لە ئارادا نییە. لە راستیشدا هەمووان سەربەستن لە شێوازو ستایلی دەرهێنانیان بۆ شانۆگەرییەکانی شەکسپیر.

ئەگەر بەنموونە لە ساڵێکدا تەنها یەك دەرهێنانت هەبوو بۆ شانۆگەریی (هاملێت)، ئەوا ئەوکات لە بەرژەوەندیی قوتابییان و زانکۆکاندایە کە ئەو شتەیان پێشکەش بکرێت، کە دەکرێت ناوبربێت بە (هاملێت)ی رەسەن یان بنەڕەتی، بەڵام ئەگەر بیست پرۆسەی دەرهێنانی شانۆگەریی (هاملێت)مان هەبوو لە ساڵێکدا (تەنانەت ئەگەر یەکێکیشیان دەرهێنانێکی تەقلیدیی بوو)، ئەو کات تاکە خاڵێکی لێکچوون نابینیتەوە لەنێوان ئەم ژمارانەی هاملێتدا.

*** بەڵام من مەبەستم شتێکی ترە، باگریمانەی ئەوە بکەین یەکێك لە دەرهێنەرەکان ئامادەکاریی دەکات بۆ دەرهێنانی شانۆگەریی (هاملێت). ئایا دەتوانێت بەڕاستی هەڵوێستەکانی ئەلیزابیسیەت لە مەسەلەی شاهانەیی، یان میرات، لە چەمکی شەرەف و سوارچاکی فەرامۆش بکات، بەکورتی هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەستن بەو بەها بنەڕەتییانەی کە لەو کاتەدا باوبووە، یاخود دەبێت بە تەنگ بەرهەمە بنەڕەتییەکەوە بێت؟**

- ئەم کارە بەپێی هەمەجۆریی شانۆگەرییەکانی شەکسپیر، جیاوازە. بەنموونە وەك حاڵەتی شانۆییە (مێژووییەکان). یاخود سەبارەت بە شانۆگەریی (ماکبێس). ئەوکاتەی شا و خێزانی شاهانەیی و قەڵایەکی بەردینت هەبوو وەك لە ئینگلتەرا و سکۆتلاندا (مەبەستم لەوەیە کە ئەو بنەمایانەت هەبوو کە پەیوەستە بەناوەڕۆکی شانۆگەرییەکەوە)، ئەوکات گریمان ئەگەر هەموو ئەمانەت گواستەوە بۆ هەندێك کەشی رۆشنبیریی نامۆ، ئەوا بەشێکی گەورەی شانۆگەرییەکە دەبێتە تەمومژ یاخود خەیاڵیی.

لەلایەکی ترەوە، ئەگەر شانۆگەرییەکی وەکو (کۆمیدیای هەڵەکان)ت پێشکەشکرد، لەگەڵ رێزگرتن لە ژینگەی مێژوویی نێو تێکستەکە، بەشێوەیەکی ورد، ئەوا ئەمە ئاستەم دەکەوێتەوە،یان بەلانی کەمەوە، ئەم کارە پەیوەندیی بە بابەتەکەوە نابێت. کەواتە پێویستە لەسەرمان کە ئەم شانۆگەرییە لە ژینگەیەکی نوێدا خۆماڵیی بکەین.

*** مانای وایە هەندێك شانۆگەریی شەکسپیر هەیە کە خاوەن نەرمونیانییە، هەندێکی تریشیان ناتوانین بەئاسانی چوارچێوەی ئابلۆقەدراوی بەرهەمە بنەڕەتییەکە بشکێنین؟**

- بەتەواویی مەبەستم لەوەیە. لە شانۆییە مێژووییەکاندا دەبێت رێز لە مێژوو بگیرێت. لەگەڵ ئەوەی (وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم بۆ کرد)،



ئاستەمە شانۆگەریی (ریچاردی دووەم) یان (هنری چوارەم) پێشکەش بکەین، بەبێ ئەوەی لێکچوواندنی نەکەین لەگەڵ ستالین و هیتلەر... بەمجۆرە.

دەرهێنەری هۆشیار پێویستە لە خودی خۆی بپرسێت: واتای مێژوویی و واتای هاوچەرخبوون لە بەرهەمی شانۆییدا چییە؟

بەنموونە لە (ریچاردی سێیەم) بابەتی هاوچەرخ بریتییە لە بارودۆخی ترس و چەوساندنەوە، ئەزموونی ترس، مەترسی، ئازار چەشتن و میکانیکییەتی ناوەکی بۆ ترس، بەڵام وێنەی ئیقۆنیەتی ئەم ترسە، بێگومان وێنەی شای کۆنە لە ئینگلتەرا.

زۆر هەڵەش دەبێت کە ئەم شانۆگەرییە واقیعییانە بچوێنین و رووخساری ریتشاردی سێیەم بەشێوەیەکی لێکچوو بە رووخساری ستالین دابنێین، بەڵام هەڵەش دەبێت، یاخود جۆرێك لە (هەرزەکارییانە) دەبێت ئەگەر بڵێین: ئەم شانۆگەرییە بەتەنها وێنەیەکە بۆ ترس لە سەدەی شانزەیەم. پێویستە روون بێت، کە هەبوونی ترس لە شانۆگەرییەکە، هەمان ئەو ترسەیە کە لە چەرخی بیستەمدا تیایدا دەژین. لەوانەش هەستکردنمان بەترس لە کاولکارییەکانی چەکی ئەتۆمیی و جەنگی گەورە.

*** کەواتە، مێژوویی و هاوچەرخبوون، پێویستە بەشێوەیەکی هاوسەنگ رێڕەو بگرنەبەر، لەوکاتەی بەنمایشکردنی بەرهەمێکی کلاسیکی هەڵدەستین؟**

- بەتەواویی وایە.

*** لە زۆربەی دەرهێنانە نوێکان بۆ شانۆییەکانی شەکسپیر، جەختکردنەوەیەکی هەمیشەیی هەیە لەسەر دیکۆر. وەك ئەوەی هەستێکمان هەبێت بۆ پێویستبوونی دووبارە پێکهێنانەوەی ئەو ژینگە و**

**کەشە تایبەتە سەرتەختەی شانۆ کە لە چەرخی نۆزدەدا باوبووە، لەسەر تەختەی شانۆکانی ئەمڕۆمان (تەختەی شانۆی سروشتی)، ئایا ئەم کارە واتایەکی تایبەتی هەیە؟**

– دووساڵ یان سێ ساڵ لەمەوبەر و لە ساتی سازدانی فێستیڤاڵی شەکسپیر لە ستراتفۆرد، دەرهێنانێکی زۆر پوخت و بێ خەوشم بینی بۆ شانۆگەریی (خەونی نیوەشەوێکی هاوین). لەو شانۆگەرییەدا کۆمەڵە بینراوێکی زۆر دەوڵەمەندی تێدا هەبوو. کە دەرهێنانەکەی (ماکس راینهاردت)ی بە بیرهێنامەوە، لە سییەکاندا، بێگومان لەگەڵ گۆڕینی بۆن و بەرامەکەی. کاریگەریی ئەم تەختە بێ خەوش و پووخت و دەوڵەمەندە بۆ سوودگەیاندن بوو پێمان، لەگەڵ پێشکەشکردنی چەند شتێکی نوێی سودبەخش بە ئێمە، بەتایبەت لە پاش ساڵانێکی زۆر لە بەکارهێنانی (تەختەی رووت)و (دیکۆری هەژار)، ئەمە خاڵی یەکەم. خاڵی دووەمیش بریتییە لەوەی کە لە دوا دەیەدا، گەشەکردنێکی گەورە لە هونەری ئۆپێرادا روویدا، مەبەستیشم لە ئۆپێرا وەك نمایشە. ئۆپێرا بەلای منەوە بە تەنها شوێنێکی چوارچێوە کۆن بوو. ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەدرێژایی چەرخی نۆزدەیەم، خەڵك دەچوون بۆ ئۆپێرا، تاکو گوێبگرن نەك ببینن. ئەمڕۆ گەشەکردنێکی گەورە و باڵادەستییەکی بینین روویداوە. پێشتر ئۆپێرا هەوڵی تەقلیدکردنی شانۆی دەدا، بەڵام ئەمڕۆ، شانۆ تەقلیدیی ئۆپێرا دەکاتەوە. بێگومانیش زۆرێك لە دەرهێنەرەکان لە نموونەی (فرانکۆ زیفرللی f.zefirlli)و پیتەرهال و پیتەر برۆك، زۆر بە ئاسانی لەنێوان ئەم دووجۆرەدا تێدەپەڕین و ئاڵوگۆڕیان دەکرد. هەروەها هۆکاری سێیەمیش، کە بەلای منەوە گرنگترە، ئەوەیە کە بەدرێژایی ژیانم دەموت: لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە، جەختکردنە سەر راقەکاریی ئایدیۆلۆژیی و فەلسەفیی هاوچەرخ بۆ شەکسپیر، سەریهەڵدا. جەخت



لەسەر بیرۆکەی سەرەکی لە شانۆگەرییەکە کرایەوە، جەختکردنە سەر ئەوەی ئەم شانۆگەرییانە مانای چییە، چ شتێك پێویستە کە پێشکەشی بینەری هاوچەرخی بکەین. ئایا ئەمە جۆرێك لە دوو دڵی دروست ناکات، ئایا ئەمە بەرێگەیەکی ناڕاستەوخۆ، جۆرێك لە دزیکردن نییە، کاتێك دەرهێنەرێکی شانۆیی لە کارەکەیدا پشت بەبیرکردنەوەی کەسێکی تر ببەستێت؟

ئەمە بەهیچ شێوەیەك راست نییە. هەمووان ئەوە باش دەزانین کە دەرهێنەری شانۆیی دەزانێت چۆن بەرهەمێك لە هیچەوە بخوڵقێنێت.

ئەو لەهەر شوێنێکدا بتوانێت بەشوێن (هێزەکەیدا) دەگەڕێت، لە رووداوە رۆژانەییەکان، لە سیاسەتدا، لە ئەزموونی تاکەکەسیی... هتد.

پیتەر برۆك، پێدەچێت، باشترین نموونە بێت لەسەر ئەمە، کرۆکی کاری دەرهێنەر بریتییە لە: (تێکشکاندن)، تێکستی شانۆییەکە تێکبشکێنێت، تەقلیدی شانۆیی تێکشکێنێت، ئەو ئەزموونی ئەکتەرەکانی تێکدەشکێنێت. ناشتوانێت هەنگاوێك هەڵبێنێت بەبێ ئەوەی شتێك تێکنەشکێنێت. دەرهێنانی شانۆیی بە پێناسەکراویی بریتییە لە کاری نێوەند لە هونەردا.

*** ئایا لەم قسانەتەوە، دەرهاویشتەی ئەوە دەکەین کە دەرهێنەر ناکرێت هەرگیز داهێنەرێکی بنەڕەتی بێت، بەڵام لە باشترین حاڵەتدا دەتوانێت (فوتێکەر)ی رۆح بێت لە بەرهەمەکەدا؟**

– زۆرێك لە دەرهێنەرەکان بە تەنها رۆحێکن کە تێکستە شانۆییەکە دەپارێزن. هەندێکی تریشیان بە تەنها میزانسین ناخوڵقێنن، بەڵکو فیزیائیەتی شانۆکانیش دەخوڵقێنن، ئەو نموونە شانۆییانەی کە دەگونجێت لەگەڵیدا، تا ئەو ئاستەی کە نەوەی دواتر زۆربەی کاتەکانی بە تەقلیدیی بەرهەمەکانی دەباتە سەر. (مایرهۆڵد) بەنموونە وەربگرە، ئەو

دەرهێنەرانەی کە لە پاش ئەو هاتن تا چەند کوڕی شەرعیی یان ناشەرعیی شانۆکەی ئەو بوون. بەهەمان شێوە (ستانسلافسکی) هەزاران کوڕی شەرعیی و ناشەرعیی هەیە، (بەتایبەت لەم وڵاتەدا). بێگومان گرۆتۆڤسکیش زۆرێك شتی تێکشکێنراوی هەیە.

یاخود (برێخت) کە بە بۆچوونی من بەرپرسی گەورەبوو لە گۆڕینی هەڵوێستە شانۆییەکان لە شانۆی شەکسپیر لە ئینگلتەرا.

روانینی برێختانە و لەسەر ئاستێکی بەرفراوان، تەکنیکی برێختی، بەهێزێکی زۆرەوە کۆنترۆڵی بەرجەستەکردنی شانۆییەکانی شەکسپیری کردبوو لە ئینگلتەرا.

*** ئەی سەبارەت بە چەمکی برێختی دیالەکتیکی لە رووی ناوەڕۆکەوە، کە کردیە شتێکی ناوازە، ئایا پێت وا نییە کە ئەمەش بەهەمان شێوە کاریگەریی خۆی هەبوو، چونکە تۆ بە جۆرێك لە جۆرەکان بە تەنها جەخت لەسەر لایەنی شکڵی (فۆرمەلەیی) شانۆی برێخت دەکەیتەوە؟**

- پێم وانییە هەموو ئەم شتانە بەتەنها شکڵیی بن، وردبینی نەکات لە رێگەی ئەدای نوێی ئەکتەرەکان و لەشێوازی نوێی بەکارهێنانی تەختەی شانۆ، بەڵکو هەوڵی ئەوەی دا کە لە دراما شەکسپیرییەکان رابمێنێت، ئەمەش لە رێگەی تێگەیشتن لە کەسێتییەکان نا، بەڵکو لە رێگەی هەڵوێستی بابەتییانەی شانۆیی. لە رێگەی کارلێکی کەسایەتییەکان لە چواچێوەیەکی واقیعی. لە شوێنێکی واقیعی. ئەمە نابێتە هۆی روودانی کاریگەرییەکی رووکەشانە. ئەو کاریگەرییانەی کە برێخت لە شانۆی هاوچەرخدا بەجێیهێشت، کاریگەرییەکی دیالەکتیکی نییە بۆ کاری برێخت و هێرشکردنی بۆ سەر سەرمایەداریی و... هتد،



بەڵکو لە روانینێکی مەلحەمیانەوەیە... مەلحەمیەت و نامۆبوون هەرە بەشی گرنگە لە کەلەپووری هونەری نواندنی شانۆیی.

*** ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە کاریگەرییە ئیستاتیکییەکانی برێخت، زۆر گەورەترە لە کاریگەرییە سیاسیی، یاخود ئایدیۆلۆژییەکانی؟**

- بەتەنها، حەزدەکەم وشەی (ئیستاتیکی) بە وشەی (هونەریی) ئاڵوگۆڕ بکەم. من حەزم بە وشەی (ئیستاتیکی) نییە.

*** دەمەوێت پرسیار لەبارەی ئەنگێزە راڤەکارییە دیاریکراوەکانی شەکسپیرت لێ بکەم: تا چ رادەیەك فیلمی (کیروساوا) وەفاداربوو بۆ شانۆی (شالیر)، لە هەمان کاتیشدا نموونەیەکە لەسەر توانای پێشکەشکردنی بەرهەمێکی نوێی داکوتاو و پشتبەستوو بە بەرهەمە بنەڕەتییەکە، لە چ خاڵێکدا خوێندنەوەی بەرهەمی شەکسپیر نوێیە، یان هونەرییانە سەربەخۆ بێت، ئەمەش بەبێ هەستکردن بە تاوان بەرامبەر بەرهەمە بنەڕەتییەکە، وەك لە شانۆگەریی (شالیر)ی (ئەدواردبۆند)، یاخود شانۆگەریی (روزنکرانتس و گلدینسترین)ی (ستۆپارد)، یاخود (دکتۆر فاوست)ی گرۆتۆڤسکی؟**

- لە یەکێك لە بەرهەمە کۆتاییەکانیدا، لیی شتراوس نووسیویەتی: هەر راڤەکارییەك بۆ میتۆلۆژیا، بریتییە لە میتۆلۆژیایەکی نوێ.

چونکە راڤەکاری فرۆیدیی (بەنموونە) بۆ میتۆلۆژیای ئۆدیب و ئەلەکترا، میتۆلۆژیایەکی نوێیە. بەم هەستیارە بالآیەش، ئەوا هەر ئەنتیگۆنایەك (کە لە ئێستادا نزیکەی بیست ئەنتیگۆنامان هەیە) یاخود هەر ئەلەکترایەك (کە زۆرمان هەیە) بریتییە لە گەڕاندنەوەی راڤەکاریی یاخود چاکسازیی یان نامۆکردنی شانۆییە بنەڕەتییەکەی سۆفۆکلیس.

*** بەڵام ئەم شتە پەیوەستە بە خوێندنەوەی میتۆلۆژیاوە، ئەی چی دەربارەی ئەو شتە بڵێین کە پەیوەستە بە خوێندنەوەی تێکستی ئەدەبی شەکسپیر؟**

- تاکە جیاوازیی راستەقینە لەنێوان شەکسپیرو تراژیدیای گریکی، بریتییە لەوەی کە شەکسپیر (لە روویەك لە رووەکانەوە) زەمەنییانە نزیکترە لێمانەوە.

بەهەرحاڵ پێویستە لەسەرمان تەحەدای شەکسپیر بکەین. پێویستە لەسەرمان خوێنێکی نوێی تێدا برژێنین، بەڵام بەبێ گۆڕینی زمانەکەی، ئەمەش پێویستە پرەنسیپێکی گشتیی بێت.

ئاسانە ئەم قسانە بەدەرهێنەرێکی ئەمریکی یاخود ئینگلیزی بڵێیت، بەڵام زۆر قورسە ئەم قسانە بەدەرهێنەرێك بڵێیت کە بە زمانێکی تر کاردەکات.

ئەگەر پێویست بوو لەسەرمان دێڕێکی بنەڕەتی شەکسپیر بگۆڕین، ئەوا پێویستە بەر لە کردنی ئەو کارە رابمێنین و زۆر بیربکەینەوە، بەڵام ئەگەر پێویست بوو دێڕێك لە وەرگێڕانی شانۆییەکانی شەکسپیر بگۆڕم، ئەوا ڕێژەییانە ئازادیم زۆرترە.

هەربۆیە ئەگەر بەنموونە شەکسپیر وەرگێڕدرایە سەر زمانی ژاپۆنی، ئەوا بەشێوەیەکی رەها ئازادیی دەرهێنەر زۆرگەورەتر خۆی دەنوێنێت. یان ئەگەر بەرهەمە شانۆییەکەمان لە تەختەی شانۆوە گواستەوە بۆ سەر سکرینی سینەما، ئەوکات ئازادییەکانمان زۆرتر دەبێت، بەڵام شتێکی پڕوپووچە کە دەرهێنانی سەر تەختەی شانۆیی بگوێزرێنەوە بۆ سەر شاشەی سینەما.

*** لەسەر ئەم بنەمایە، ئاستی جیاکردنەوەی نێوان بەرهەمی بنەڕەتی سەربەخۆ و راڤەکاریی شانۆیی کلاسیکی شەکسپیر، چییە؟**



- وا بەباش دەزانم دارشتەی پرسیارەکە بگۆڕم بۆ پرسیارێکی تر:-

ئایا چیرۆکی (گەڕەکی خۆرئاوایی) راڤەکارییەکی شەرعیی و راستەقینەی رۆمیۆو جولێتە. یاخود بەرهەمێکی نوێی بێ کەموکوڕیی و تەواوە؟

*** بێگومان وەڵامەکەم، بریتییە لەوەی بەرهەمێکی نوێی بێ کەموکوڕییە.**

- بەجۆرە ئەوا (ماکبرد) بەنموونە، کە گێڕانەوەیەکی سیاسییانەی گاڵتەئامێزانە بوو بۆ (لیندۆن جۆنسۆن) بەهەمان شێوە بەرهەمێکی نوێی بێ کەموکوڕییە، بەڵام تائێستاش شەکسپیر لە باکگراوەنددا خۆی حەشارداوەو کەس ناتوانێت کەسێتییەکەی لەناوبەرێت یان بیسڕێتەوە.

*** بەوپێیەی کە رەخنەگرێکی پۆلۆنیت باکگراوەندێکی رۆشنبیریی ئەوروپیت هەیە، ئایا لەو بروایەدایت کە دەشێت خاوەن روانینێکی جیاواز بیت بۆ بەرهەمەکانی شەکسپیر، مەبەستم ئەوەیە: تۆ رەخنەگرێکی خاوەن روانینێکی پۆلۆنیانەیت، ئایا ئەمە وات لێدەکات شتی جیاواز ببینیت، لەکاتێکدا خاوەن روانینی رەخنەگرێکی ئەمریکی یاخود ئینگلیزی بیت؟**

- ٥٠٪ی ئەو شتانای کە وەك رەخنەگر و مامۆستایەك نووسیومە، پێکهاتەی ئەزموونە پۆلۆنی و ئەوروپییەکەمە، یەکەم شت ناوەڕۆکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی لە ژیانمدا بوونی هەیە، لە ساتی جەنگی دووەمی جیهانیی دووەم لە دەوروبەری قۆناغی بوونی (ستالین) لە (وارشۆ)بووم و بەشێوەیەکی نهێنی لەکاتی جەنگدا کارم دەکرد و هەمیشە تێوەگلاوی بارودۆخە سیاسییە لۆکاڵیی و جیهانییەکان بووم، لە ماوەی جێگیربوونم لە پۆڵەندا، هەر لەبەر ئەمەش بێگومان من رەخنەگرێکی جیاوازم بە لێکچوواندن لەگەڵ ئینگلیز و ئەمریکاییەکان.

نیوەی ئەزموونەکانی ژیانم لە سیاسەتدا بوو، لە کتێبدا نەمخوێندووەتەوە، یاخود لە نمایشە شانۆییەکاندا نەمبینیوە.

رۆچووی نێو مێژووی راستەقینەبووم، نەك مێژوویەك کە لە فلیمی سینەمایی، یاخود فیلمی تەلەفزیۆنی دۆکیۆمێنتی بینیبێتم.

*** هەنگاوێك دوور لە گفتوگۆکەمان هەڵدەهێنم، تکا دەکەم پێم بڵێیت، چ شتێکی جیاوازت لە بەرهەمەکانی شەکسپیردا بەدیکردووە؟**

- پێموایە باشترین وەڵام بۆ پرسیارەکەت، ئەوەیە رستەیەك وەربگرم لە نووسینێکی (پیتەربرۆك) لەپێشکەشکردنی کتێبی یەکەمم، کە نوسیوویەتی ((یان کوت، بەبێ مشتومڕ، تاکە نووسەرە لە مەسەلە ئەلیزابێسییەکاندا، کە گریمانەی ئەوەی هەیە هەریەکێك لە خوێنەرەکانی، لە ساتێك لە ساتەکاندا لە نیوەشەودا بەهۆی لە دەرگادانی پیاوانی پۆلیس بۆ چوونە ماڵەکەی بەخەبەر بێت.

*** بەڵام ئایا ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە تۆ بەشێوەیەکی روون حەزت بە پێشکەشکردنی مەیلە سیاسییە سروشتییەکانە؟**

- هەموو بۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان ورد نین، بەڵام لە هەمان کاتدا خاوەنی گرنگین.

*** ئەی ئەگەر یەکێك ویستی راستیی کاروبارەکان بزانێت؟**

- پراکتیکییانە، ئەم کارە سەبارەت بەدەرهێنەر کارێکی ئەستەمە و بەشێوەیەکی گەورەتریش سەبارەت بە رەخنەگر. ئەگەر یەکێك ویستی شتەکان راست بکاتەوە، ئەوا پێویستە لەسەری کاری هەڵەچنی بکات لە چاپخانە، نەك کاری رەخنەگریی.

*** چۆن هەڵدەستیت بە پێشکەشکردنی رەخنەیەکی راست بۆ بەرهەمەکانی شەکسپیر؟**



- باشترین وەڵامێك بۆ ئەو پرسیارە، لێدوانی (ت.ب. سبنسر)بوو، کە لە کۆنگرەی شەکسپیری شاهانەیی و تیایدا وتی: شەکسپیر خاوەن سێ ژیانە، ژیانی یەکەمی شانۆیە، ژیانی دووەمی بەرهەمە نووسراو و بڵاوکراوەکانییەتی،کە نەوە بەدوای نەوە دەیبینێت، ژیانی سێیەمیشی بریتییە لە پڕۆسەی وتنەوەی وانەی تایبەت بە شەکسپیرو رەخنەگرتنی، ئەمەش بۆ ملیۆنان قوتابییە لە سەرتاسەری جیهان.

کەواتە شەکسپیر وەك تێکستێکی ئەدەبی و وەك بابەتێك بۆ لێکۆڵینەوە بوونی هەیە. پێدەچێت شەکسپیر راستیی بێت، یاخود بەتەنها شتێکی پڕوپووچ، زیرەك یان گەمژە، بەڵام ئەوەی کە ناتوانین نکۆڵیی لێبکەین، شەکسپیر بوونی هەیە...

شکسپیر رۆحێکە کە تا ئێستاش زیندووە.

**پەراوێز:**

١- charles marowtiz: نووسەرو دەرهێنەرێکی شانۆییە، نووسەری کتێبی (گۆچانەکەی بروبیسرو): پشکنینێك لە نواندن و دەرهێنان و راڤەکردنی بەرهەمەکانی شەکسپیرە.

٢- ناونیشانی گفتوگۆکە لە رستەیەکی(یان کوت) خۆیەوە وەرگیراوە. (و.کوردی).

**سەرچاوە:**

گۆڤاری (الحیاة المسرحیة).



**بابەك ئەمینی:**

## سینەمای کوردیی لە جیهاندا نەناسراوە، چونکە زۆر سنووردارەو تائێستاش لە سەرەتادایە

**سازدانی: بیجان تەهرانی**

**و. بۆ عەرەبی: عەدنان ئەحمەد**

فیلمی (فریشتەکان لە خاکدا دەمرن)، چیرۆکی کچێکی ١٤ ساڵەی کوردی عێراقە، کە بژێویی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی بەفرۆشتنی پاشماوەی ئێسك و پروسکی سەربازەکانی جەنگی ئێران و عێراق دابین



دەکات. رۆژێك ئەو کچە دەکەوێتە ناو رووداوێکی تیرۆریستییەوەو تیرۆریستەکان چەند سەربازێکی ئەمریکاییان بەدیل گرتووەو دەیانەوێت سەربازەکان بکوژن. ئەو رووداوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کچەکە بکەوێتە دۆخێکی دیکەی ناو چیرۆکەکە. فیلمی ناوبراو جگە لە فێستیڤاڵە سینەماییەکانی ئێران، لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانی دەرەوەی ئێرانیش نمایشکرا و چەند خەڵاتێکی بەدەستهێنا، لەوانە فێستیڤاڵەکانی: (بەرلین ترایبکا، ملبۆرن، فیلمە ئاسیایی- ئەمریکیەکانی سان فرانسیسکۆ و... هتد)، لەو خەڵاتە گرنگانەش کە ئەم فیلمە بەدەستیهێناوە، بریتین لە خەڵاتەکانی: "خەڵاتی یەکەمی فێستیڤاڵی ئیساشیای ئیتاڵیا، خەڵاتی تایبەتی دەستەی دادوەریی و هەروەها خەڵاتی باشترین فیلم بۆ بینەران لە فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی بوخۆم لە ئەڵمانیا و خەڵاتی یەکەمی فێستیڤاڵی کورتە فلیمەکانی ڤێنیزیای ئیتاڵیا)...

دەرهێنەری ئەم فیلمە، لاوێکی سینەماکاری کوردە بەناوی (بابەك ئەمینی)، ئەمینی خەڵکی شاری سنەی خۆرهەڵاتی کوردستانە و خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی هەر لەو شارە تەواوکردووە و خاوەن چەند فیلمێکی سینەماییە و وەکو یاریدەدەریش لە فیلمەکانی (ساتێك بۆ مەستی ئەسپەکان) و (گۆرانییەکانی ولاتی دایکم) و (کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن)ی دەرهێنەری سینەمای کوردی (بەهمەنی قوبادی) بەشداریکردووە.

ڕۆژنامەنووس (بیجان تەهرانی) دیدارێکی دوورو درێژی لەگەڵ ئەم دەرهێنەرە ئەنجامداوەو تیایدا ئەمینی سەبارەت بە ئەزموونی فیلمی (فریشتەکان لە خاکدا دەمرن)و ئەزموونی هونەریی خۆی لەگەڵ دەرهێنەری بەناوبانگی کورد بەهمەنی قوبادی و چەند پرسێکی گرنگی تری پەیوەست بە سینەمای کوردی دەدوێت.

*** چۆن گەیشتیت بە بیرۆکەی فیلمی (فریشتەکان لە خاکدا دەمرن)؟**

- جارێکیان هاوڕێیەکم ئەوەی پێ ڕاگەیاندم کە چەند خانەوادەیەکی عێراقی کە لەسەر سنووری عێراق- ئێران دەژین، زەوی ئەو ناوچەیە هەڵدەکەنن بۆ گەڕان بەشوێن پاشماوەی ئەو سەربازە ئێرانییانەی کە لە جەنگی نێوان عێراق- ئێراندا کوژراون و لەکاتی ئەو شەڕەدا لەوێ نێژراون. پاشان ئێسکوپروسکی ئەو سەربازانە لە ڕێگەی ڕێکخراوی خاچی سوورو چەند هۆکارێکی تری پەیوەندیکردن بە خانەوادەکانیان دەفرۆشن. ئەو پارەیەی کە لەم کارەش بەدەستیان دەهێنا زۆر کەم بوو، بەڵام بۆ ئەوەی ڕووی ڕاستیی پشت ئەم بابەتە بدۆزمەوە، ڕۆیشتم بۆ سەر سنوورو بێگومان بووم لە ڕوودانی شتێکی لەمجۆرە، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم. لەوکاتەی کە بەردەوام بووم لە کنەو پشکنینەکانم بۆ ئەم ڕووداوە لەسەر سنوور، گەیشتمە ئەو بڕوایەی ئەم بیرۆکەیە بگۆڕم بە بەرهەمهێنانی فیلمێکی سینەمایی. لەو بڕوایەشدا بووم کە ئەگەر ڕۆڵی سەرەکی ڕووداوەکە ببەخشم بە کیژۆڵەیەک، ئەوا بیرۆکەکە پتەو و مەزنتر دەکات. ئەرکی هەڵکەندنی زەویی ئەو ناوچەیە بە قووڵی شەش پێ بۆ گەڕان



بەشوێن ئێسک و پروسک لە دۆخێکی ئاستەمی ئەو بەشەی کوردستان کارێکی گونجاو بۆ پیاوان، بەڵام ئەگەر بێت و ئەم ئەرکە ببەخشرێت بە ژنێک، ئەوا کاریگەرییەکی باشتر بەجێدەهێڵێت.

لەهەمان کاتدا بیرۆکەی هێزەکانی ئەمریکا کە شەڕیان لەگەڵ تیرۆریستان دەکرد لە عێراق، مەسەلەیەکی گرنگی تر بوو سەبارەت بە من، دەمویست بزانم چی ڕوو دەدات ئەگەر ژنەکە لە فیلمەکەمدا ڕووبەڕووی تیرۆریستەکان بێتەوە، کە هەوڵدەدەن سەربازێکی ئەمریکی بکوژن. دەمویست ئەوە کەشف بکەم کە پەرچەکرداری چی دەبێت. هەربۆیە پێم وا بوو کە زیادکردنی ئەم لایەنە بۆ چیرۆکی فیلمەکەم شتێکی باشە.

*** تۆ کوردی ئێرانیت و ساڵانێکی زۆرە وەک یاریدەدەریی دەرهێنەری بەناوبانگی کورد بەهمەنی قوبادی کاردەکەیت، تکایە باسی ئەو ئەزموونەمان بۆ بکەو باسی سینەمای کوردیشمان بۆ بکە؟**

- دە ساڵ ئەزموونی کارکردنم هەیە لە سینەمای کوردیدا وەک یاریدەدەری دەرهێنەری بەناوبانگی جیهانیی (بەهمەنی قوبادی). لە کۆمەڵێک لە فیلمەکانی قوبادیدا کارم کردووە، لەوانە فیلمەکانی: "ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان، کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن، نیوە مانگ". دوو فیلمی ئەو دەرهێنەرە لەسەر سنووری عێراق- ئێران وێنە گیراوە، ئەمە لەکاتێکدا فیلمی (کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن) لەنێو خودی عێراقدا وێنەی گیراوە. سینەمای کوردی لە جیهاندا نەناسراوە،

چونکە زۆر سنووردارەو تائێستاش لە سەرەتادایە. بەهەمەنی قوبادی هەوڵی ئەوەی داوە سینەمای کوردی بەهێزەوە پێشکەشی جیهان بکات، بەڵام کە بەتەنها دەبیت ئەوا شتێکی کەم لەئارادایە کە بیکەیت. بارودۆخی کارکردنی دەرهێنەرانی کورد زۆر ئاستەمە، ئەمە جگە لە چەند فیلمێکی کەم نەبێت، هەروەك چۆن زمانێکی وا شك نابەیت کە بتوانیت لە رێگەیەوە کەمەندکێشی بینەری جیهانی پێ بکەیت بۆ فیلمە کوردییەکان. هەروەها قوتابخانەی سینەمایی و تاقیگەی فیلم و تەنانەت کامێرای سینەمایی پێشکەوتوو نییە لە کوردستاندا، ئەمە لەکاتێکدا کوردستان خاوەن گەنجینەیەکە لە چیرۆکی نەگێڕاوەو بیرۆکەی سەرسووڕهێنەر.

من لە لاکەی تری سنووری نێوان ئێران- عێراق لەدایکبووم و ژیانێکی قورسم تێپەڕاندووە، بەڵام خۆشحاڵم کە ئەو چیرۆکانەم گوێ لێ بووەو پارێزگاریم لێکردووە، بەڵام هەرکات دەتەوێت چیرۆکەکانت بگێڕیتەوە، هەمیشە رووبەڕووی ئاستەنگ و کێشە دەبیتەوە، سەرەڕای سەرجەمی ئەو کێشانەش کەمینەیەك لە دەرهێنەرانی سینەمای کوردی باش هەن، هەروەها کەمینەیەك لە فێستیڤاڵی سینەمای کوردی هەیە کە لە وڵاتانی وەك ئەڵمانیاو ئینگلتەراو ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجام دەدرێن.



*** هەڵبژاردنێکی بوێرانەت کرد ئەوکاتەی لە فیلمەکەتدا کەسێتیی سەربازێکی ئەمریکیی رفێنراو و بریندارت هێنا. پەرچەکرداری بینەر لەهەمبەر ئەم پرسە چۆن بوو؟**

- سەبارەت بەم فیلمە، پەرچەکرداری هەمەچەشنم بەدی کردووە، بەتایبەت لەسەر کەسێتیی ئەو سەربازە ئەمریکییە. جارێکیان لەگەڵ خانەوادەیەکدا کە دوو کوڕیان لە جەنگی عێراق- ئێران لەدەست دابوو تەماشای فیلمەکەمان دەکرد. دایکی نێو ئەو خانەوادەیە لەوکاتەی تەماشای فیلمەکەی دەکرد، دەگریا، چونکە ئەو هیچ ئەزموونێکی هاوشێوەی نەبوو لە تەماشاکردنی فیلمی جەنگیی. ئەم خانەوادەیە بەتایبەت تەرمی دوو کوڕە ونبووەکەیان نەبینی بوو، هەربۆیە کاریگەربوون بەوەی کە ئەوکات زانییان لەلاکەی تری سەر سنوور خەڵکانێك هەیە هاوکاریی دەکەن لە دۆزینەوەی پاشماوەی تەرمی ئەو سەربازە ئێرانییانەی کە لە عێراقدا کوژراون. ئەو کاتەی بەرەو ئەورووپا دەڕۆیشتم، بۆ پیشاندانی فیلمەکەم، لە فێستیڤاڵی فیلمی ئیتاڵیا، ئاشنای ژن و مێردێك بووم کە هەردووکیان لە ساتی بینینی دیمەنەکانی یارمەتیدانی سەربازە ئەمریکییەکە لەلایەن کچە کوردەکەوە کە هاوکاریی دەکات تا بەزیندوویی بمێنێتەوە، گریابوون. لەو کۆڕە گفتوگۆییەی کە لەپاش نمایشکردنی فیلمەکە بۆم ئەنجامدرا، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ئەم ژن و مێردە کوڕێکیان هەیە لە عێراقدا، خزمەتی

سەربازیی دەکات و ئەوان بەشێوەیەکی بەردەوام دڵیان لایەو کوڕەکەی خۆیان لە کەسێتیی سەربازە ئەمریکییەکە، لە فیلمەکەدا بینیوە.

*** چۆن ئەو کچەت دۆزییەوە کە بەرجەستەی کەسێتیی سەرەکیی فیلمەکەی دەکرد. نواندنەکەی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بوو. ئایا ئەو ئەکتەرێکی پرۆفیشناڵە؟**

- من بەشوێن کەسێتییەکدا دەگەڕام کە تێگەیشتنی هەبێت بەرامبەر ئەم لایەنە، کەسێتییەك کە ئەزموونی جەنگ و تراژیدیاکانی جەنگی کردبێت. لەو شوێنەی کە چیرۆکەکەی لێ رووداوە، زۆر گەڕام، لە گەڕان و پشکنینەکانمدا ئەو کچە لاوەم دۆزییەوە کە لەگەڵ برا بچووکەکەیدا لوغمی پوچەڵ دەکردەوە. ئەم کچە سەرجەمی خانەوادەکەی لە جەنگدا لەدەستداوە، هەر بۆیە ئاستەم بوو بەلایەوە ئەدایەکی راستەقینە بەرجەستە بکات. نەیدەویست قسە بکات، چونکە راهاتبوو لەسەر ئەوەی بە بێدەنگیی بژی، بەڵام کاروبارەکان لەکۆتاییدا بەباشی چوونە پێشەوە.

*** تۆ دەرچووی بەشی فەلسەفەیت، چۆن ئەم پسپۆڕییە لە کارەکەت وەك دەرهێنەرێکی سینەمایی هاوکاریی کردوویت؟**

- لە سەروەختی پەیوەندیکردنم بوو بە قوتابخانەی سینەماوە کە قوبادی پێی راگەیاندم، دەکرێت فێری دەرهێنانی سینەمایی بم لە رێگەی کارکردنم وەك یاریدەدەری دەرهێنەر، لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنی فەلسەفە زۆر گرنگە بۆ دەرهێنەری سینەمایی. شارەزایم لە فەلسەفەدا هاوکاریی



کردم لەوەی کە چینی نوێ لەهەموو ئەو بابەتانەدا بدۆزمەوە کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەم.

*** ئایا راستە فیلمی (فریشتەکان لە خاکدا دەمرن) پێشکەش دەکەیت، بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئەکادیمییە بۆ باشترین کورتە فیلم؟**

- لەپاش سەرکەوتنم بە خەڵاتی (سینەمای بێ سنوور) لە فێستیڤاڵی (palm springs)ی سینەمایی جیهانیی بۆ کورتە فیلم لە ساڵی ٢٠٠٨، زۆرێك لە هاوڕێکانم ئامۆژگارییان کردم کە ئەم فیلمە پێشکەش بکەم، بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئەکادیمیە، شتێکی زۆر مەزنیش دەبێت ئەگەر بێت و هەلی بەشداربوونی فیلمەکەم لە خەڵاتەکانی ئۆسکاردا بڕەخسێت.

سەرچاوە:
سایتی ئیلاف.

## زنجیرەی چاپكراوەكانی ساڵی (٢٠١١)ی
## بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی

| ژ | ناوی كتێب | ناوی نووسەر | بابەت | زنجیرە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دەروازەیەك بۆ تەكنەلۆژیای نانۆ | محەمەد ساڵەح فەرەج دوكانی | زانستیی | ٧٧١ |
| ٢ | سروود و گۆرانیی نیشتیمانیی و بەرەنگاریی كوردی لە كرمانجی خواروودا (١٩٣٥-١٩٩١) | عەبدولواحید ئیدریس شەریف | لێكۆڵینەوە | ٧٧٢ |
| ٣ | سێبەری تلیاك | لوقمان سیوەیلی | لێكۆڵینەوە | ٧٧٣ |
| ٤ | مانشێت لە رۆژنامەوانیی كوردی و كاریگەرییەكانی (حیزبی و ئەهلی) | محەمەد مێرگەسۆری | لێكۆڵینەوە | ٧٧٤ |
| ٥ | كەرەستەی گەندەڵیی | رەسوڵ بۆسكێنی | لێكۆڵینەوە | ٧٧٥ |
| ٦ | پاراستنی دەم و ددان | د. هەڵگورد ساڵەح | تەندروستیی | ٧٧٦ |
| ٧ | وێنەیەكی دەگمەنی فرانز كافكا | و.ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل | چیرۆك | ٧٧٧ |
| ٨ | باڵندەكانی شەو | ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی | چیرۆك | ٧٧٨ |
| ٩ | منارەی ئاوەدانیی | كاروان كاكەسوور | چیرۆك | ٧٧٩ |
| ١٠ | هونەر و فیگەرە جوانەكانی خەون | ناڵە حەسەن | لێكۆڵینەوە | ٧٨٠ |
| ١١ | بیبلۆگرافیای گۆڤاری هەنار | مارف ناسراو | بیبلۆگرافیا | ٧٨١ |
| ١٢ | چەند نووسینێكی ئەكادیمی كۆمەڵناسیی لەسەر هەوییەی كورد | سیاوەش گۆدەرزی | لێكۆڵینەوەی كۆمەڵناسیی | ٧٨٢ |
| ١٣ | عاشقێك گۆرانی دەڵێت | لەتیف فاتیح فەرەج | شیعر | ٧٨٥ |
| ١٤ | دەروازەكە | و. عەلی حسێنی | شیعر | ٧٨٦ |
| ١٥ | پەیكەرێك لە تۆزی دەباشیر | جەبار جەمال غەریب | رۆمان | ٧٨٧ |
| ١٦ | شلۆمۆ كوردە و من و رۆژگار | و. جەلیل كاكەوەیس | رۆمان | ٧٨٨ |
| ١٧ | كێشەی زمانی ستانداردی كوردی | عەلی سدیق | دیدار | ٧٨٩ |
| ١٨ | درامایەك لە پاركێكدا | و. عەبدوڵڵا قادر (دانساز) | چیرۆك | ٧٩١ |
| ١٩ | مێژووی گریان | سەلاح حەسەن پاڵەوان | لێكۆڵینەوە | ٧٨٣ |
| ٢٠ | روانین لە دەق | د. تاهیر محەمەد عەلی د.قومری سەعید عەزیز | لێكۆڵینەوە | ٧٨٤ |
| ٢١ | گفتوگۆ | و.شۆرش محەمەد | دیدار | ٧٩٠ |